کۆمەڵە چیرۆک

# قۆپی



نووسینی:

## عەزیز نەسین

وەرگێڕانی

کامیل محەمەد قادر

کۆمەڵە چیرۆک

# قـــــۆپـــی

عەزیز نەسین


کتێبی
PDF
Ktebi_PDF
238
posts
19.2k
followers
7
following
Promote
Edit Profile
پەرەی فەرمی 📚 کتێبی PDF 📚
Public Figure
لێرە
باشترین و بەسودترین و پڕ خوێنەرترین کتێبەکان
بە خۆڕایی و بە شێوەی PDF داگرە
Ganjyna
لینکی کتێبەکان 👇 ئەم لینکە بکەرەوە بۆ داگرتنی کتێبەکان
drive.google.com/folderview?id=1gk8e3nSJGJLu36xeLUjwdbjgTSVslbo_
Ktebi_PDF
با لێبوردە بێت
سەحەر
ژیانی پێغەمبەران

کۆمەڵە چیرۆک


# قۆپی

نووسینی عەزیز نەسین

وەرگێڕانی کامیل محەممەد قادر

چاپی یەکەم

٢٠١٤



## پێشەکی

نازانم چۆن‌و لەکەیەوە دەستم دایە خوێندنەوەی چیرۆکەکانی عەزیز نەسین، هەر ئەوەندە ئەزانم لەگەڵ ئاشنای ئەلف‌و بێی کوردی بووم، توانیم بەکوردی شت بخوێنمەوە لەگەڵ چیرۆکەکانی ئەم نووسەرە گەورەیە ئاشنابووم.

هەرکات یەکێ لەچیرۆکەکانیم لەگۆڤارێکدا ئەبینی، ئیدی وشەبەوشە هەموویم ئەخوێندەوە، ئەوەندەم ئەخوێندەوە هەموویم وەك ناوی خۆم لەبەر ئەکرد، ئێستاشی لەسەر بێ هەموو ئەو چیرۆکانەی ئەوکاتانە خوێندومەتەوە لەبیرم ماون.

چیرۆکەکانی عەزیز نەسین گەرچی کورتن بەڵام پڕ ماناو بەچێژن، زۆرکات بیر ئەکەمەوە باشە ئەو پیاوە بەو تەمەنە کورتەوە چۆن توانیویەتی ئەو هەموو چیرۆك‌و ڕۆمان‌و هەزاران بابەتی جۆراو جۆرە بنوسێ، هەتا ئێستا بڕوا ناکەم هیچ کەس بزانێ چەند چیرۆکی هەیە، چونکە بۆ خۆیشی دان بەوەدا ئەنێ کە نازانی چەند چیرۆکی هەیە.

چیرۆکەکانی عەزیز نەسین هەموویان باس لەژیان‌و ناخی ناو کۆمەڵ ئەکەن، بۆیە هەرکات هەرکام لەچیرۆکەکانی

سالی (۱٥٦٣)

ئەخوێنینەوە وادەزانین پاڵەوانی چیرۆکەکە خۆمانین، ئەمەش نیشانەیە بۆ زیندویی چیرۆکەکان، هەر ئەوەش وایکردووە لەهەر کات و هەر شوێنێك چیرۆکەکانی بخوێندرێتەوە وا دەزانرێ لەو جێگایەدا روویداوە.

وەرگێڕ

# تەکسی پێنج قروشی

هـەتا شـۆفیری تەکـسیەکە وتــی "کوروتولـوش" بـەخێرایی دەسکی دەرگای ئۆتۆمبیلەکەم گرت و ویستم بیکەمـەوەو سـوار بم. بەڵام هەرچیم کرد نـەمتوانی دەرگاکـە بکەمـەوە، دەسـکی دەرگاکە نەدەسوڕا.

شۆفیرەکە هاواری کرد:

-بەلای چەپا بایدە.

بەلای چەپدا بامدا بەڵام سودی نەبوو، شۆفیرەکە هاواریکرد:

-ئـەهای مامـە چـی ئەکـەی؟ دەسـکی دەرگاکـەت شـکاند، کردنەوەی دەرگای ئۆتۆمبیل خۆ کارێکی گران نییە.

لەپـشتی تەکـسیەکەوە چـەندان ئۆتـۆمبیلی بـچوك و پـاص وەسـتا بـوون و هۆڕنیـان لێ ئـەدا، پۆلیـسێکی هاتوچۆیش هـەر خەریکی فیکـە لێدان بـوو، عـارەق بەهـەموو لایـەکی جەسـتەما ئەهاتــە خــوار، هێــشتاش خــەریك بــووم لەگــەڵ دەســکی



ئۆتۆمبیلەکە شەرم ئەکرد.

شۆفێرەکە دوو سێ جنێوی باشی لەژێر لێوەوە پێدام، لەکاتێکدا دەستی درێژکرد لەدواوە دەرگاکە بکاتەوە وتی:

-ڕووی هەرچی دێهاتییە سپیت کرد، بابە هێشتا ڕاست و چەپی خۆی ناناسێ و ئەیەوێت سواری سەیارە بێت.

دەرگاکەی کردەوە منیش سوار بووم، تەکسیەکە جگە لەمن دوو سێ کەسی تری تێدا بوو، کەوتە ڕێ، بەڵام شۆفێرەکە وازی نەدەهێناو ئەیوت:

-بەقوربانی خودا بم، لەگەڵ چ جۆرە مرۆڤێکدا ئەژین، حەیف بۆ ئەو نانە گەنمەی ئێوە بەخەساری ئەدەن.

من ڕەوشتێکم هەیە ئەگەر تاوانبار بم، کابرای بەرامبەر هەرچی بڵێ وەڵامی نادەمەوە، شۆفێرەکە کەدیار بوو لایەکی دیکەی دێشێ و بەسەر مندا ئەیبارێنێ و نەفەرەکانیش قاقا پێدەکەنین، وتی:

-مرۆڤێکە نەتوانێ دەرگای سەیارە بکاتەوە بۆ ژێر گڵ باشە.

منیش کە لەشەرما هەموگیانم بوو بوو بەئاو لەدڵی خۆمدا وتم:

-حەقیەتی هەرچی دڵی پێ خۆشە با بیڵێ.

نەفەرەکان هەموویان بەیەکەوە هەقیانەدا بەشۆفێرەکە، کەسێکی قەڵەو کە لەپشتی منەوە دانیشتبوو وتی:

-هۆکاری ئەوەیە بەدیقەتەوە سەیری شتەکان ناکەن.
پیرەژنێك قسەکانی ئەوی راستاندو وتی:
-بەڵێ گیانەکەم ئەو کارانە بەگەورەو بچوکی نییە، هەندێ کەس هەن شعوریان نیە.
شۆفیرەکە قسەکانی پیرەژنی بەدڵ بوو وتی:
-کەسێك شعوری نەبوو، بوونی لەناو کۆمەڵگادا زیادەیە.
نەمدەزانی چییان وەڵام بدەمەوە، ئەترسام هەرچی بڵێم کوتەکێکی باش بخۆم، لەسەر شەقامی "ئەمین ئۆنۆ" پیاوە قەڵەوەکە ویستی دابەزێ، بەڵام هەرچی کرد دەرگای ئۆتۆمبیلەکە نەکرایەوە.
شۆفێرەکە قیڕاندی:
-کاکە گیان تۆیش بووی بەو دەی دەسکی دەرگاکە بەلای راستدا بسوڕێنە.
-کاکە گیان ناسوڕێ.
شۆفێرەکە هاواریکرد:
-تۆ خەریکی بەلای چەپدا ئەیسوڕێنی، کاکە بەلای راستدا بیسوڕێنە.
پیاوە قەڵەوەکە دەستی بەڕاست و چەپدا بادەدا بەڵام هەرچی ئەکرد دەرگای ئۆتۆمبیلەکە نەدەکرایەوە.
شۆفیرەکە خەریك بوو لەداخا ئەتەقی هاواریکرد:

-بابە ئەو خاوەن مردووەت شکاند، خۆ ئەوە کارێکی گران نییە، دەبێ لەدەرەوە بەلای چەپ و لەناوەوە بەلای ڕاستا بایدەی خۆی ئەکرێتەوە.

بەڵام دەرگا نەدەکرایەوە، هەر وەکو جادوویان لێکردبێ، شۆفیرەکە دەستی بردە دواوەو بەئاسانی کردییەوە.

پیاوە قەڵەوەکە دابەزی، منیش هەرچەند بۆ (کوروتولوش) ئەڕۆشتم، لەترسی ئەوەی نەوەکو لەگەڵ شۆفیرەکە ببێت بەشەڕمان دابەزیم.

لەسەر ڕێگاکە وەستام چاوەڕوانی ئۆتۆمبیلم ئەکرد، تەکسیەك هات و وتی: "کوروتولوش؟" خێرا ڕۆشتم و دەسکی دەرگاکەم گرت، وەکو ئۆتۆمبیلەکەی پێشتر دەسکی دەرگاکەم بەلای چەپدا سوڕاند دەرگا نەکرایەوە، بەلای ڕاستا سوڕاندم، دیسان نەکرایەوە، جارێکی دیکە بەهەموو هێزی خۆم کە وەخت بوو دەرگاکە لەبن دەربێنم، دەسکەکەم بادا بەڕاست و چەپدا دیسان نەکرایەوە، شۆفیرەکە هاواریکرد:

-کاکە ئەڵێی تازە لەدێهاتەوە هاتوویت، دەسکەکە ڕاکێشە بۆ سەرەوە.

دەرگاکەم کردەوەو سواربووم، ئێستا ئیدی نۆرەی ئەم شۆفیرە بوو دەستی پێکرد:

-هەرکەس لەدایکی ئەتۆرێ دێتە شار، ئەوانە ئەبێ سواری

کەر بن، ئەوانە لەکویّو ئۆتۆمبیل لەکویّ!!!

نەفەرەکانیش لەگەلّ ئەو یەکیان گرت و هەرچییان پێخۆش بوو بەمنیان وت.... لەترسا دەنگم دەر نەهات وتم نەوەك دابارنە سەرم و لێدانێکی باش بخۆم.

لە"کاراکوای" کەسێك ویستی دابەزێ بەلاّم هەرچی کرد نەیتوانی دەرگاکە بکاتەوە، شۆفیرەکە هاواریکرد:

-رایکێشە بۆ سەرەوە کاکە گیان.

نەفەرەکە دیار بوو یەکێ بوو لەشەقاوەکان بۆیە وتی:

-دەستت لەبنا نەبڕاوە خۆت بیکەرەوە.

شۆفیرەکە دەستی برد دەرگاکەی کردەوە، بۆ ئەوەی شۆفیرەکە داخی ئەو بەمن نەڕێژێ، وتم تا دەرگاکە کراوەیە وا باشە دابەزم.

دابەزیم بەهەر کولە مەرگییەك بوو تەکسیەکی ترم دەستکەوت، دەسکی دەرگاکەم بەڕاست و چەپدا بادا نەکرایەوە رامکێشا دیسان نەکرایەوە.

شۆفیرەکە هاواریکرد:

-پالّی پێوە بنێ برا.

منیش وتم:

-پالّ بەکوێوەی بنێم؟

-بەدەسکەکەیەوە، سەیرکە ئەلّێی تازە بارە کاکەی

فرۆشتوەو هاتۆتە شار.

بەهەموو هێزم پاڵم پێوەنا "تەق و هوڕ" هەستا بەڵام دیسان نەکرایەوە.

شۆفێرەکە هاواریکرد:

-مامەگیان بۆچی پاڵ بەدەرگاکەوە دەنێی؟ پاڵ بەدەسکەکەوە بنێ.

سوپاس بۆ خوا ئەمەیان ئۆتۆماتیک بوو، خێرا کرایەوەو سواربووم، بەڵام شۆفێرەکە لەوان دەم پیس تر بوو وتی:

-ئێمە دەبێ شارستانیەت فێری نەفەرەکانمان بکەین، بەدبەختی لەوەدایە هەندێکیان ئەوەندە کەلەیان پروتە، هەرچییان پێدەڵێن حاڵی نابن، لەمکاتە شۆفێرەکە قسەکانی بڕی بەو کەسەی لەلای دەستیەوە دانیشتبوو وت:

-دەرگای لای تۆ کراوەیە.

کابرا دەرگاکەی کردەوە بەهێواشی پێوەی دایەوە، بەڵام دیسان دا نەخرا.

شۆفێرەکە هاواریکرد:

-چییە؟ کاکە ئەڵێی نانت نەخواردوە، دە قایم دایخە.

ئەمجارە کابرا ئەوەندە بەتوندی دەرگاکەی پێوەدا، شۆفێرەکە مەترێك چوو بەئاسماندا و هاواریکرد:

-ئەوە چییە کاکە خوا عەفوت کا، خەریکە بۆ پێنج قروش

دەرگای ئۆتۆمبیلەکە ئەشکێنی، کاکە خۆ ئەوە دەرگای قەڵا نییە دەرگای ئۆتۆمبیلە، نابێ بەو جۆرە دایخەی.

پرتەو بۆڵە لەنێوان شۆفیرەکەو نەفەرەکەدا روویدا، نەفەرکە ویستی دابەزێ، دەسکی دەرگای بەڕاست و چەپدا بادا نەکرایەوە، سەر ئەنجام هەر چۆن بوو دەرگای کردەوەو دابەزی، منیش وتم چونکە دەرگا کراوەیە واباشە منیش دابەزم، بەخێرایی دابەزیم.

دوای وەستانێکی زۆر تەکسیەکی دیکە هات، بەر لەوەی سوار بم پرسیم:

—بۆ کوروتولوش ئەچی؟

—بەڵێ، فەرموو سواربە.

لەترسی ئەوەی نەوەک وەکو ئەوانی دیکەم لێببێت، لەشۆفیرەکەم پرسی:

—بەرەو کام لا رایکێشم؟

شۆفیرەکە هەر وەکو جنۆکەی لەحەماما دیبێ سەری سوڕماو وتی:

—ئەوە خۆ پرسیاری ناوێ برام، بەرەو خۆت رایکێشە.

—ئاخر هەرکامتان قسەیەك ئەکەن، هەر یەکەو بەجۆرێك دروستی ئەکەن.

شۆفیرەکە لەو قسەیە توڕە بوو وتی:



-خۆ قومبەلە دروست ناکەین، هەر شاگردێك ئەزانێ کەوا"سەیارەی فۆرد بەلا چەپداو شۆفرلێت بەلای راستاو، مارسیدس بەرەو ناوەو، هێلمین بەرەو خۆت رای بکێشی، فیاتیش بەرەو سەرەو رایکێشی."

شۆفیرەکە وەکو قوتابیەك چۆن وانەیەکی باش لەبەر بێ هەستێ لەسەر تەختە بۆ مامۆستا بلێ، بەو جۆرە جۆرەکانی ئۆتۆمبیلی شی ئەکردەوە.

یەکێ لەنەفەرەکان وتی:

-دەی بۆچی هەموویان وەکو یەك دروست ناکەن؟

-شتی وا چۆن دەکرێ براکەم، هەر جۆرێکیان هی ولآتێکە، هەر نەتەوەیەکیان کلتورێکیان هەیە، حەز دەکەن بەلایەکدا بایدەن.

زمانی بێ خاوەن، کە تا ئەوکاتە بەهەر قورپ بەسەرییەك بوو رام گرتبوو، هاتە گۆ:

-دەی گوناهی ئێمە چییە ئەبێ بەسازی هەموویان سەما بکەین؟

شۆفیرەکە خەندەیەکی تایبەتی کردو وتی:

-هە..هە... هە... توێکلێ شوتی فرە مەدە بەر پێمان، ئێمە ژن و مندالمان هەیە، دەمانەوێ لەم رێگەیەوە نانێك پەیدا بکەینو خەرجی ژنو مندالەکانمان بدەین.

یەکێ لەنەفەرەکان کە دیار بوو سەرو سەودای لەگەڵ کارێکدا هەیە وتی:

-ئێوە بۆچی فێر بوون قسەی بێجا ئەکەن؟

یەکێ لەنەفەرکان لە "تەقسیم" ئەیویست دابەزێ، کاتێ ویستی دابەزێ لەدەرەوە دەنگێکی سەیری لێ بەرز بوەوە:

-ئاخ... وای.. ئامان.

-ماڵی خاوەنی وێران بێ، هەر وەك سەگ گاز ئەگرێ.

شۆفیرەکە دەستی کردە پێکەنین و پێی نا بە بەنزینداو وتی:

-کەسێك نەتوانێ سواری ئۆتۆمبیل بێ، مردنی باشترە لەبوونی.

لەبەر ئەوەی ئەمەش کرابویەوە، ویستم دابەزم و باقیەکەی بەپێ برۆم، لەناو رێگا خێرا خێرا یەك لەدوای یەك تەکسی ئەوەستاو ئەیوت:

-کاکە بۆ کوێ ئەڕۆی؟

منیش یان بەنەخێر یان بەسەر وەڵامم ئەدانەوە کە ناڕۆم، لەکۆتایدا ئۆتۆمبیلێك وەستاو وتی:

-کوروتولوش ئەڕۆی؟

تەماشایەکی شۆفیرەکەم کرد، پیاوێکی بەتەمەن بوو، لەدڵیی خۆمدا وتم ئەمە ئیتر رەنگە جنێو نەدا، لەناو ئۆتۆمبیلەکەش سێ کەسی تری تیا بوو لەشۆفیرەکەم پرسی:



–ئۆتۆمبیلەکەی تۆ چ جۆرێکە؟

شۆفیرەکە هەر وەك قسەی ناشیرینت پێ وتبێ، وتی:

–بۆ کاکە بە پێنج قروش ئەتەوێ بیکڕی؟

–نەخێر کاکە بۆ ئەوە نالێم ئەمەوێت بزانم دەرگاکەی چۆن ئەکرێتەوە؟

–دەی پاڵی پێوە نێ بۆ ناوەوە.

بەلام ئەم ئۆتۆمبیلە دەسکی نەبو، منیش نەمدازانی دەبێ پاڵ بەکوێوە بنێم.

شۆفیرەکە هاواریکرد:

–دە یا للە گیانەکەم.... وەرە سەرەوە...

بەدەست و بەقاچ خۆم نوساند بوو بەدەرگاکەوەو پالم پێوە ئەنا...شۆفیرەکەش لەناوەوە یارمەتی ئەدام، یەکێ لەنەفەرەکانیش کە لەلای دەرگاکەوە دانیشتبوو یارمەتی ئەداین، هەر چۆنێ بوو دەرگا کرایەوەو سوار بووم.

بەلام هەرچیم کرد دەرگاکە دا نەخرا، بەهەمووم هێزم دەرگاکەم پێوەدا.

شۆفیرەکە دەستی کردە قڕە قڕو وتی:

–پەنجا هەزار لیرەم داوە بەم تەکسیە، بەساڵێك هەڵیان وەشان ئەم خەلکە هەر بۆ ئەوە باشن "عارەبانەو ئەسپ" بیخەیتە ژێر پێیان.

گەیشتینە (کوروتولوش) ئۆتۆمبیل وەستا نەفەرێك كە لای دەرگاکە دانیشتبوو ویستی دەرگاکە بکاتەوە، بەڵام هەرچی زۆری لێکرد نەکرایەوە.

من کە لەشۆفیرەکانی پێشتر فێر بوو بووم وتم:

–بەلای راستا بەلای چەپدا بەرەو خۆت رای کێشە پاڵی پێوە بنێ.

نەفەرێکی تر یارمەتیدا سێیەم چوارەم بەڵام بێ سود بوو، شۆفیرەکەیش هاتە یارمەتیمان دیسان بێ سود بوو، هەموو دەرگاکانمان تاقیکردەوە بەڵام هیچیان نەکرانەوە، هەمووان زیندانی بووین، شۆفیرەکە کە وەکو لولەی مەسینە ئاوی پیا ئەهاتە خوار، دوو سێ جنێوی حەواڵەی هەر یەکەمان کرد، هەرکەسەو بەهەموو توانایەوە لەدەرگایەکی ئەنەوێ، بەلام ئەوەش بێ سود بوو.

لەپشتی ئێمەوە سی چل ئۆتۆمبیل وەستا بوون و هۆڕنیان لێ ئەدا، پۆلیسی هاتوچۆ هاواری کرد:

–بکەوە رێ بجوڵێ.

یەکێ لەرێبواران چاکەتەکەی داکەندو خەریك بوو دەرگای بۆ ئەکردینەوە، یەکێ لەنەفەرەکانمان ژن بوو هاواری لێ هەستا:

–فریامان کەون....

هەرکەس گوێ لێبوایە وای ئەزانی خەریکە منداڵی ئەبێ بۆیە

هـاوار ئـەکات، خـەڵکێکی زۆرمـان لێ کۆبـوەوەو هەرکەسـەو قسەیەکی ئەکرد:

—چی بوە؟

—کەسێك بوە بەژێرەوە؟

—ئەی دەعمیان کردوە؟

شۆفێرەکە هاواریکرد:

—نە کاکە... لەناو ئۆتۆمبیلەکـەدا ماوینەتـەوە، دەرگاکانمان بۆ ناکرێتەوە. ژنەکە هاواریکرد، شۆفیرەکەش جنێوی بەخـەڵکی بێکارو بەتاڵ ئەدا کە کۆبونەتـەوە، رێبوارەکـانیش پێدەکـەنین، تا ئەوکاتەی یەکێ لەرێبوارەکان وتی:

—بەم شێوەیە نابێ... بڕۆن چەکوشێك بهێنن... یـەکێکی تـر وتی:

—چەکوش بەکەڵك نایەت، نوێڵێك بێنن.

شۆفیرەکە هاواریکرد:

—بۆچی ئەتەوێ بەرد بشکێنی؟ بەقورسایی تۆ پارەم پێداوە.

کەم کەم خەریك بـوو دونیـا تاریـك ئـەبوو، ئێمـە هـەروا لـەناو ئۆتۆمبیلەکەدا زیندانی بووین، شۆفیری تەکسیەکی دیکە وتی:

—برا بـەو شـێوەیە بـێ سـودە، بـڕۆ بـۆ لای وەسـتا (یونکا)، چـەند ڕۆژ لەمەوبـەر منـیش دووچـاری ئـەو دەردە بـووم، هەرچیمان کرد نەمانتوانی دەرگاکـان بکەینـەوە تـا چـوومە لای



وەستا (یونکا) ئەو کردیەوە.

بەرەو تەعمیرگاکەی وەستا (یونکا) ڕۆشتین، بەڵام ئەو دووکانی داخستبوو، کەسێکمان نارد بەدوایدا، دوو کاتژمێر تێپەڕی هەواڵێك لەوەستا نەبوو، لەناو ئۆتۆمبیلەکەدا خەریك بوو ئەتەقین، خودا ڕەحمی کرد وەستا هات ئەگینا حاڵمان خراپ ئەبوو. نیو کاتژمێر وەستا هێنایو بردی بەڵام نەیتوانی بیکاتەوە، پاشان وتی:

-بیبە بۆ لای (ئیبۆ)ی قوفڵ ساز.

چوین بۆ لای (ئیبۆ) ئەویش تەماشای دەرگاکەی کردو وتی:

-زمانەی دەرگاکە خراپ بووە.

-باشە چی لێبکەین؟

-بەشەو ناکرێ... ئەوە یەك ڕۆژ کاری ئەوێ.... بیبەرەوە سبەی بەیانی بیهێنە تا بۆت چاك بکەم.

دەستمان کرد بەپاڕانەوە:

-بیکە بەخاتری خودا ڕزگارمانکە.

-لانیکەم هەواڵ بدەن بەمێردەکەم کەمن لێرەم.

(ئیبۆ) بەزەیی پێمانا هاتەوەو دەستی کرد بەکار، نزیکەی نیوە شەو دەستی لەکار هەڵگرت و وتی:

-ناکرێ... براکەم... ئەو قوفڵو زمانە کاتێ خراپ ئەبن، بەئاسانی ناکرێنەوە.



-باشه بڵێ ئەبێ ئێمه چی بکەین؟

-لەجامەکانەوه وەرنه دەرەوه.

سەرەتا نۆرەی خانم بوو، سەری لەجامەکەوه بردە دەرەوه، کۆمەڵێك لەدەرەوه رایان دەکێشا، ئێمەش لەناوەوه پاڵمان پێوه ئەنا، هەرچۆنێك بوو ئەو چوه دەرەوه.

دوای ئەو من هاتمە دەرەوه... خەریك بوو هەناسەم لێ ئەبڕا، بەیارمەتی خەڵك دابەزیم و رزگارم بوو، لەدوای منەوه کەسێکی قەڵەو ئەبویست دابەزێ، کابرا تا پشتوێنەی هاتبوه دەرەوه، بەڵام لەناوەڕاستدا گیری خواردبوو، بێچارە هاواریکرد:

-وازم لێ بێنن بڕۆمەوه ناو ئۆتۆمبیلەکە نامەوێت دابەزم..

بەڵام نە ئەیتوانی بچێتە ناوەوه نەئەیشی توانی بێتە دەرەوه، منیش زۆر دوا کەوتبووم، دەبوایە ماوەیەك لەگەڵ دایکی منداڵەکان شەڕ بکەم، بۆی روون بکەمەوه کە تا ئێستا لەکوێ بووم.

بەخێرایی بەرەو ماڵ بومەوه.... نەمدەزانی حاڵی ئەو داماوه بەکوێ گەیشت، بەڵام من پەیمانم بەژنەکەم دا کە ئیدی بۆ لەمەودوا سواری تەکسی پێنج قروشی نەبم، شەوانه تا (کوروتولوش) بەپێ بڕۆم....

کۆتایی

## زاوای... ماڵی

لەماڵی ئێمەدا جگە لەخەزورم هەمووان منیان خۆش ئەوێ، لەرۆژی یەکەمەوە هەرچیم کرد نەمتوانی خۆشەویستی خەزورم بەدەست بێنم.

دووساڵە لەگەڵ کچەکەی هاوسەرگیریمان کردووە، ژنەکەم بەئەندازەیەك خۆشی ئەوێم، هەمیشە بەدەورمدا دێت، بەردەوام بە"خۆشەویستم" بانگم ئەکات.

خەسووم ژنێکی باش و میهرەبانە.... خودا بیپارێزێ، ئەوەندە منی خۆش ئەوێ، هەرکات بیەوێت بانگم بکات، بەجوانی ناوەکەمی بۆ نایەت بەدژواری ئەلێ: " زاوا.... زا..وا....کەم"

من زاوایەکی ماڵیم، ئەگەر بڕیار بێ گەورەترین پیاوی مێژوو هەڵبژێرن، من بێ ڕکابەرم....

ژنەکەم بەئەندازەیەك ناشیرینە، ئەگەر ئاوی ژیانیشی



بخواردایەتـەوە، بێگومـان تـا دونیـا کۆتـایی ئـەهات مێردێکی دەست نەدەکەوت...

بـەبڕوای تـۆ کەسـێك ئامـادەبێ لەگـەڵ بونـەوەرێکی وادا زەماوەند بکات، شایەنی ئەوە نیـە نـاوی پاڵـەوانی مێـژووی لێ بنێت؟

خەڵکی چی دەربارەی ئـەم هاوسـەرگیرییە ئـەڵێن، گـەردنیان ئـازاد بـێ، پوختـەی کارەکـە ئەوەیـە، خـەزورم خانویـەك و ئۆتۆمبیلێکی کوتا مۆدێلی بۆ کچەکەی کڕی!!.

هەڵبەت خەزورم هیچ پەیوەندییەکی بـەو مامەڵەیـەوە نـەبوو. ئـەو بـڕوای وابـوو، دەبـێ زاوای داهـاتووی ئەنـدازیارێك یـان بازرگانێکی گەورە بێ، یان لانیکـەم بەڕێوەبـەرێکی گشتی بێ، بـەڵام بەفـەرمانی خەسـوم، ئـەویش لەبـەرخاتری کـچەکەی، کەبەتـەواوی هـۆگری شـان بـاهوو چـاوی سـەوزو مـوی رەش و رەنگی گەنمی بەندە بوو، ناچار بەو کارە بوون.

ئەوەش بڵێم منیش جگـە لـەو قیافـە هـیچ هونـەرێکی دیکـەم نەبوو، لەبەر ئەوە پێشنیارەکەی ئـەوانم قبـوڵکرد، ئامـادەبووم بەرگەی ئازاری خۆشەویـستی ئـەو ژنـە ناشـیرینە لەبـەر خـاتری سەروەت و سامانەکەی بگرم.

بـەڵام نەخـشەکانی ئێمـە هەمیـشە وەك خـۆی دەرنایـەت، کێـشەی گـەورەم ئـەوەبوو دەبوایـە ئـاداب و شـێوازی ژیـانی



مۆدێرنی کەس و کاری ژنەکەم فێربم، هەمیشە ئاداب و ڕێو ڕەسمی کۆبونەوەکان فێربم.

ناچار بووم لەکاتی قسەکردن وەکو ئەوان دەم بچوك بکەمەوە. ئای بەحاڵم ئەگەر ڕۆژێ ماچکردنی دەستە چرچ و ڕەقەکانی خەسوم لەبیر بکردایە. یا خودا نەخواستە وشەی "مامی"م لەسەرەتا قسەکانمان لەبیر بچوایە.

گرفتی دووەم ئاکاری خەزورم بوو، هەر کارێکم کرد، ئەستێرەمان پێکەوە جووت نەبوو، جیاوازییەکانمان هەر لەڕۆژی یەکەمەوە دروست بوو، کاتێ خەزورم پێشنیاری کرد کار بکەم. من ئەو هەموو دەردەسەریانەم بۆیە قبوڵ کرد باسی کار نەکرێ..

بۆ من چوونە ناو ئاگرو تەنوور لەوە باشتر بوو بچمە سەر جێگەی هاوسەرەکەم، ئەو نارەحەتیەش قبوڵ بکەم و کاریش بکەم! ئەوە ڕاست نیە، ناکرێ هەموو قسەیەکی ڕاست و ڕەوان بوترێت.

بڕیار بوو کارێکی باش و شیاو بۆ زاواکەیان بدۆزنەوە، فرۆشگایەکیان بۆ کردمەوە، پارەکانم خوارد، بازرگانیان بۆ ڕێکخستم شکستم هێنا. کردمیانە نوێنەری دەرەوەی خۆیان ئەویشم تێکدا، سەر ئەنجام هەر کارێکیان بۆ ئەدۆزیمەوە مانگێك زیاتری نەدەخایاند خراپم ئەکرد.



تا ئەوەی کەوتنە بیری ئەوەی لەفەرمانگەیەك شوێنێکی شیاو و ئابڕومەندانەم بۆ بدۆزنەوە، وەك بەڕێوەبەرییەك یان جێگری بەڕێوەبەر، منیش بەوە رازیبووم.

ئەمجارەش دۆست و ئاشنایی خەزورم کاری خۆی کرد، بەمووچەیەکی باش بەجێگری (جاهید بەگ) دامەزرام.

زۆر بەدوایدا مەچۆ، لەکام فەرمانگەو بەچ هۆکارێك بوومە جێگری بەڕێوەبەر.

خۆشیەکەی لەوەدا بوو، من لەرووکەشدا دژایەتیم ئەکرد، بەڵام لەبەر خاتری خەزورم، بەهەرحاڵ لەدوای مەرگی خانوو ملیۆنان پارە بەمن ئەگات، رازی بووم ببمە جێگری "جاهید بەگ" ئەوان بۆیە ئەمکارەیان کرد بەڵکو ببمە پیاوی ژیان شتێك فێر بم".

جاهد بەگ پیاوێکی سەیر بوو. لەفەرمانگە هیچکەس ناوی راستەقینەی ئەوی نەدەزانی هەمووان ئەویان بە"کارەکەری ئێوە یان غوڵامی ئێوە یان خۆشەویستی ئێوە" ئەناسی.

کارمەندەکان هەرکات بیانویستایە دەربارەی قسە بکەن لەیەکیان ئەپرسی:

–کارەکەری تۆ هاتوە؟

–غوڵامی تۆ هاتووە؟

من لەرۆژی یەکەمەوە مانای ئەم قسانەم نەدەزانی، لەبەر

ئەوە لەکاتی خۆیدا گەیشتمە فەرمانگەو پرسیم:

-غولامی ئێوە هاتووە؟

-بەڵێ ماوەیەکە بەرێزیان هاتوون.

رۆژی دواتر کەمێ زوتر هاتم بۆ فەرمانگەو لەدەرگاوانم پرسی:

-کارەکەری ئێوە هاتووە؟

-بەڵێ ماوەیەکە هاتووە.

رۆژی دواتر پێش لەکاتژمێری کار چووم بۆ فەرمانگە، لەدەرگاوانم پرسی:

-نۆکەری ئێوە هاتووە؟

-بەڵێ لەزووەوە هاتوەو کارەکانی ئەنجامداو رۆشتە دەرەوە، چیی بڵێم؟ هەرچەندە من زوتر بهاتمایە ئەو زوتر هاتبوو یان کارەکانی ئەنجام ئەدا یان فەرمانەکانی بۆ من بەجێ هێشتبوو خۆی رۆشتبوە دەرەوە. ئەوە زۆر خراپ بوو کە جێگر لەدوای بەرێوەبەرەکەی بێت بۆ فەرمانگە، بەلام گوناهی من چی بوو؟ هیچکەس مرۆڤێکی ئاوا کار دروستی نەدیوە.

لەهەفتەی دووهەمدا رۆژێك خزمەتکارێك هەواڵی پێمدا:

-غۆلامی ئێوە کاری پێتانە.

بەپەلە بەرەو ژوورەکەی بەرێوەبەر رۆشتم، بەرێوەبەر وتی:

-کوڕی باش تۆ هاتووی لێرە فێری کار بیت نەك لێرە دەست



بەتاڵ دانیشی.

بەجوڵانەوەی سەر قسەکانیم پەسەند کرد، ئەو بەردەوام بوو:

-ئەمەوێت شێوازی کارکردنت فێربکەم... سبەی بەیانی زوو وەرە...

لەگەڵ ئەوەی کاری فەرمانگە لەکاتژمێر "٩"وە دەستی پێدەکرد، سبەی بەیانیەکەی بەر لەخۆر هەڵهاتن ڕۆشتم بۆ فەرمانگە، غوڵامی ئێوە هاتبوو لەناو ئۆتۆمبیلەکەدا چاوەڕوان بوو، منیش چومە تەنیشتی دانیشتمو کەوتینە ڕێ.

"غوڵامی ئێوە" لەناو ڕێگەدا دەستی کردە قسەکردن، بەجۆرێك قسەی ئەکرد شۆفیرەکە گوێ لێ نەبێ:

-من ئیدی پیر بووم... ئێستا ئیدی نۆرەی تۆیە کارو بار بەدەستەوە بگری.... ئەم وڵاتە لەسەر دەستی ئێمە بەرەو پێش چووە.... ئەمڕۆ جوان وردبەرەوە بزانە من چی ئەکەم، سبەی ئەو کارانە ئەنجام بدە...دڵنیابە لەژیاندا سەرکەوتوو ئەبی.... من تەنانەت خوێندنەوەو نووسینیش نازانم.... چەند ساڵ لەمەوبەر دەرگاوان بووم بەڵام چون ڕێو ڕەسمی ژیان باش فێر بووم، گەیشتمە ئەم پلەیە کە تۆ ئەیبینی.. ئۆتۆمبیلەکە لەبەردەم باڵەخانەیەکی گەورە وەستا، غوڵامی ئێوە وتی:

-چاو گوێت باش بکەرەوەو فێربە....

کاتێ زەنگی دەرگاکەی لێدا تەماشایەکی سەرتاپای منی

کرد.

غولامی ئێوە بەکارەکەرێك کە دەرگای کردەوە وت:

-ویستم بەخزمەت جەنابی "تکری بەگ" بگەم... بڵێ نۆکەری ئێوە هاتووە.

چەند خولەك دواتر پیاوێك بەبیجامەوە هاتە دەر، دەرکەوت تازە لەخەو هەستاوە، بەروخساری خەوالآویەوە پرسی:

-چی بووە؟

جەنابی سەرۆك لەحالێکدا دەستی دەدا بەیەکدا وتی:

-کارەکەری ئێوە ماوەیەکە لەدیدارتان دوورەو، نەمتوانیوە بەخزمەتتان بگەم، زۆر نیگەران بووم وتم نەك خوا نەکردە توشی شتێك هاتبی، یان خودا نەخواستە ئەم نۆکەرەتان هەڵەیەکی کردبێ؟ غولامی ئێوە هەمیشە دەست لەسەر دەست ئامادەیە بەهەر جۆرێك پێتان خۆشبێ فەرمانەکانتان جێ بەجێ ئەکەم، خوای گەورە سێبەری ئێوە لەسەرمان هەڵنەگرێ.

جاهید بەگ ئەم قسانەی یەك بەدوای یەكو زۆر بەرێكو پێکی ئەکرد، زۆری نەمابوو فرمێسك بەچاوەکانمدا بێتە خوارەوە.

ئەو پیاوەی بەبیجامەوە هاتبوە دەرەوە، سەری را ئەوەشاندو زەردەخەی ئەکرد، کاتێ قسەکانی سەرۆکەکەی ئێمە تەواو بوو، بەئارامی وتی:

-زۆر سوپاس، کارەکان باشن... جارێ هیچ کارێکم

نییە...پاشان لەژێرەوە تەماشایەکی منی کرد، جاهید بەگ خێرا

منی پێناساند:

-نۆکەری ئێوە جێگری منە.

کابرا پێکەنینێکی تایبەتی کردو سەری بادا، جاهید بەگ چەند رستەی دیکەی گووت و کاتی ماڵئاوایی دەست گۆشتنەکانی ئاغای ماچ کردو کەوتینە رێ.

چوینە ماڵێکی دیکە "غولامی ئێوە" زەنگی لێداو هەمان قسەکانی پێشوی بەخاوەنی ئەم ماڵەش وت و پاشان منی پێناساند.

ئێمە ئەو رۆژە بۆ چەند ماڵێک رۆشتین "غولامی ئێوە" لەهەموو ماڵەکان هەمان قسەی دووبارە ئەکردەوە، پاشان گەڕاینەوە بۆ فەرمانگەو، چوینە ژوورەکەی سەرۆک و دەرگاکەمان داخست.

جاهید بەگ لیستێکی گەورەی لەچەکمەجەی مێزەکەی دەرهێناو "دە" ناوی بۆ سەردانی سبەی دیاریکرد.

ئەم رۆژانە سەری لەدە ماڵ ئەدا، لەبەرئەوەی گەورەکانی وڵات ئەوەندە زۆر بوو، دوو سێ مانگ جارێ سەرەیان ئەگەیشت.

بڕیار بوو من قسەکانی سەرۆک بنوسمەوەو لەبەریان بکەم.
پاشان هاتە سەر رۆژنامە خوێندنەوە، نۆکەری ئێوە کاری

بەهـەواڵ و مقالـەو ئەوشـتانە نـەبوو، تـەنها ئـەو لاپەڕانـەی ئەخوێندەوە کە تایبەت بوو بەمردن و تەعزێ نامە، وشە بەوشە ئەیخوێندەوەو بەراوردی ئەکرد.

یـەکێ لـەو ئاگادارییانـە زۆر گـرنگ بـوو خێـرا دەفتـەری یادەوەری دەرهێناو نوسییەوە، پاشان تەلەفۆنەکەی هەڵگرتو لەگەڵ چەند کەسێ قسەی خۆی کردو بچووکی خۆی نیشاندا.

پاش نیوەڕۆ بۆ ئەسپەردەکردنی جەنازەیەك کە لەرۆژنامـەدا بڵاو کرابوەوە رۆشتین.

"جامید بەگ" قیافەی خاوەن تەعزێی نەدەناسی لەخـەڵکانی تری پرسی.

-کوڕی گـەورەی کۆچـکردوو پلەیـەکی بـەرزی هـەبوو، کـاتێ ئەوی بینی خۆی بەجۆرێکی تایبەت لێکردو بەرەو رووی رۆشت، هێشتا دوو سێ هەنگاوی مابوو بیگاتێ بـەدەنگی بـەرز دەسـتی بەگریان کرد:

"بەهۆی رۆشتنی تۆوە ژیانمان لێ شێوا...."

بـەجۆرێك ئـەگریا سـەرنجی هـەموو ئامـادەبوانی راکێـشا، وا ئـەگریا هـەموان تەرمەکـەیان بەجێهێـشتو لـەدەوری ئـەو کۆبونەوە.

لەگریەو ناڵـەی ئـەو قیامـەتێ پەیدا بـوو، خـاوەن تـەعزێکان دەستیان کردە زاریو شین بەڵام هـیچ کـام لـەوان، بەئەنـدازەی



"غۆلامی ئێوە" توند نەدەگریان، بەجۆرێك خۆی لەخاك وەردا و دەستەكانی بەدارە مەیتەكەوە گرت و بەسۆزتر دەستی كردە گریان:

-ئاخ دۆستی ئازیز بۆچی رۆشتی و ئەم نۆكەرەی خۆت تەنها بەجێ هێشت، چ رۆژگارێكی خۆشمان پێكەوە هەبوو ، پاش تۆ چۆن بتوانم بژیم، من تۆم لەگیانی خۆم خۆشتر ئەوێ، بریا من لەجێ تۆ بمردمایە، خودا بمكات بەقوربانت.

چەند كەس لەخاوەن تەعزێكان بەزەحمەت "جامید بەگ" یان گرت تا مەراسیمی بەخاكسپاردن ئەنجام درا، پاشان سواری ئۆتۆمبیلیان كردو بردیان، دوو سێ رۆژ دواتر "جامید بەگ" منی بۆ ژوورەكەی بانگكردو وتی:

-هاورێی خۆشەویستم گریەو زاری ئەو رۆژە كاریگەری خۆی هەبوو... من پلەم بەرزكرایەوە...

لەمرۆوە تۆ بەڕێوەبەری ئەم فەرمانگەیەیت، ئاگاداربە تەواوی ئەو دەستورانەی پێم داوی مو بەمو جێ بەجێ بكە.

بەڵام تەنها یەك رۆژ توانیم لەدوای ئەو بەڕێوەبەری بكەم، چونكە هەمان رۆژ كارەساتێكی سەیر بۆ من روویدا، كە بوە هۆكاری بەدبەختی من.

بەیانی بۆ ماڵی ئاغایەك كە لەدەفتەردا دیاریم كردبوو رۆشتم، هەمان قسەكانی جامید بەگەم دووبارە كردەوە.

کابرا پێکەنی بەگاڵتەجاڕییەوە وتی:

—خوادا بداتێ.... بڕۆ ماڵێك خوارتر.

زۆر نیگـەران بـووم، لەوانەیـە ئـەو وا هەسـتی کردبـێ مـن سواڵکەرم بەتوڕەییەوە وتم:

—من سواڵکەر نیم!

—ئـەزانم تـۆ بەڕێوەبـەری نـوێی فەرمانگـەی، لەبەرئـەوەی تازەکاری ژمارەی ماڵی ئەو پیاوەی ئـەو هـەموو ماسـتاوەت بـۆ کرد بەهەڵە لەبەر کردوە، ماڵی ئەو پیاوە خوارترە.

پاش نیوەڕۆ کارەکە خراپتر بوو، لـەناو ڕۆژنامـەدا ناونیـشانی مردویەك کە دەپازدە واژۆی سەر زلەکانی پێوە بـوو دۆزیمـەوە، هەرکە گەیشتمە سەر قەبران بەبێ پرسیارو جواب دەستم کـردە گریانو زاری:

"ئاخ..... خودا بمکات بـەقوربانت.... بۆچـی ڕۆشـتیو منـت بەتـەنها جـێ هێـشت... چ ڕۆژانێکـی خۆشمـان پێکـەوە گوزەرانـد.....لـەدوای تـۆ دڵ بـەچ شـتێ خۆشـکەم... مـن تـۆم لەگیانم خۆشتر ئەویست".

پاشان خۆم لەتەرمەکە نزیکردەوەو وتم:

"منیش لەگەڵ ئـەوا بخەنـە نـاو گۆڕەکـەوە، نـاتوانم بـێ ئـەو بژیم"

یەکێك بەلەقە کێشای بەکەلەکەمداو هەناسەم گیرا، هـەموان



دەستیان کرد بەتێ هەڵدانم، تۆ مەڵێ تەرمەکە هی ژنێکی جوانو لەخێزانی یەکێ لەدەستەڵاتدارانە، منی بێ مێشك کاتێ ناوی "عزت"م خوێندەوە وامزانی پیاوە.

سبەی بەیانی لەفەرمانگە دەریانکردم، بەدبەختی هەر بەوەندەوە نەوەستا، باسی لێدانەکەم بەرگوێ ژنەکەم کەوتبو، ئەویش وایزانی بوو لەگەڵ ئەو ژنەدا پەیوەندیم هەبوە، داوای تەڵاقی لێکردم.

ئێستا ئیدی نەکارم هەیە نەماڵ، ملیۆنان سامانم لەدەست دەرچووە، بەڵام لەدڵەوە نیگەران نیم، دڵنیام خودا رەحمی پێکردوم، بەختم هێناویەتی کە لەدەست هاوسەرێك بەو دزێوییە رزگارم بوە، لەهەر کوێیەك بم پارەو نانێك هەر پەیدا ئەبێ.

کۆتایی

# ئەمە هی کێیە؟

لەماڵەوە هەمووان بە "شپرزە" ناوم ئەبەن، دایکم، باوکم، خوشکم، هەمووان باس لەبێ سەرو بەرەیی من ئەکەن.

خۆیشم ئەزانم کارێکی باش نییە، زۆر هەوڵ ئەدەم مرۆڤێکی بەسەلیقە بم، بەڵام هەرچی کۆشش ئەکەم بێسودە.

بەیانیان دوو سێ کاتژمێر ئەبێ بەدوای کتێب و دەفتەرو شتەکانمدا بگەڕێم، هەر یەکەیان لەگۆشەیەکدا ئەدۆزمەوە.

دایکم زۆر خەفەت ئەخوات، بەردەوام سەرزەنشتم ئەکات:

–نازانم سەر ئەنجامی تۆ لەگەڵ ئەو بێ سەرو بەرەییە چی بەسەر دێ؟

منیش وەڵامی ئەدەمەوە:

–چیبکەم بەو جۆرە دروستکراوم.

دوێنێ بەیانی دیسان ئەم بابەتە سەری هەڵدایەوە، هەر چەند گەڕام کتێبو دەفتەرەکانم دیار نەبوون، باوکم دەستی کردە قیڕەقیڕ، دایە گەورەو بابەگەورەم لەماڵی ئێمە بوون، ئەوانیش

لەدەست شپرزەیی من نیگەران بوون.

تەنانەت خوشکەکەیشم چووبووە پاڵ ئەوان، ئەوەندە تووڕە بووم تەواوی شتو مەکی ناو کۆمیدیەکەم دەرهێناو بڵاوم کردەوە، بۆ ئەوەی بەجوانی ڕێکیان بخەم.

کاتێ کتێبەکانم دەرهێنا جوتێك گۆرەوی پیاوانەو سوراوێك و دوو کارتی پۆستم، لای کتێبەکانم دۆزییەوە.

بردم بۆ ژووری میوان، ئەوان هێشتا لەبارەی بێ سەروبەرەیی من قسەیان ئەکرد، گۆرەوییەکانم نیشاندان و وتم:

-ئەمە هی کێیە؟ لەناو کتێبەکاندا دۆزیمەوە؟

باوکم هاواری کرد:

-هی منە پێری دوو کاتژمێر بەدوایدا گەڕام نەمدۆزییەوە.

-ئەم سوراوە هی کێیە؟

ئەمجارە دایکم قیژاندی:

-خوا کوێرتکا هەتیو ئەوەت لەکوێ دۆزییەوە؟

-لەناو کتێبەکانمدا بوو.

کارتی پۆستەکانم دەرهێناو وتم:

-ئەمانە هی کێن؟

روخساری خوشکەکەم سور هەڵگەڕاو وتی:

-لەکوێ دۆزیتەوە؟ زۆر بەدوایدا گەڕام.

-لەناو کۆمیدیەکەی مندا بوو، مەترسە نەم خوێندۆتەوە...

ما بیگرە.

کتێبەکانم کۆکردەوە، قەڵەم و پاندان و لاستیکو شتەکانم دیار نەبوون، ویستم هەمو لایەك بگەڕێم، دایکم وتی:

-دیسان چیت ونکردوە؟ بەدوای چیدا ئەگەڕێی؟

-قەڵەم و شتەکانم دیار نین.

دایکم دەستی کرد بەقیڕەقیڕ:

-تەنانەت ناشتوانی ئاگات لەقەڵەمو شتەکانت بێ؟

دایەگەورەیشم خوی تێ هەڵقورتاند:

-ئاخر کەی واز دێنی لەم شپرزەییە؟

باسەکە خەریك بوو کۆتایی ئەهات، باوکم دەستی پێکرد:

-چەند جارم پێ وتی هەرشتەو لەجێگەی خۆی دابنێ، بەلام بێ سودە قسە بەگوێ تۆدا ناچێ.

-وەرە بەپاندانەکەی من بنوسە.... بەلام هۆشت بێ ونی نەکەی.

ئەو چوو بۆ ژوورەکەی پاندانەکەی بهێنێ، بەڵام خێرا هاواری لێ بەرزبوەوە:

-کێ پاندانەکەی منی هەڵگرتووە؟

دایەگەورەم تورە بوو:

-کچ و کوڕی هاوتەمەنی ئێوە ماڵ بەڕێوە دەبەن، ئێوە ناشتوانن ئاگاتان لەقەڵەمو دەفتەری خۆتان بێ.



دایکم دەستیکردە قیڕەقیڕ:

-نازانم شپرزەیی ئەمانە چوەتەوە سەر کێ؟... ماڵی ئێمە هیچ کاتێ ئاوا شێواو نەبوە.

بابەگەورەم.ئەفسەری خانە نشینەو مرۆڤێکی بەتەرتیبەو لەم قسەیەی دایکم توڕە بوو:

-تو خەریکی بەو منداڵەی کە نیوەی هی تۆیەو خۆت پەروەردەی ئەکەیت، ئەڵێ چوەتەوە سەر کێ؟ چوەتەوە سەر خۆتان....خۆشتان ئەوەندە شپرزەن هیچ کات نازانن شتەکان لەکوێ دائەنێن.

هەر بمێنی بابە گەورە، لەوەی پشتیوانی منی کرد زۆر دڵخۆش بووم، ئەمزانی هیچ کەس مافی ئەوەی نیە لەرووی بابەگەورەدا قسە بکات، بەڵام دایەگەورەم کارەکەی خراپ کردو وتی:

-تۆیش کە بەوجۆرە قسە ئەکەیت منداڵەکان ئەوەندەی تر خراپ ئەکەی.

کاتێ دەمی بابەگەورە بکرێتەوە بەو ئاسانییە کۆڵ نادات، بۆیە بەردەوام بوو:

-منداڵ لەدایكو باوکەوە فێر ئەبێ، کاتێ گەورەکان کارەکانیان باش نەبێ، چاوەڕوانی چی ئەکەی لەمنداڵەکان؟ کاتێ دایك و باوك شپرزە بن و نەزانن چی ئەکەن، دیارە

منداڵەکانیش بەتەرتیب نابن... لەناو ماڵ هەر شتێ ئەبێ لەجێگەی خۆی دابنرێ، بۆ ئەوەی زوو بیدۆزیتەوەو کاتت بەهەدەر نەدەیت.

باوکم قسەکانی بابەگەورەی پەسەند کرد:

-ئەو ئاکارەی بابەگەورە هەر لەسەردەمی سەربازییەوە دەستی پێکرد، ئەو بڕیاریدابوو هەمیشە بەتەرتیب بێت، منیش بەهەمان شێوە، ساڵانێکە هەمووشتە تایبەتەکانم هەرکامو جێگەی خۆی هەیە. بۆ نمونە: ئەزانم چەرخەکەم لەکام گیرفانمدایە، دەستەسڕەکەم لەکام گیرفانمدایە، جزدانی پارەکەم لەکام لا داناوە.

بابە گەورە وتی:

-دەبێ هەر بەو جۆرە بیت.

دایکم دژایەتی کرد:

-چۆن ئەکرێ هەمووشتێ بەو جۆرە بێت؟

باوکم توڕە بوو هاواریکرد:

-تاقیکردنەوە باشترین بەڵگەیە.

لەبەر ئەوەی باشتر سەرنجی هەموان راکێشێ، هەستایە سەر پێ‌و چاوەکانی داخستو وتی:

-سەیرکەن هەمیشە چەرخەکەم ئەخەمە گیرفانی چاکەتەکەم.

هەمووان بەوردی تەماشای چاکەتەکەمان ئەکرد، باوکم دەستی کردە گیرفانی چاکەتەکەی، بەڵام هەرچی گەڕا چەرخەکەی نەدۆزییەوە، زۆر تورەبوو ویستی قسەکە بگۆڕی وتی:

-بۆ نمونە پاندانەکەم بەچاوی نوقاوەوە ئەزانم لەکوێدایە، لەناو گیرفانی چاکەتەکەم لەلای چەپ.

پاشان دەستیکرد بەگیرفانیداو ماوەیەک گەڕاو... وەکو ئەوەی پێنوسەکەش دیار نەبێت.

بابە گەورەم پێکەنیو وتی:

-ئەڵێ بیر هەڵئەکەنی گیرفانەکەت دڕاند.

باوکم لەشەرمەزاریدا عارەقی کرد وتی:

-رەنگە گیرفانەکەم دڕابێ و ون بوو بێ و کەوتبێتە خوارەوە.... ئەوەش ناوی گیرفانەکەم..

دەستی برد ناوی گیرفانەکەی دەرمێنا شتێکی تیا بوو بەڵام پاندانەکە نەبوو، بەکرەکەی دایکم لەگیرفانی باوکمدابوو:

-ئەم بەکرە لەگیرفانی مندا چی ئەکات؟

دایکم خێرا بەکرەکەی لێ سەندو هاواریکرد:

-ئاخ... پێری ویستم قۆپچەی جلەکانت بدورمەوە لەبیرم چوو.

بابەگەورە ئەوەندە پێکەنی توشی کۆکە بوو. لەکاتی کۆکین

گیرفانەکانی ئەگەڕا بۆ دەستەسڕ پاش کەمێ وتی:

-دەستەسڕەکەم لەگیرفانی پاڵتۆکەمدایە.

ڕامکرد دەستەسڕەکەی بۆ بێنم، بەڵام هەرچی گیرفانی هەبوو گەڕام دەستەسڕی تیا نەبوو... وتم:

-بابەگەورە تیایدا نییە.

هاواریکرد:

-چل ساڵە دەستەسڕ ئەخەمە گیرفانی ڕاستی پاڵتۆکەم.

دایکم هات، پێکەوە گەڕاین دەستەسڕمان نەدۆزییەوە، بابەگەورە وتی:

-پاڵتۆکەم بۆ بێنن... ئێوە هیچ کارێکتان لەدەست نایەت.

پاڵتۆکەمان بۆ هێنا، دەرکەوت ساڵی لەمەو بەر کە وەستای بەرگدرو هەڵیگێڕاوەتەوە لەبیری چوە گیرفانی بۆ بکات، بابەگەورە توڕەبوو وتی:

-ئەی قوتوی جگەرەکەم کوا؟

دایەگەورە وتی:

-هەر لەوێدا بوو.

هەموان دەستمان کرد بەگەڕان، وەکو جوجکە چۆن بەدوای کولانەکەیدا بگەڕێ، بۆ دۆزینەوەی قوتوی جگەرەکە، ئەملا ئەولا، بەهەموو لایەکدا بڵاو بوینەوە، دایکم، باوکم، دایەگەورەم، خوشکەکەم، کارەکەرەکەمان، نۆکەرەکەمان.



بابەگەورە زۆر تورە بوو بەردەوام هاواری دەکرد:

-خێراکەن... بگەڕێن، بەزوویی بیدۆزنەوە... پێشتر پێم وتبوون هەمووان لەبابە گەورە ئەترسان، دایکم زۆر قەڵەو بوو، چوو ژێر قەنەفەکە بگەڕێ، نەیدەتوانی بێتە دەرەوە، هەر لەوێدا گیری خوارد.

بەدوو سێ کەس قاچیمان گرت و هێنامانە دەرەوە، هەرکەس جێگایەك ئەگەڕا... یەکێ سەیری سەر تاقەکەی کرد....

بابەگەورەم قیڕاندی:

-لەگەڵ ئێوەم نییە خێراکەن بیدۆزنەوە.

چووم بۆ چێشتخانە، هەموو لایەك گەڕام، پاشان تەماشای سەر بەفرگرەکەم کرد، جووتێ گۆرەویم لەسەر بەفرگرەکە بینی.

-ئەم گۆرەوییانە هی کێیە؟

دایکم هات و لەدەستی سەندم و وتی:

-ئاخ..... ئەوانە لەکویا بوون؟ مانگێکە بەدوایدا ئەگەڕێم.

خوشکەکەم وەرەقەیەکی بەدەستەوە بوو هاتە ژوورەوە و وتی:

-ئەمە چییە، بەکەڵکی چی دێت؟

باوکم وەڵامی داوە:

-کچی ئەو وەرەقەی ئاوەم بدەرێ، ماوەیەکە بەدوایدا

ئەگەڕێم.
-لەباڵکۆنەکە لەژێر گوڵدانەکەدابوو.
کاتێ بەدوای قوتوە جگەرەکەی بابەگەورەدا ئەگەڕاین، هەرکەس شتێکی ئەدۆزییەوەو ئەیپرسی: ئەمە هی کێیە؟
بابەگەورەیش بەتوندی ئەیقیڕاند:
-خێراکەن... جگەرەکەم بۆ بدۆزنەوە.
ڕۆشتم بۆ کتێبخانەکە، (مەمکدانێکم) دۆزییەوەو پرسیم:
-ئەمە هی کێیە؟
وامزانی هی خوشکەکەمە، بەڵام کارەکەرەکەمان تورە بوو لەدەستی فڕاندمو وتی:
-تۆ ئەوەت لەکوێ بوو؟
ئەو شتانەی چەند مانگێکە بەدوایدا ئەگەڕاین یەك لەدوای یەك ئەدۆزرانەوە، باوکم دوو چەتاڵی لەناو سەتڵی خۆڵەکەدا دۆزییەوە، دایکم فەرمانی بەنۆکەرەکەمان کرد بڕوات لەدەرەوە پاکەتێك جگەرە بکڕێ، بابەگەورە هەستا هەتا خۆی پارەی جگەرەکە بدات، قوتوی جگەرەکە لەژێریدا بوو.
بابە گەورە قوتوە جگەرەکەی هەڵگرتو وتی:
-سەیرکەن ئەی ناڵێم هەموو شتێ ئەبێ لەجێگەی خۆیدا بێ، باشە دەبێ ئێوەش فێر بن بۆ ئەوەی کات بەفیڕۆ نەدەن دەبێ بزانن مرۆڤ دەبێ ئەوەندە هۆشیار بێ هەر شتێ لەجێگەی خۆی

دابنیٚ:

بابـە گـەورە دەسـتیکرد بەگیرفانیـدا چـەرخەکەی باوکم لەگیرفانیدا بوو دەری هێنا بۆ ئەوەی جگەرەکەی داگیرسێنیٚ.

هەمووان بیٚ ئاگا پێکەنین، دایکم دەستی منی گرت و وتی:

-ئەگەر ئەمجارە وڕاجی بکەی بیبەر ئەساوم لەدەمت.

کۆتایی

# قۆپی

مامۆستاکەمان زۆر رقی لەقۆپییە... هەموو هەفتەیەك جارێك دەربارەی خراپی قۆپی کۆبونەوەی پێ ئەکردین و ئەیوت:

-هەرگیز قۆپی مەکەن، ئەوکارە لەڕەوشتان کەم ئەکاتەوە... نوسین لەبەر کاغەزی کەسانی تر، یانی خواردن و پێشێل کردنی مافی قوتابیە زیرەکەکان... قۆپی کردن قازانجێکی نادروستە، بەبێ ماندوو بون بەدەستت هێناوە.... قۆپی کردن یانی فێل کردن لەمامۆستاو هەڵخەڵەتاندنی...

باوکیشم ئەم قسەیەی ئەکرد:

-قۆپی کردن خراپترین کردەوەیە، کوڕەکەم هەرگیز دەست بۆ کاری وا نەبەیت.

کاتێ هاوڕێی کۆنەکانی باوکم ئەوانەی لەقوتابخانە پێکەوە بوون، کۆ دەبونەوە هەمووان باسی بیرەوەریەکانی خۆیان ئەکردو قسەو باسیان دەربارەی رۆژانی قوتابخانەیان بوو.

شەوێك دوای نانخواردنی ئێوارە، دیسان هاتن بۆماڵی ئێمە، بابەگەورەیشم لەماڵی ئێمە بوو. باوکی "نورتن" کە پیاوێکی قەڵەوو کەچەڵ بوو وتی:

-ئەرێ لەبیرتانە، وەرەقەی قۆپیەکەیان بەدەرزی نابوو بەپشتی "سەبرییە کەچەڵ"ەوە؟

یەکێ پرسی:

-سەبرییە کەچەڵ کێ بوو؟

-لەقوتابخانەکەمان وانەی جەبری ئەوتەوە، خوا لێی خۆشبێ لەو مامۆستا توند رەوانە بوو، لەترسی ئەو کەس زاتی ئەوەی نەبوو لەکاتی تاقیکردنەوە بجوڵێتەوە، هەمیشە ئەیوت:

-هەرکەس قۆپی بکات باوکی دێنمە بەرچاوی.

کاتێ پرسیاری تاقیکردنەوەی دابەش ئەکرد، تا ناوەڕاستی ژوورەکە ئەهات، چوارچاوی تەماشای قوتابیەکانی ئەکرد.

باوکم کە تازە بەبیری هاتبوە بەدەنگی بەرز پێکەنی و وتی:

-ها...ها...ها... ئێستە بیرم کەوتەوە "نەجدەت خەڵوزی" کە ئێستا سەفیرە بەدەرزی وەرەقەی وەڵامەکانی بەپشتیەوە نوساندبوو.

باوکی "نورتن" پێکەنی و وتی:

-بەڵێ زۆر خۆشبوو، سەبرییەکەچەڵ بۆ ئەملا ئەچوو بۆ ئەولا ئەچوو قوتابیەکان وەڵامەکانیان لەبەر وەرەقەکەی پشتی

ئەو ئەنوسییەوە.

یەکێکی دیکە لەماوڕێکانی باوکم بەجۆرێکی وا پێکەنی هەمووانی داچڵەکاند.

باوکم دەستێکی دا بەشانیداو وتی:

-ئەوە چیتە خەریك بوو بتەقی؟

-بیرم کەوتەوە دوای تاقیکردنەوەکە ئەمانویست کاغەزەکە لەپشتی بکەینەوە بۆمان نەدەکرا.

باوکم پێکەنی‌و وتی:

-بەڵێ قوڕبەسەرە وەرەقەی تاقیکردنەوەکانی کۆکردەوەو راست بەرەو ژووری مامۆستاکان کەوتە ڕێ، لەوێ کاتێ مامۆستاکانی دیکە چاویان بەپشتی کەوت ئەوەندە پێکەنین دەنگیان گەشتە ڕاڕەوەکە.

یەکێ تر لەکاتێکدا لەبەر پێکەنین خۆی بۆ را نەدەگیرا وتی:

-لەبیرتانە چیمان بەسەر "عوسمانی قەساب"دا هێنا؟

-ئەویش مامۆستا بوو؟

-بەڵێ مامۆستای مێژوو بوو، ئەو بەپێچەوانەی "سەبرییە کەچەڵ" لەسەر مێزێك دا ئەنیشت بەچاوەکانی کە وەکو گڵۆپ ئەدرەوشانەوە تەماشای قوتابییەکانی ئەکرد، بۆ ئەوەی قۆپی نەکەن، گەر بۆنی ئەوەی بکردایە یەکێ لەقوتابییەکان چپەچپ ئەکات، خێرا سەیری ئەو لایەی ئەکردو ئەیکردە دەرەوە، بەڵام



ئێمە کتێبی مێژوومان ئەنا بەپشتی هاوڕێکانماوەو وەڵامەکانمان ئەنوسییەوە.

ئێستا نۆرەی باوکم بوو باسی ئازایەتیەکانی خۆی بکات:

-لەبیرتان چوەتەوە چ کارێکمان بەسەر"باباغەدیر" مامۆستای کیمیادا هێنا لەناو پۆلدا؟

-بەڵێ داماوە مامۆستای کیمیا چاوی لەدوورەوە نەیدەبینی لەمێزی پێشەوە زیاتری نەدەبینی، یەکێ لەقوتابیەکان بەر لەهاتنی بۆ ناو پۆل چەند مێشێکی گرتبوو، خستبویە ناو پاکەتی شقارتەیەك، کاتێ وەڵامی پرسیارەکەی ئەنوسی ئەیبەست بەقاچی مێشەکەوەو بەری ئەدا... چونکە کاغەزەکە قورس بوو مێشەکە ئەکەوتە سەر مێزەکان، ئەکەوتە بەردەم هەرکەس وەڵامەکەی ئەنوسیو مێشەکەی هەڵ ئەفڕاند، لەو کاتەدا دوو موشریف و بەڕێوبەر هاتن بۆ ژوورەکەمانو کارەکەیان خراپکرد، دایکم پرسی:

-باشە چییان وت؟

-تاقیکردنەوەکەیان پوچەڵ کردەوە، بەدوای کەسی یەکەمدا ئەگەڕانو دۆزییانەوە. بەبێ ئەوەی ئاگام لەخۆم بێ وتم:

-رەنگە لەقوتابخانە دەریان کردبێ؟

-نەخێر، ئێستا پرۆفیسۆرێکی گەورەیە.

یەکێ لەمیوانەکان لەبابە گەورەمی پرسی:



-بۆ کەسێك هەیە قۆپی نەکردبێ؟ کێ لەسەردەمی خوێندندا قۆپی نەکردوە هەتا من نەیکەم؟

پاشان دەستیکردە کارەباشەکانی خۆی:

-تاقیکردنەوەی کیمیای دەرمانیمان هەبوو، یەك لەدوای یەك ئەچوینە ژوورەوە، بەڕیز وەستا بووین، من یەکەم کەس بووم.... مامۆستاکە پرسیارێکی لێکردم... نەمتوانی وەڵامی بدەمەوە.... دوو سێ پرسیاری دیکەی پرسی... دیسان نەمتوانی وەڵامی بدەمەوە... توڕە بوو هاواریکرد:

-ئەی تۆ چی ئەزانی؟ پاشان پارچەیەکی خستە سەرمێزەکەو وتی:"لەناو ئەمەدا چی هەیە؟ دیسان دەنگم دەر نەهات.... هاوڕێیەکم لەپشتەوە بەمێواشی وتی:"ئات" ئات لەزمانی تورکیدا دوو واتای هەیە، یەکیان بەمانای ئەسپ و ئەوی تریش بەمانای شتێك وتن.

بەهیچ شێوەیەك لەقسەکانی هاوڕێکەم تێ نەگەیشتم کە ئەیوت "شتێك بڵێ" زۆر بەپێداگرییەوە لەوەڵامی مامۆستادا وتم:

-لەناو ئەم دەستەسڕەدا ئەسپ هەیە.

مامۆستای کیمیا لەم وەڵامەی من ئەوەندە بەتوندی پێکەنی فرمێسك لەچاوی هات...

دایکم پرسی:

-باشه، تاقیکردنەوەکەت چۆن بوو؟

-هیچ، لەبەر قسە خۆشەکەم نمرەیەکی باشم وەرگرت.

من لەوقسانەی ئەوان زۆر سەرم سوڕما زۆرم پێخۆش بوو بپرسم: "ئێوە کە لەقوتابخانە ئەم هەموو قۆپیەو فێڵەتان کردوە، ئیدی بۆچی بەئێمە دەڵێن قۆپی مەکەن؟

ڕۆژێك مامۆستا خەریك بوو لەگەڵ قوتابیەکان باڵەیان ئەکرد لێم پرسی:

-مامۆستا تا ئێستا تۆ قۆپیت کردوە؟

ماوەیەك بێدەنگ بوو.... ئەگەر بڵێ "نە" درۆ ئەکا، ئەگەر بڵێ "بەڵێ" ئەویش خراپە، دیسان کەمێك بیریکردەوەو وتی:

-تەنها یەکجار قۆپیم کردوە، ئەویش خەتام نەبوو، یەکێ لەقوتابیەکان وەڵامی تاقیکردنەوەکانی ئەزانی خێرا وەڵامی دایەوەو چوە دەرەوە، پاشان لەو دیو پەنجەرەکەوە لەکاغەزێکدا وەڵامەکانی نوسیبوو کردبوی بەسەر دارێکەوە منیش لەبەر ئەودا نووسیم.

وا ڕێکەوت ئەو ڕۆژەی تاقیکردنەوەی زانستمان هەبوو، "ترکان"و"محەمەد" لەهاوڕێی نزیکەکانی منن، هەرسێکمان پێکەوە دا ئەنیشین...

پرسیارەکان زۆر ئاسان بوون، هەموویانم وەك ئاو لەبەر بوو، خێرا دەستم بەنووسین کرد...

ترکان‌و محەممەد چەقی بوون، دەستیان کرد بەپاڕانەوە:
-بەقوربانت بم فریامکەوە..
-نۆکەرتم.. بەمنیش بڵێ..
هەردووکیانم زۆر خۆشدەویست، نەمدەتوانی‌و نەدەکرا پێیان نەڵێمەوە، بۆیە وتم:
-ناتوانم وەرەقەکەتان پێ بدەم، بەڵام وەڵامەکە لەلاپەڕەی ٧٠-٧١-٧٢ دایە، لەبەر کتێبەکەدا بینوسنەوە.
محەممەد کتێبەکەی کردەوەو خەریکی نووسین بوو.... زۆر دڵی خۆشبوو کە هەمووی نوسیوە، بەڵام سبەی کە مامۆستا نمرەی خوێندەوە ئەو سفری وەرگرتبوو... زۆر بەپێداگرییەوە لەجێگەی خۆی هەستاو وتی:
-مامۆستا وەرەقەکەی منت بەهەڵە سەح کردوە... من هەموو وەڵامەکانم نوسیبوو.
مامۆستا وەرەقەی تاقیکردنەوەکەی ئەوی دەرهێناو وتی:
-قوتابیەکان ئێوە دادوەری بکەن.
هەموو گوێمان گرتبوو مامۆستا خوێندیەوە:
-پرسیار... بۆ بەرگری کردن لەنەخۆشی منداڵ دەبێ چیبکەین.
گوێ بۆ وەڵامەکەی بگرن:"بۆ ئەوەی پارچەکە باش بێت و بەرگە بگرێ، دەبێ زۆر بەباشی بەئاوو صابوون بشۆرێت‌و ئوتو



بکرێت".

دەنگی قاقای قوتابیەکان هەموو لایەکی پڕکرد... مامۆستا وتی:

-بێدەنگ... راوەستن پرسیاری دووەم بخوێنمەوە.

پرسیار:"بۆ پتەوی و گەشەی ئێسکی منداڵان دەبی چیبکەین؟"

گوێ بۆ وەڵامی ئەو بەڕێزە بگرن بزان چەندە بەتامە:"پێویستە هەمیشە بەجوانی بیتەکێنین و پاک هەڵیگرین لەناو کۆمید دا".

دیسان دەنگی قاقای منداڵەکان بەرز بوەوە، محەممەد لەبەر پێکەنینی منداڵەکان لەشەرما عارەقی کردو وتی:

-مامۆستا من هەموو ئەوانەم لەبەر کتێبەکەدا نووسیوە.

مامۆستا توڕە بوو:

-بێمێشك لەکوێ کتێبدا ئەو هەڵیتو پەڵیتەیان نووسیوە؟

محەممەد ئەو کتێبەی لەسەر مێزەکە هەڵگرت و دەستیکرد بەهەڵدانەوەی پەڕەکانی:

-لێرەدا لەلاپەڕەی ٧٠-٧١-٧٢ دا نوسراوە.

ماوەیەك کتێبەکەی پەڕە پەڕە کرد، بەڵام هەواڵێك لەو لاپەڕانە نەبوو، دەرکەوت کتێبەکەی ئەو لاپەڕانەی پێوە نییە... محەممەد لەبەر دەستە پاچەیی وەڵامی پرسیارەکانی لەلاپەڕەی ٨٠-٨١-٨٢ دا دەرهێنابوو.

مامۆستا پرسی:

-تۆ چۆنت زانی وەڵامەکە لەلاپەڕەی ٧٠-٧١-٧٢ دایە؟

محەممەد لەکاتێکدا قرچەی ددانی ئەهات منی نیشانداو وتی:

-حیکمەت پێی وتم.

مامۆستا توڕە بوو هاواریکرد:

-کەرە.. قۆپی ئەکەی... منداڵەکان بەهەڵەدا ئەبەی.

جێگای بەرگریکردن نەمابوو، هەواڵەکە بەگوێ باوکم گەیشت، ئەو شەوە لەماڵی ئێمە قیامەت بوو دایکم وتی:

-تف لەروخسارت.... هەرگیز چاوەڕوانی وەها کارێک لەتۆ نەبووم.

باوکم هاواریکرد:

-تۆ ئابڕوی ئێمەت برد، شەرەفی ئێمەت لەکەدار کرد.

خوا رەحمی کرد بابەگەورەم لەماڵمان بوو، بەرگری لەمن ئەکرد، ئەگەر ئەو نەبوایە رەنگە لێدانێکی باشم بخواردایە.

باوکم بەتوڕەییەوە وتی:

-تۆ لەئێستەوە قۆپی ئەکەی سبەی ئەتەوێ چی بۆ کۆمەڵگاکەت بکەی؟

بەڵام بابەگەورەم دەستێکی خستە سەر شانم و وتی:

-وازی لێبنن... رەنگە لەکۆتایدا ببێت بەپیاوێکی گەورە.

کۆتایی.

## نەخۆشی ساری

دێهاتیـەکان کـارێکی بـچوك زۆر گـەورە ئەکـەن، لەڕاسـتیدا هەندێکیان لەو بوارەدا توانایەکی باشیان هەیە، ئـەتوانن وەکـو ڕۆژنامـەکانی سـەردەم هـەواڵیکی بـچووکی ژێـر میکرۆسـکۆب وەرگرن‌و چەند ڕۆژ شاخ‌و گوێی بۆ زیاد بکـەن‌و بیگوێزنـەوە بـۆ ناو خەڵك.

ناوەنـدی بـڵاو بوونـەوەی هـەواڵ چـایخانەی ئاواییـە، دێهاتیەکان بەڕیز لەسەر سەکۆی چایخانەکە دائەنیشن، لـەکاتی خواردنی چا و قلیان دەست ئەکەن بەگفتوگۆ.

خاڵە ڕەجەب لەکاتێکدا بەدەستێکی لـەنوکی گۆرەویەکانـەوە بەینی پەنجـەکانی پـاك ئـەکردەوە، بەدەسـتەکەی تـری ریـشی ئەخوراند، بۆ سـەدەمین جـار چـیرۆکی زەماوەنـدی کوڕەکـەی دەست پێکرد:



"مورادی کوڕە گەورەی من عاشقی کچی شەعبانە کوێر بوو، هەرچەندە ئامۆژگاریم کرد لەکەری شەیتان وەرە خوارەوە، واز لەوکارە بێنە، بەگوێچکەیدا نەچوو، دایکی وتی:"ڕۆڵەگیان تۆ هێشتا منداڵی، کەی کاتی ژنهێنانتە؟ بووکەکە دەساڵ لەتۆ گەورەترە، ڕاوەستە خۆم کچێکی باشت بۆ بدۆزمەوە." مامەی پێی وت:" بابە گیان هێشتا خزمەتی سەربازیت نەکردوە بۆچی ئەوەندە پەلەتە؟"

هەرکەسێ قسەیەکی بۆ کرد، بەڵام بۆچی قسە ئەچوو بەگوێچکەی ئەو گوێرەکەیەدا، هەردوو پێی کرد بەکەوشاو وتی: "ئیلاوبیلا هەر ئەو کچەم ئەوێت."

شەعبانە کوێریش لەو ناڕەسەنانەی ڕۆژگارە، هەر ئەوەندە زانی موراد کەوتۆتە داوی کچەکەی، نرخی مامەڵەکەی چەند قات زیاد کرد.

نرخی باشترین کچەکانی ئاوایی، پەنجا لیرەیە، شەعبان داوای سێ سەد لیرەی ئەکرد، ئەیوت پێویستە گەردنبەندێك و دووسەد لیرەش بۆ بووك بهێنن.

منیش تورە بووم وتم:

—بۆچی ئەتەوێ مانگا بەگوێرەکەوە بفرۆشی؟

وەڵامی داوە:

—نرخی کۆتاییە، قەرزیش ناخوات.

بەدبەختی لەوەدا بوو ئەگەر کچەکەت بخستایەتە نێو تەرازوو بیست و پێنج کیلۆ نەدەبوو، ئەگەر تۆزێک باش‌و نەجیبزادە بوایە دیسان مرۆڤ لەبەری گران نەبوو ئەماندا.

وتم:

-شەعبان لەکەری شەیتان وەرە خوارەوە کچەکەت ئەوەندە ناهێنێ.

وەڵامی دامەوە:

-راستت بوێت من بەو مامەڵەیە رازی نیم، ئەگەر تەنها یەک قسەی تر بکەیت پەشیمان ئەبمەوە.

-ئاخر بێ ویژدان ئەو کچەی تۆ ئەڵێی نەخۆشی مردوانی هەیە.

-دایکیشی بەو جۆرە بوو، کاتێ کچ بوو ئەگەر فوت لێ بکردایە ئەکەوت بەزەویدا، بەڵام کاتێ شوی کردو نانی مێردی خوارد ئەوەندە قەڵەو بوو، تەماشای هەیکەلی کچەکە مەکە، چوەتەوە سەر دایکی، پەیمانت پێ ئەدەم دوای ئەوەی شوی کرد قەڵەو ئەبێت.

سەر ئەنجام ئەوەندەم بگرەو بەردە کرد، بەدووسەد لیرەو گەردنبەندێک‌و سەد لیرە رازی بوو.

دەستی بوکمان دا بەدەست زاواوە،چاوەڕوان بووین بوک قەڵەو بێت، بەڵام ئەو دایک مردوە سات بەسات لاواز ئەبوو،

ژنەکەم لەلایەک‌و منیش لەلایەکەوە خەریک بوو دیقمان ئەکرد، دووسەد لیرە پارەیەکی کەم نەبوو، مورادیش لەئێمە خراپتر بوو، لەڕوی نەدەهات سەر بەرز بکاتەوە تەماشای من‌و دایکی بکات.

دووسێ جار بەشەعبانم وت:

" کەی کچەکەت قەڵەو ئەبێ؟ مامەڵەکەت دانەمەزراوە."

بەڵام ئەو بەم شێوەیە وەڵامی ئەدایەوە:

-ئارامت هەبێ، نیگەران مەبە، ئەوەندە قەڵەو ئەبێ بەدەرگادا نەچێ.

منیش پێئەکەنیم و سەرم بۆ با ئەدا.

بەڵام راستت بوێ دوای سێ مانگ کچەکە دەستیکرد بەقەڵەو بوون، بەڵام نەك قەڵەوبونێکی ئاسایی، بەڵکو تەنها سکی زل ئەبوو.

شەعبانە کوێر، شەرمن نەبوو، بەردەوام ئەیوت:

-نەموت پەلە مەکەو ئارامت هەبێ؟ کوڕەکەیش بەردەوام ئەگەشایەوە.

راستت بوێت ئێمە لەسەرەتاوە زۆر خۆشحاڵ بووین، ئەمانوت کوڕەکەمان پیاوێکی تەواوەو هەست بەشت ئەکات، واماندەزانی بوکەکەمان سکی هەیە.

بەڵام ڕۆژی پێنجەم‌و شەشەم... دەهەم... بینیمان باسەکە

ئەوە نییە بوکەکەمان سکی هەبێ، بەڵکو سکی بای کردوە، بەجۆرێکی وا نەیدەتوانی بەڕێگەدا بڕوات، وای لێهات کەوتە سەر جێگە.

ژنەکەم نارد بۆ لای پیرەژنێك، هەتا بێتو پشکنین بۆ بوکەکە بکات، پیرەژن هەرکە چاوی بەبوکەکەمان کەوت وتی:

"ئەمشەو یان سبەی شەو منداڵی ئەبێ"

ئەگەر تۆپ بیدایە بەماڵی ئێمەدا لەو قسەیە باشتر بوو:

-ئاخر چۆن وا دەبێ بوکەکەی ئێمە سێ مانگە شوی کردوە، ئەکرێ منداڵی ببێ؟

نەماندەزانی ئەمە چۆن چارەسەر بکەین؟ چی بەخەڵکی بڵێین؟ ئەمە ئیدی شتێك نەبوو سەرپۆشی بەسەردا بدەین.

لەسبەینێوە دەردو ئازار دەستی پێکرد، کچەکە دەستیکردە هاوارکردن، بەجۆرێك هاوارو ناڵەی ئەکرد حەوت ماڵ ئەولاتر ئەیانبیست.

واز لەئاواییەکەی خۆمان بێنە تەواوی ئەو ناوچە زانیان بوکی سێ مانگە سکی نۆمانگە.

بیر بکەرەوە بەدبەختی لەوە زیاتر ئەبێ؟ بەڵام شەعبانە کوێر هیچ خۆی تیك نەدا... هەقی بوو چونکە چاوی نەیدەبینی بزانێ خەڵکی چی ئەڵێنو چۆن چپەچپ ئەکەن.

ڕۆژێك دوو ڕۆژ، هەفتەیەك، مانگێك، درێژەی کێشا ڕۆژ بەڕۆژ

سکی بوکەکەمان گەورە ئەبوو ناڵە ناڵی زیاد ئەکرد.

پیرێژن هەموو ڕۆژێ ئەهات دەستی ئەدا لەسکی کچەکەو ئەیوت:

-دووانەیە... سیانەیە.... چوارەیە... ڕەنگە پێنج بێ...

سکی بوکەکەی ئێمە وەك چادری سەربازی وابوو، ئەتوت چەندین سەربازی تێدایە. پیرەژن هەموو ڕۆژێ ئەهات و ئەیوت:

-ئەمشەو ئیدی خاڵی ئەبێتەوە.

بەڵام سێ مانگ تێپەڕی هەواڵێك لەمنداڵ نەبوو. بەدبەختی خۆمان لەلایەك و قسەوباسی دەرو دراوسی لەلایەکی تر. یەکێ ئەیوت:

-کاتێ بوکەکەتان هێنا پزیشك پشکنینی بۆ نەکرد؟ یەکێکی تر ئەیوت:

-کاکە تەنانەت دەوڵەت کاتێ سەرباز ئەگرێ پشکنینی بۆ ئەکات، ئێوە چۆن پشکنینتان بۆ نەکرد؟

منیش بەمجۆرە وەڵامم ئەدانەوە:

-کاکە لەنێوان ئێمەدا ئەم جۆرە شتانە باو نییە، بەڵام ئاشکرایە مرۆڤ کاتێ بەچاوی داخراوەوە مامەڵە بکات لەوە باشتر نابێت، هەم پارەکەمان ڕۆشت هەم ئابڕومان..

ڕۆشتم یەخەی شەعبانە کوێرم گرت و وتم:

-ناپیاوی فێڵباز... لەئێمە داماوترت نەبینی؟ ئەگەر هەزار

لیرەشت بخستایەتە سەر کچەکەت کەس نەیدەویست، هەم پارەت لێی سەندین، هەم ئابڕویشمانت برد، داناڕژێیت؟ وەرە ئەو ماڵە قەڵبە ببەرەوەو پارەکەمان بدەرەوە.

ئەگەر رەحمانە کوێر شتێکی بوتایە بەرشەقم ئەدا، بەڵام ئەو تەنها پێئەکەنیو ئەیوت:

-خاڵە ڕەجەب هیچ نیگەران مەبە، دایکیشی بەو جۆرە بوو، ئەوان سەرەتا سکیان با ئەکات پاشان بەهەموو جەستەیاندا بڵاو ئەبێتەوەو سەرتاپایان ئەگرێ.

-ئەگەر وا نەبوو پارەکەمان چی بەسەر دێ؟

-پارەکەت دەستی لێ نەدراوە خەمت نەبێ.

دوو سێ هەفتە ئاراممانگرت، بەڵام لەباتی ئەوەی باشتر بێ خراپتر بوو، هەمووان لەگریەو ناڵەی ئەو بێزار بوون... نەماندەزانی چییمان بەسەر دێ.

لەوکاتەدا بەدبەختێکی ترمان بەسەر هات، مانگایەکمان هەبوو لەماڵەوە دەستیکرد بەبۆڕاندن و هەڵخستنەوە، رۆژێک دوو رۆژ، دووبارە ناردمانە بەدوای پیرەژندا هەتا بێتو مانگاکەمان بپشکنێ.

پیرەژن وتی:

-ئەو ئاژەڵە بەستەزمانە زمانی گیراوە ئەیەوێ بزێ بەڵام ناتوانێ.

-لەبەر چی؟

-نەخۆشە، نەخۆشی بوکەکەتان سەری لەویش داوە، ئەویش توشبوە.

دووکەڵ لەسەرمەوە دەرچوو، دەرکەوت ئێمە پارەی خۆمان داوەو بەڵامان بۆ خۆمان کڕیوە، خوا لەناوت ببات شەعبانە کوێر بۆ خۆت و کچت.

مانگاکە ئەیبۆڕاندو بوکەکەمان هاواری ئەکرد، ئەتوت پێکەوە پێشبڕکێ ئەکەن، وەها نەخۆشییەك تا ئێستا هیچکەس نەیدیبوو، نەمانگاکە ئەیتوانێ بزێ نەبوکەکەمان.

ئێمە بوکەکەمان لەبیر چووەوەو، لەدەوری مانگاکە کۆبوینەوە، ئەو ئاژەڵە بەستەزمانە وەها ئەیبۆڕاند مرۆڤ ناوسکی بۆی ئەبوو بەکەباب، دیسان خوا لەباوکی ساڵح پاڵەوان خۆشبێت کاتێ هات وتی:

-دامەنیشن و تەعزێ بگرن ئەگەر بەرد بزێ ئەم مانگا نازێ.

-لەبەر چی؟

-لەناڵەو هاواری بوکەکەتان ترساوە، تا کاتێ ئەو بزریکێنێ ئەم ناتوانێ بزێ.

-کەواتە چیبکەین؟

-نازانم.

سەدجار بەقوربان و بەساقەی ئەبوین و ئەمانوت:



-دادەگیان کەمێك بێدەنگبە تا ئەو بەستە زمانە بزێ، پاشان هەتا پێتخۆشە بقیژێنە.

بەڵام بێسود بوو، ئەو تەنانەت یەك خولەك ئارامی نەدەگرت، دەرگاکانمان داخست وتمان بەڵکو دەنگی نەیەتە دەرەوە، ئەوەش باش نەبوو، دووسێ بەتانیمان پیادا ئەوەش باش نەبوو، سالح پاڵەوان وتی:

-بیبەن بۆ ئەو ئاواییە ئەولا لەوێ پزیشکی لێیە، نیشانی پزیشکی بدەن، بەڵکو تا ئێوە دێنەوە مانگاکەش بزێ.

رێگەچارەیەکی باشبوو، بەڵکو خودا بیەوێت کچەکە باشبێ، چونکە ئەگەر بمردایە نەمان ئەتوانی پارەکەمان لەشەعبانە کوێر بسەندایەتەوە.

بوکەکەمان خستە سەر پشتی کەرێك و کەوتینە رێ، هێشتا لەئاوایی دەر نەچوو بووین هەواڵیان هێنا مانگاکە زا.

ویستمان هەر لەوێدا بگەرێنەوە، چونکە واز لەهەموو شتێ بهێنە کەرە داماوەکە نەیدەتوانی ئەو بارە قورسە هەڵبگرێ، بەڵام هەرچۆن بوو نەخۆشەکەمان گەیاندە بنکە تەندروستیەکە، لەبەدبەختی ئێمە پزیشك رۆشتبوو بۆ شار، تەنها پەرستارێك لەوێ بوو کاتێ نەخۆشەکەی بینی وتی:

-کاری ئێمە نیە بیبەن بۆ شار.

ویستمان هەر لەوێوە بگەرێنەوە، بەڵام بینیمان حاڵی زۆر



خراپـه، ئەگـەر شـتێ روو بـدات شـەعبانە كـوێر پارەكـەمان ناداتەوە.

"قەیسەریە" ئەزانن، شارێكی بچوكە، لەشاری بچوكیشدا ئەزانن حاڵی دەرمان‌و پزیشك چۆنە؟ كاتێ پزیشك نەخۆشەكەی بینی وتی:

—ئەم نەخۆشیە دەرمانی نییە.

بەپاڕانەوەو وتمان:

—هەر هیچ نەبێ دەرمانێكمان بدەنێ كەمێ هەواكەی دەركا.

سەرەتا پزیشك رازی نەبوو، بەڵام پاشان رەچەتەیەكی بۆ نووسی، تەواوی دەرمانخانەكان گەڕاین دەست نەكەوت، دووبارە گەڕاینەوە بۆ لای پزیشك، رەچەتەی دەرمانەكانی گۆڕی.

دەرمانچی لەباتی دەرمانەكان جۆرێك حەبی پێدایین، خودا ڕەحمی كرد نەماندا بەنەخۆشە ئەگینا كار لەكار ئەترازا؟

كەسێكی شیر پاك كاتێ حاڵی خراپی ئێمەی بینی وتی:

—ئەم دەرمانانە سودیان نیە ببیەن بۆ لای دۆعا نووس.

دۆعا نووسێكمان دۆزییەوە، ئەیانوت دەم‌و نفوسی زۆر پاكە، دوعای گەڕانەوەی بۆ نییە، كاتێ سكی نەخۆشەكەی ئێمەی بینی وتی:

—بیست لیرەتان لێ ئەسێنم‌و خێرا چاكی ئەكەمەوە.

بەپاڕانەوەو وتمان:

-مامۆستا گیان تۆ خۆ لەخەڵکی تر دوو لیرە وەر ئەگری بۆ لەئێمە...

-بێ ویژدان ئەبێ بایی پێنج لیرە مرەکەب بکڕم هەتا لەسەر سکی دۆعا بنوسم خۆ ئەوە سك نییە، ئەوە کێوی قافە.

مامۆستا راستی ئەکرد، بەدە لیرە رێککەوتین، پارەمان دا، دۆعا نوس بوکەکەی بردە ژوورێکی تر، دەستیکرد بەنووسین.

سەعاتێك... دووسەعات..تا سکی بوکەخانم ئەوەندە گەورە بوو بەم زوییە تەواو نابێ، پێنج لیرە مرەکەب تەواو بوو، بەڵام هیشتا نیوەی سکی بوکەخان تەواو نەبوو بوو، لەمکاتە هەراو هۆرایەکی سەیر دروست بوو چەند پۆلیسێك رژانە ماڵی دۆعا نووسن مەلایان لەکاتی دۆعا نوسیندا دەستگیر کرد.

هەموومانیان برد بۆ بنکەی پۆلیس، سەرۆکی بنکە وتی:

-بۆچی رۆشتن بۆ لای دۆعا نووس.

-ئەی چیبکەین قوربان، پزیشك نەبوو، دەرمان نەبوو، نەخۆشەکەش خەریکبوو ئەمرد، ناچار بووین بڕۆین بۆ لای دۆعا نووس.

-ئەی نازانن ئەوکارە قەدەغەیە؟

-نەوەڵڵا نەمانزانیوە..

خوا باوکی سەرۆك عەفەبکات، قسەکانی ئێمەی وەرگرت،



دوای چوار پێنج سەعات ئەملاو ئەولا، دۆعا نووسیان نارده زیندان و ئێمەیان ئازادکرد.

کازمی چایچی وەکو ئەکتەرەکانی نمایش کە چاوەڕوان بن ڕستەی بەرامبەریان تەواو بێ و نۆرەی ئەو بێت، هەرکە خاڵە ڕەجەب بێدەنگ بوو، هەر لەجێگەکەی خۆیەوە هاواریکرد:

-باشە بوکەکەت چی بەسەرهات؟

-هەرکە لەبنکە هاتینە دەر مرد.

دەنگی پێکەنینی دێهاتیەکان ئەوناوەی پڕ کرد، کازمی چایچی دووبارە پرسی:

-ئەی پارەکەت چی بەسەرهات؟

-شەعبانە کوێر نەدەچوە ژێر بار، ڕۆژێک یەخەیم گرت و ویستم بیخنکێنم، دۆست و ئاشنا کەوتنە بەینمان و داوایانکرد نیوەی پێ ببەخشم و نیوەکەشی بە پێنج ساڵ وەرگرمەوە، ئێستا دووساڵە بەسەر مردنی ئەو خوا لێخۆشبوەدا تێ ئەپەڕێ، هێشتا شەعبانە کوێر دوو لیرەی یەکەم قیستی نەداوە.

کۆتایی

## خوێندنی شارستانی

-کاری شارستانیو فەرهەنگی ئێمە باش نابێ براکەم، ئەپرسی بۆچی؟ ئێستا پێت ئەڵێم.

"شازی بەگ ماوەیەك بێدەنگ بوو... نیگایەکی گومانـاوی بڕییە بەرامبەرەکەی، هەروەك بەگومان بێ لەوەی قسەبکات یان نا... لەپڕ پرسی:

-داوای لێبوردن ئەکەم.... ناوی بەڕێزتان چی بوو؟

-ئۆلوی.

-خۆشحاڵم بەناسینت... منیش ناوم "شازی"یە.

دیسان کەمێ بێدەنگ بوو... ئۆلوی بەگ پرسی:

-باشە بفەرموو، بزانم بۆ شارستانیەتی ئێمە هەرگیز باش نابێ.

-هۆکارەکەی ئەوەیە ئێمە نەخشەمان نییە... بەرنامەمان نییە....کارەکانم لەسەر بنامەیەکی باش نییە، کاتێ کارەکان بەبێ پلانو نەخشە بن هەر بەم جۆرە دەبێ.

-داوای لێبوردن ئەکەم برای خۆشەویست.... ناوی تۆم لەبیر کرد...

-ئۆلوی.

-سوپاست ئەکەم ناوی منیش "شازی"یە، چیم ئەوت؟ ئەها... لەهەمووی خراپتر ئەوەیە سیستەمێکی پەروەردەیی باشمان نییە، هەرکەس بەپێی سەلیقەو ویستی خۆی فەرمان ئەدا.. یەکێ دێت قۆناغی خوێندن ئەکات بەدوازە پۆل، یەکێ تر دێتو ئەیکاتە یازدە پۆل، وەزیرێك دەڵێ دەبێ قوتابیەکان پێنج جار تاقیکردنەوە بدەن، یەکێکی دیکە دەڵێ ساڵانە تەنها یەکجار بەسە.

یەکێ فەرمان ئەدات تاقیکردنەوەکان ئاسان بن، گەنجی خەڵکی بەبێ هۆ مەخەن... یەکێکی تر قوت ئەبێتەوەو ئەڵێ تاقیکردنەوەکان سەخت بکەن، ئێمە مرۆڤی تەمبەڵمان ناوێت پێویستە هەوڵبدەن، ئەگەر ساڵی یەك نەفەری زیرەك دروست بکەین باشترە لەهەزاران کەسی تەمبەڵ....

-یانی برای خۆشەویست....

شازی تێگەیشت زۆر توند رۆشتوە دووبارە پرسی:

-داوای لێبوردن ئەکەم، دیسان ناوتم لەبیر کرد.

-ئۆلوی.

-زۆر سوپاستەکەم... منیش ناوم "شازی"یە. شازی بەگ

دیسان بێدەنگ بووەوە.

ئۆلوی بەگ بۆ ئەوەی بێدەنگی بشکێنێ پرسی:

-بەڕای تۆ دەبێ چ کارێك بکەین؟

-من نزیکەی سی و دوو ساڵە... نا زیاتر ... سی و شەش یان سی و حەوت ساڵە لەم وڵاتەدا وانە ئەڵێمەوە، ئەوەندە سیستەمی جۆراو جۆرم بینی بیرو ڕای خۆم لەبیر چۆتەوە..

-خۆت بەکەم مەگرە، تۆ لەهەموو کەس زیاتر مافی ئەوەت هەیە، بڕو ڕای خۆت دەربڕی.

شازی بەگ لەو پیاهەڵدانە خۆشی هات و بەردەوام بوو:

-زۆرباشە هەرچی بەبیرمدا بێت ئەیڵێم، هیوادارم کارەکان باش بن.

-بەڵێ دەبێ قسە بوترێت، تا بگاتە گوێچکەی بەرپرس.

-راستە بەو جۆرەیە، لەخزمەتدا بڵێم یەکەم رۆژ کە هاتمە ناو کاری پەروەردەوە، ناردمیان بۆ "قەیسەریە" بەڵام راستت بوێ بیرم نییە کە ناردمیان بۆ "ئەردنە" هیچ جیاوازی نییە، هەرکوێ بێت خاك هەر خاکە جیاوازی نییە.

هەرچۆن بێت ئەو رۆژانە من لاو بووم، کەللەم گەرم بوو، لەگەڵ ئەوەی تەمەنم زۆر نەبوو، نزیکەی سی و پێنج سی و شەش ساڵ، کەمتر یان زیاتر، منیان نارده سەر پۆلی پێنج، منداڵانی پۆلی پێنجی ئەوکاتە لەگەڵ هی ئێستا زۆر جیاوازن...

ئەو ڕۆژانە مرۆڤ شەرمی ئەکرد قسە لەگەڵ قوتابی پۆلی پێنج بکات، ئێستا گەورەکەیان ڕەنگە مێرد منداڵ بێ، بەڵام ئەوکاتە بچوکەکەیان سێ منداڵی هەبوو.... من بەشەوق و ئارەزویەکی زۆرەوە پۆلەکەم بەڕێوە ئەبرد، ڕۆژێك هەواڵیان نارد چەند دانە موشریف دێن بۆ قوتابخانە، مامۆستاکانی تر زۆر نیگەران بوون، بەڕێوەبەر بەجۆرێك خۆی تێکدابوو، هەر وەك کەسێك بۆ سێدارەی ببەن، منیش بەپێچەوانەی ئەوان، زۆر دڵخۆش بووم، لەبەر ئەوەی قوتابیەکانم هەموو وانەکانیان لەبەر بوو، هەرچیت بپرسیایە وەك بولبول وەڵامیان ئەدایەوە... دیسان ناوی تۆم لەبیر کرد.

—ئۆلوی.

—بەڵێ بیرم کەوتەوە، موشریفەکان هاتن، کاتێ هاتنە پۆلەکەی من، سەرۆکی موشریفەکان برۆکانی لێك ناو هاواری بەسەرمدا کرد:

—باشە مریشکەکان کوان؟

من بەتەواوی گێژ بوو بووم، نەمدەزانی مەبەستی چییە پرسیم:

—مریشکی چی؟

—چۆن مریشکی چی؟ بۆ فەرمانەکەتان پێ نەگەیشتووە؟

—چۆن قوربان... تەنها...

بەڕێوەبەری قوتابخانە بەهەنسکە هەنسکو موشریف

بەتوڕەییەوە پرسی:

-ئەنها چی؟

-لەبەر ئەوەی ناوچەی ئێمە کوێستانە، پەروەردەکردنی

مریشك ئەستەمە.

هەر وەك موشریف بەڵگەی جەنابی بەڕێوەبەری نەبیستبێ،

زۆر بەشێوازێکی سەرۆکانە وتی:

-فەرمانی ئیداری جیاوازی بۆ نییە، پێویستە موو بەموو جێ

بەجێ بکرێ... قوتابییەکان پێویستە لەقوتابخانەدا شێوازی

مریشكو قەلو قاز بەخێوکردن فێر ببن... تا لەکۆتاییدا

کۆمەڵگایەکی کاری بین.

جەنابی بەڕێوەبەر وەکو بزن سەری با ئەداو قسەکانی ئەوی

پەسەند ئەکرد...

سەرۆکی موشریفەکان لوتی بەرزکردەوەو وتی:

-ئەمجارە کە هاتم پێویستە شوێنی پەروەردەکردنی پەلەوەر

دروستکرابێ، باشە؟

-بەسەرچاو قوربان.

موشریفەکان بەبێ ماڵئاوای رۆشتن، منیش لەبەردەم

قوتابییەکاندا شەرمەزار بوو، لانیکەم پرسیارێکیان لەقوتابییەکان

نەکرد تا بزانن چەندم رەنج کێشاوە.



بەڵام من کەسێك نەبووم بەتەنها جارێك کۆڵبدەم، پێویست بوو فەرمانی موشریفەکان جێ بەجێ بکەم، هەرچی بێت ئەوان کەسانێکی گرنگن، ساڵانێکی زۆر خوێندویانەو وڵاتانی دیکەیان دیوەو خوێندویانەتەوە، هەر بەو هۆیەوە وەزیری پەروەردە سیستەمی کۆنی پێ باش نەبوو، بۆیە هەر ئەم پشکنەرانەی ناردوە بۆ فەڕەنسا تا شێوازی پەروەردەو فێرکردنی ئەوان فێربن.

جەنابی پشکنەر ڕۆژانە هەرچی بینیوە نوسیویەتی، وەزارەتی پەروەردەش بۆچونەکانی ئەوی کردۆتە فەرمان بۆ قوتابخانەکان، هەتا جێ بەجێی بکەن.

لەکاتی سەردانی کاکی پشکنەر لەفەڕەنسا ڕۆژێك لەقوتابخانەیەك ئەبینێ، مامۆستای ئەو قوتابخانەیە کە حەزی زۆر لەپەلەوەر بوە، قوتابیەکانی هانداوە هەتا مریشك و قەل و قاز بەخێوبکەن، هەرکە چاویان بەیاشداتەکانی ئەو کەوتوە، ڕاوێژکارانی پەروەردە خێرا فەرمانیان داوە بەخێوکردنی پەلەوەر بخەنە سەر بەرنامەی پەروەردە.

بەهەرحاڵ، منیش قۆڵم لێ هەڵماڵی، فەرمانم بەقوتابیەکان کرد، هەریەکی قەلێ یان مریشکێ یان کەڵەشێرێ یان کۆترێ یا هەر پەلەوەرێکی دیکە بێنن بۆ قوتابخانە.

باوکی یەکێ لەقوتابیەکان زۆری حەز لەوکارەبووە، گوایە

بێزار بوە لەدەست پەلەوەرەکانی بۆیە بیست مریشکی ناردبوو بۆ قوتابخانە، یەکێکی دیکە لەبەخێوکەری قوتابیەکان دوو دانە توتیو سێ دانە کەناری ناردبوو، سەرئەنجام لەماوەی دوو سێ ڕۆژدا پۆلەکەمان گۆڕا بەشوێنی بەخێوکردنی پەلەوەری جۆراو جۆر، بەزمو هەرایەکی زۆر بەرپابوو قیامەتێك بوو بۆ خۆی.

لەناو حەوشەی قوتابخانە، لەسەر دیوارەکان، تەنانەت لەسەربانیش، پڕ بوو لەکەڵەشێرو مریشكو قەلو قاز، هەراو هۆرایەك بوو مەپرسە.

. ڕۆژێکی دیکە دیسان هەواڵمان بۆ هات موشریف دێت بۆ پشکنین، دیسان بەڕێوەبەرو سەرجەم مامۆستاکان کەوتبونە لەرزە، بەڵام من خۆشحاڵ بووم، فەرمانی وەزیرم بەجێ هێنابوو، وتم لانیکەم پاداشتێکی باشم ئەدەنێ.

هەرکە جەنابی پشکنەر گەیشتە حەوشەی قوتابخانە دەنگو هەرای قەل و مریشكو قازی بیست هاواریکرد:

-ئەم گاڵتەجاڕییە چییە؟

منیش ڕۆشتمە پێشەوەو وتم:

-کامە ئەڵێی قوربان؟

-ئێرە قوتابخانەیە یان باخچەی ئاژەڵان؟

دیسان نەمزانی مەبەستی چییە، وەڵامم داوە:

-باقی پەلەوەرەکانی تر لەپۆلەکاندان.

پشکنەر تورە بوو رویکردە بەڕێوەبەرو وتی:

-بۆچی فەرمانی تازەتان پێ نەگەیشتوە؟

وەزیری پەروەردەی نوێ لایەنگری پیشەسازییە، ئەو کاری کشتوکاڵی بۆ قوتابی بەبێ سود ئەزانێ، پشکنەرێکی تازەی بۆ فێربوون ناردوە بۆ ئەڵمانیا تا شێوازی پەروەردەو فێرکردنی ئەوی بزانێ، لەسەر بنەمای پشکنینەکانی ئەو وەزارەتی پەروەردە فەرمانی ناردوە بۆ تەواوی قوتابخانەکان، کەوا پێداویستی پیشەسازی بۆ قوتابخانەکان فەراهم بکەن.

بەڕێوەبەر دەستەکانی دا بەیەکداو وتی:

-قوربان پێری گەیشت.

-ئەم باخچەی ئاژەڵانە کۆبکەنەوە، خێرا پێداویستی ئاسنگەری بهێنن، ئەمجارە کە هاتم پێویستە هەموو شتێك ئامادە بێت.

من دیسان سەرسام بووم، ئاخر کەی خودا پێی خۆشە مرۆڤ ئەوەندە رەنج بکێشێ، لەجیاتی ئافەرین سەد دانە جنێویشی پێ بدەن، بەڵام چارە چییە؟ هەرچی بێت ئەو موشریفە، مرۆڤێکی هۆشیارو پێشکەوتوە تێگەیشتنی لەئێمە زیاترە.

ئێمە خێرا دەست بەکار بووین، مریشك‌و قەل‌و قازو پەلەوەرەکانمان لابرد، ئامێری ئاسنگەری‌و دارتاشیمان هێناو دامان مەزراند، پۆلەکانمان گۆڕا بەدووکانی پیشەی ئاسنگەری‌و

دارپڕین، قوتابیەکان دەستیان کرد بەکاری پیشەسازی.

کۆمەڵێک تەختەیان ئەبڕی کۆمەڵێک بزماریان دا ئەکوتا هەندێکیان قاڵبیان دروست ئەکرد....

-ببورە ناوی تۆ چی بوو؟

-تۆلوی.

-سوپاستەکەم منیش ناوم "شازی"یە بەڵی دوو سێ مانگ نێ نەپەڕیبوو هەواڵی هاتنی موشریفی نوێ هات.

دڵنیابووم ئەمجارەیان هیچ کەمو کورییەک لەکاردا نییە، بێگومان سوپاسنامەیەکم ئەداتێ، بەڵام هەرکە کاکی موشریف چاوی بەدامەزراوە پیشەسازییەکان کەوت پرسی:

-ئەمانە چین؟ ئێرە قوتابخانەیە یان کارگەیە؟

ئەم پشکنەرەیان ماوەیەک ڕۆشتبوو بۆ ئیتالیا چاوی بەفەرهەنگو کلتوری ئەوان کەوتبوو، بینی بووی لاوەکان زۆربەی کاتی بێکاری خۆیان تەماشای ئەلبومی جۆراو جۆر ئەکەن، ئەمکارە ئەبێتە هۆی بەرزکردنەوەو شادکردنی رۆحییەی قوتابیەکان، زەوقی هونەریشیان بەرز ئەکاتەوە، دووریش ئەبن لەکاری خراپو قێزەون، لەسەر ئەم بنەمایە وەزارەتی پەروەردە فەرمانێکی بەتەواوی قوتابخانەکانی وڵاتدا بڵاو کردەوە، پێویست بوو لەسەر قوتابیەکان ئەلبومی جۆراو جۆر دروست بکەن، وەک وێنەی گوڵو دارو پەپولەو ئەو جۆرە

شتانە.

جەنابی پشکنەر قسەی زۆری کرد بۆ قوتابیەکان، دەربارەی دروستکردنی گالەری و شوێنی هونەری، کاتی ڕۆشتن فەرمانی بەبەڕێوەبەردا:

-ئەمجارە کاتێ هاتمەوە ئەبێ منالەکان شوێنی هونەریان هەبێ. ئێمەش خێرا دامو دەزگای پیشەسازیمان کۆکردەوەو دەستمانکرد بەکردنەوەی بەشی هونەری، بەشی هونەری کرم و شتی خاکی، بەشی هونەری بەردو دارو ڕووەك، بەشی هونەری خورما... زۆرشتی دیکە.

-ببورە ناوی بەڕێزتان چی بو؟

-ئۆلوی کاکە گیان، چەندجارت پێ بلێم؟

-خۆشحالێ بوو منیش ناوم "شازی"یە... چی بلێم چەند هەفتە دواتر پشکنەرێکی تر هات، ئەمەیان لەسەر کلتورو فەرهەنگی ئەمریکا لێکۆڵینەوەی کردبوو، بڕوای وابو ئەمکارانە سەر لەمندالەکان ئەشێوێنێ، قوتابیەکان پێویستە وەرزش بکەن، ئەوان خاوەنی ڕۆحیەیەکی چاك بن، تا بتوانن بەباشی وانە بخوێنن.

سەرئەنجام دەردەسەری فەرمانەکانی دژبەیەکی موشریفەکان ئێمەی ماندوو کرد، بەجۆرێك ماندو بووم لەگەلێ ئەو هەموو شەوق و زەوقەی هەمبوو بۆ وانە وتنەوە وازم هێناو گەڕامەوە بۆ

ئەستەنبوڵ.

وا ڕێکـەوت یـەکێ لەبەڕێوەبـەرە گـشتیەکانی وەزارەتـی ڕۆشنبیری هات بۆ داوای کچەکەم، لەگەڵ ئەوەی تەمەنی سێ بەرامبەری کچەکەم بوو، بەڵام بەجۆرێك عاشقی کچەکەم بوو ئەیوت" ئەگەر بەغولامی خۆم قبوڵی بکەم، من بنێرێت بۆ یەکێ لەوڵاتە ئەوروپیەکان بۆ خوێندن.

شتێکی وا گرنگم نەدەبینی لەدەستی بدەم، خێرا بەمامەڵەکە رازیبووم، منیش بۆ خوێندن ڕۆشتم بۆ سویسراو هۆڵەندا، لەسایەی سەری کچەکەمەوە گەڕان و گەشتی خۆشم ئەکرد.

تا ئێرە خراپ نەبوو، هەرکە لەگەشتەکەم گەڕامەوە، فەرمانیاندا ئەوانەی بینیومەو لێکۆڵینەوەم لەسەر کردون بیکەمە ڕاپۆرت و بۆیان بنێرم، هەی داد هەی بێداد خۆم هیچ زمانم نەدەزانی، هیچ شتێ لەسەر کلتورو فەرهەنگی ئەوێ شارەزا نەبووم، چی بنوسم؟

ماوەیەك ئەم دەست و ئەودەستم کرد، بەڵام ئەوان وازیان نەدەهێنا، پێداگرییان ئەکرد هەرچی زوترە ڕاپۆرتەکەم بدەم، تا لەسەر ئەوە بەرنامەی نوێ بۆ قوتابخانەکان بنێرن، تێگەیشتم ئەوانەی ڕۆشتون بۆ خاریج و لێکۆڵینەوەیان کردوە، هیچیان لەمن خوێندەوارتر نەبوون، بەهەرحاڵ لەبەر ئەوەی لەهۆڵەندا ئاژەڵداریم بینی بوو بەتایبەتی لەبەرهەمهێنانی ڕەشە

ولاخ زۆرم لا جوان بوو، دانیشتم و ڕاپۆرتێکم لەوبارەوە بەدرێژی نووسی.

" تا ئێستاش شێوازی پەروەردەو فێرکردنی ئێمە هەڵە بووە، پێویستە لاوەکان بۆ وەربەرهێنان هان بدەین، لەبەر ئەوە نەوەی داهاتوو بەهێز بن و لەسەر پێی خۆیان بوەستن".

لەبەر ئەو ڕاپۆرتە بێ مانایە جەنابی بەڕێوەبەری گشتی کچەکەمی تەڵاقدا، خۆیشم راگیرام لەخزمەتکردن.

ئێستا بەسود وەرگرتن لەهەمان لێکۆڵینەوەیەك کە لەمۆڵەندا کردم خۆم خەریکی ئاژەڵداریم، کاروباریشم ئەوەندە باشە خاوەنی ژیانێکی شەرەفمەندانەم، لەکاتێکدا حاڵی وەزارەتی پەروەردە هەر وەکو خۆیەتی و هیچ باش نەبوە، قوتابیەکان رۆژێك فێری کشتوکاڵ ئەکەن، رۆژێك فێری پیشەسازییان ئەکەن، رۆژێك شوێنی تایبەت بەهونەریان بۆ ئەکرێتەوە، دیسان ئەو بەزمە هەر بەردەوامە، ئێستا تێگەیشتی بۆچی کاری فەرهەنگو پەرەوەردەو شارستانیەتی ئێمە باش نابێ.

# مرۆڤی واقیع بین

لەقوتابخانە مامۆستا هەمیشە ئەڵێت:

-قوتابیەکان هەوڵبدەن مرۆڤێکی واقیع بین بن، تا سەرکەوتوو بن.

لەماڵەوە، باوك، دایك، گەورەکانی تریش بەردەوام ئەو رستەیە دووبارە ئەکەنەوە:

-مرۆڤ دەبێ واقیع بین بێ تا سەرکەوتوو بێت.

بەڵام چۆن واقیع بین بین هیچکەس ئەوە نازانێ.

رۆژێك لەمامۆستام پرسی:

-مامۆستا چۆن دەبینە مرۆڤێکی واقیع بین؟

مامۆستا کاتژمێرێك دەربارەی واقیع بینی خۆی قسەی کرد، بەڵام نەیوت چۆن دەبینە مرۆڤێکی واقیع بین، وەڵڵا حەرام بێت هیچ شتێکم لەوبارەوە لەقسەکانی ئەودا دەستگیر نەبوو.

لەباوکم پرسی، ئەویش نەیتوانی رازیم بکات، ئەوکەسانەش

کە ئەو نهێنیە گەورەیان ئەزانی رازی نەبوون بیڵێن، کاتێ لەتاقیکردنەوەکان نەکەوتم پێیان ئەوتم: "تۆ کەسێکی واقیع بین نیت"

بەڵام من بیرم ئەکردەوە، ئەوانەی لەتاقیکردنەوەکاندا دەر نەچوون، چ گوڵێکیان بەسەرەوەیە کەمن بێ بەشم لێی، من بێکارم ئەوانیش بێکارن، من بێ پارەم ئەوانیش بێ پارەن، کەواتە چ جیاوازییەکمان هەیە؟

چومە نێو کۆمەڵگاوە بەڵکو لەوێ تێبگەم واقیع بینی چییە، بەڵام لەوێش تیرەکەم بەر نیشانەکە نەکەوت.

هەر لەمنداڵیەوە لایەنگری هونەرو هونەر دۆستان بووم، حەزم دەکرد منیش رۆژێك هونەرێکی دیارم هەبێ، شەو رۆژ خەریکی خۆ راهێنام بووم لەسەر گۆرانی وتن، بەیانی، نیوەڕۆ، شەو، لەماڵەوە، لەسەر شەقام، گۆرانیم ئەوت و راهێنانم ئەکرد، وردە وردە دەنگو هەرای دراوسێکان بەرز بوەوە، هەمووان پێیان ئەوتم:

"تۆ کەسێکی واقیع بین نیت، مرۆڤ بەگۆرانی ناگات بەسەرکەوتن.

لەبەر ئەوە وازم لەگۆرانی وتن هێنا، دەستم دایە شیعرو شاعیری، شەو رۆژ شیعرم ئەخوێندەوەو چومە نێو دونیای خەیاڵەوە، هەر چەندە ئەمەیان بۆ دراوسێکان زیانی نەبوو بەڵام

دیسان پێیان وتم:

"تۆ مرۆڤێکی واقیع بین نیت، زۆربەی شاعیرەکان لەبرسا مردونو هیچیان نەگەیشتون بەهیچ"

وازم لەشیعریش هێنا، کەوتمە داوی عەشقو وێنەکێشان، شەو... رۆژ... نیوەڕۆ... ئێوارە.. خەریکی وێنەکێشان بووم، بەلاّم دیسان سەر زەنشتیان کردم:

-تۆ مرۆڤێکی واقیع بین نیت، ساڵانێکی زۆری ئەوێ هەتا مرۆڤ بەوێنە کێشان بگات بەشتێ...

وازم لەوکارەش هێنا، بەکورتی سفرەی هونەرم کۆکردەوە، رۆشتم بەدوای بازرگانیو پیشەو کاردا، وا دەزانی خەڵك وازیان لێهێنام؟ نەخێر.... دیسان پێیان وتم:

-تۆ مرۆڤێکی واقیع بین نیت، بەم حاڵی ئێستاوە دەوڵەت لەبواری ئابوریدا هەیەتی، دەکرێ مرۆڤ بتوانێ نانی حەلاڵ پەیدا بکات؟ بازرگانی و پیشەو کاریش لەبن هاتوە.

ئەگەر راستت بوێ راستیان ئەکرد، لەبەر ئەوەی لەم کارەشدا نەگەیشتم بەهیچو هەر کاتم بەهەدەر دا.

ساڵێك لەمەوبەر بەهەر کەلەكو کلۆکێ بوو، لەفەرمانگەیەك دامەزرام، مووچەیەکی باش وەر ئەگرم، ئێستا خەیاڵم دەربارەی ئایندە ئاسودەیە، لەفەرمانگە شیعر ئەڵێم، پاش نیوەڕوان یان کاتی پشوو، وێنە ئەکێشم، شەوانە لەقاوەخانە گۆرانی ئەڵێم،

ڕۆژانی پشوویش خەریکی کڕین و فرۆش ئەبم، ڕاستیان ئەوت، لەبەر ئەوەی بەهەموو شتێ گەیشتم، وەك دەڵێن مرۆڤ کاتێ باریکە ئاوێکی هەبێ و خەیاڵی دەربارەی موچەو ژیان ئاسودە بێت، هەرکارێك پێی خۆش بێ ئەتوانێ بیکات.

بێ هۆ نییە کاتێ هەموو خەڵك هەوڵئەدەن بەهەر جۆرێ بوە لەفەرمانگەیەکی دەوڵەتدا کارێك بۆ خۆیان دەست بخەن.

# ئەی وەتەن

لەڕابردوودا بەندیەکان لەنێو زیندان، بەپێی تەمەن و تاوان و جۆری حوکمدانیان دابەش نەدەکران، لەمندالّی دوازدە ساڵەوە بیگرە هەتا سزادراو بەسێدارەو زیندانی هەتا هەتایی و ئەوانەشی کەلەدووساڵ زیندانی زیاتر نەبوون، لەیەك زینداندا زیندانی ئەکران.

بەم پێیە ئەوانەی سزای قورس درابوون، بەئاسانی ئەیانتوانی ئەوانی دیکە ژێر چەپۆکە بخەن، گەورەترین خراپی ئەمکارە لەوەدابوو، لاوان و مندالاّنی پێنەگەیشتوو، لەگەڵ ئەو دەستە زیندانییە بێ بەندو باوە پێکەوە دا ئەنران، هەریەك لەوانە بەپێی ماف و ئارەزوو ویستی خۆیان، چاودێری منداڵێك یان دوو منداڵیان ئەکرد.

سەرۆکی زیندانیەکان پیاوێکی بیست و پێنج ساڵە بوو، ئەو پیاوە دەساڵ بوو زیندانی کرابوو، پێش لەوەش چەندین جار

هاتبووە نێو زیندان.

مشتەرییە کۆنو بەردەوامەکانی رابوردو ئێستا ئەویان ئەناسی، ئەم پیاوە هەر وەکو ئەو مندالانەی هاوبەندی ئەو بوون، لەتەمەنی سیازدە سالێدا کەوتبوە زیندان، پاشان چەندین جار ئازادکرابوو دووبارە زیندانی کرابووەوە، بەکورتی شوێنی نیشتەجێ بوونی زیندان بوو.

گروپێك لەزیندانیەکان کە وەکو ئەو زیندانیەکەیان قورس بوو، توانای بینینی ئەویان نەبوو، هەمیشە ئەیانوت:

-ئێمە ئەزانین ئەو چ کارە بووە!.

دەبوایە ئەم زیندانیەیان لەبەر سزا قورسەکەی بناردایە بۆ شارەکانی دیکە، بەلام نەدەکرا، لەبەر ئەوەی ئەو زۆر شارەزا بوو، سالانە یەك دووجار، چەقۆی ئەدا لەزیندانیەکانی دەوروبەری.

بەپێی یاسا، دەبوایە تاوانبار لەشوێنی تاوانەکەی دادگایی بکرێت، هەر لەبەر ئەوە گواستنەوەی بۆ شارەکانی دیکە نەدەکرا، پەروەندەکانی ئەو پەیوەندی دار بەچەقۆ وەشاندنی بووبوە هۆکاری ئەوەی هەمیشە لەهاتو چۆی دادگاو پۆلیسدا بوو.

ماوەی شەش مانگ، گەنجێکی پازدە سالە لەگەلێ ئەو هاوبەندبوو، کاتێ ئەو گەنجە ئازادکرا، سەرکردەی زیندانیەکان پێی

وتبوو پێویسته هەرچی زووه بگەڕێتەوه، چونکه هەندێك بڕوایان وایه ژیانی نێو زیندان خۆشترو ئاسانتره لەژیانی دەرەوه، هێشتا مانگێك تێنەپەڕی بوو گەڕایەوه، ئەو مانگەش کەلەدەرەوەی زیندان بوو، بەو پارەیە ئەژیا کەلەناوەوەی زیندان بۆیان ئەنارد.

سەرۆکی زیندان گۆڕا، سەرۆکی نوێ لاوێکی دڵ گەورە بوو، ماوەی هەفتەیەك زیندانیەکانی خستبوە ژێر چاودێرییەوه، هەرچی ئەکراو رووی ئەدا جوان ئەیبینی.

بەر لەهەرشتێ بۆ بەرگرتن لەپەیوەندی قێزەونی منداڵان لەگەڵ گەورەکان، بەندیخانەیەکی تایبەت کرد بەمنداڵەکان، منداڵەکانی نارده نێو زیندانی خۆیان، ناوی لێنا "زیندانی نەوجەوانان" ٤٤ منداڵ کە بچوکەکەیان یازده ساڵو گەورەکەیان حەڤده ساڵ بوو، لەو زیندانیەدا زیندانی کران، لەبەر ئەوەی وەرزی زستان بوو رۆژانە یەك دووکەسیان پێ زیاد ئەبوو، پاشان دوو لاوی بیستو یەك یان بیستو دوو ساڵەیان پێ زیاد بوو، بەپێی یاساکانی بەڕێوەبەری زیندان ئەو دووانەش بەمنداڵ هەژمار ئەکران.

شەقاوەکانی زیندان زۆر لەمکارەی سەرۆکی زیندان تورە بوون، هەڵبەت بوێری ئەوەشیان نەبوو هیچ بەخۆی بڵێن، بەلام لەپشتەوه، هەرچیان پێ خۆش بوایه پێیان ئەوت.

بەرگە گرتنی ئەوحالەتە، بۆ زیندانیانی سزا قورس، کە منداڵەکان یاریو خۆشی ژیانیان بوون، زۆر دژوار بوو، ناچار بوون ویستی خۆیان بەشێوەی پێچو پەناو بەشێوەی گلەیيو پێشنیاری دڵسۆزانە بەگوێ سەرۆکی زیندان بگەیەنن.

ئەیانوت:

-ئاخر ئەگەر ئەو منداڵانە کەسو کاریان هەبوایە قەیناکا وایشت لێ بکردنایە، لای ئێمە بوون لانیکەم ئێمە ئاگامان لێیان دەبوو، ئەمانتوانی نانو ئاویان پێ بدەین، ئاخر بەو جۆرە خودا پێی خۆش نییە، ئەو بەستەزماننانە چ گوناهێکیان کردوە ئاوایان بەسەر دێنی؟

سەرۆکی نوێ لەو خۆراکانەی "مانگی سور" بۆ زیندانیەکانی ئەنارد، بەشی زۆری ئەدا بەمنداڵەکان، کەواتە لەو رووەوە خەیاڵی ئەم مرۆڤە باشە ئاسودە بوو، نەخشەی پەروەردە فێرکردنی منداڵەکانیشی کێشاو جێ بەجێ کرد، مامۆستایەك کە بەتۆمەتی گوناهێکی گەورە بۆ ماوەی شەش ساڵ زیندانی کرابوو، بۆ فێرکردنی منداڵەکان ئەوی لەبەرچاو گرت.

سەرۆکی زیندان هیچ رێگەیەکی نەبوو بۆ دامەزراندنی خەڵك لەدەرەوەی زیندان، هەموو هۆش گۆشی خۆی کۆکردوە بۆ ئەوەی لەچوارچێوەی زینداندا دابینی بکات.

بەرلەوەی مامۆستاکە تایبەت بکات بەفێرکردنی منداڵەکان

بانگی کردو بەتوندی فەرمانی پێکردو وتی:

-بەباشـی گوێـچکەکانت بکـەرەوە، بەباشـی سـەرنجت کۆبکەرەوە، ئەگەر هەر هەڵەیەك بکەیت باوکت لەگۆڕ دەردێنم، کارێکت بەسەر دینم تا دنیا دنیایە لەبیرت نەچێ، ئەوەت پێ ئەڵێم ئەگەر بەباشی وانە بەو منداڵانە بڵێتەوەو تەربیەتیان دا بدەی، هەرچیم لەدەست بێت درێغی ناکەمو بۆت ئەکەم، تێگەیشتی یان نا؟

گرنگی پشتیگیری سەرۆکی زیندان لەکەسێك، لەوە باشترە لەدەرەوەی زینداندا سەرۆك وەزیران پشتگیرت بێ.

مامۆستا مرۆڤێکی زوبان شیرین بوو، لەکاتێکدا سەری سوڕمابوو وتی:

-جەنابی سەرۆك نازانم بڵێم چەندەم پێ خۆشە، بەخودا من بێ گوناهم، بومەتە قوربانی تۆمەتێکی نا جوامێرانە، گەورەم گەڕاندنەوەم بۆ کاری مامۆستایەتی، بۆ ئەو پیشە شەریفە، پەروەردەکردنو فێرکردنی منداڵەکان ئاواتی بەندەیە، منیش پەیمان ئەدەم، شەوو ڕۆژ بەدڵو بەگیان خزمەت بەو منداڵانە ئەکەم، ئەو ئەرکەی خۆم وەك گوڵ ئەنجام ئەدەم.

ڕاستت بوێ هەرچۆن مامۆستا پەیمانیدا بەو جۆرە خەریکی کارەکەی بوو، بەشەوقو زەوقەوە منداڵەکانی فێر ئەکرد، جگە لەوانە وتنەوە، ڕۆژانە دووکاتژمێر، بەیانیان کاتژمێر نۆ بۆ دە،



ئێواران پێنج بۆ شەش، بەرنامەی وەرزش‌و سرودی بۆ دانرا بوون، لەم دووکاتژمێرەدا باخی زیندان تایبەت کرابوو بەمنداڵەکان، زیندانیەکانی دیکە مافی ئەوەیان نەبوو بێنە ناو باخی زیندانەوە.

لەو دووکاتژمێرەدا منداڵەکان دەنگ‌و هەرایەکی سەیریان بەرپا ئەکرد، زۆر بەجوانی‌و بەڕێکی ئەو سرودانەی مامۆستا فێری کردبوون ئەیان خوێندەوە، لەکاتی سرود خوێندنەوەدا زۆر بەجوانی بەناو باخەکەدا سەرو خواریان ئەکرد.

سەرۆکی باش، کاتێ لەپەنجەرەی ژوورەکەی خۆیەوە تەماشای سرود خوێندنەوەی منداڵەکانی ئەکرد، چاوەکانی پڕ ئەبوون لەفرمێسکی خۆشی.

مامۆستا هەڵس‌وکەوتوو رۆحیەی منداڵەکانی بەتەواوی گۆڕیبوو، چونکە ئەو منداڵانە کاتێ هێنرانە زیندانە تایبەتەکەیان، لەهیچ شتێ سڵیان نەدەکرد، شووشەیان ئەشکاند، هەموو زیندانەکەیان ئەدا بەسەر یەکدا، تەنانەت بەشووشە شکاوەکان بەر ئەبوونە سەرو سینەی یەک‌و یەکتریان بریندار ئەکرد.

بەڵام لەو رۆژەوە مامۆستا لەگەڵیان خەریکبوو، بچوکترین دەنگ‌و هەرایان نەمابوو، سەرۆکی زیندان ئەیوت:

"بەڵێ... منداڵ لەهەموو شت زیاتر پێویستی بەفێرکردن‌و

تەربییەتە، تەماشاکە ئەوانە هەمان ئەو منداڵانەن کە بەشەلاقیش دا نەئەکەوتن‌و چار نەدەکران، هەرکە یەک مامۆستایان بۆ دیاریکراوو فێرکران، چۆن گۆڕان هەر ئەڵێی ئەو منداڵانەش نین."

قوتابییەکان فێری دوو سرود کرابوون، یەکیان سرودی "دەیەمین ساڵ" ئەوی تریشیان سرودی "ئەی وەتەن" سەرەتا بەسرودی دەیەمین ساڵ پاشان بەسرودی ئەی وەتەن، دارو دیواری زیندانیان ئەهێنایە لەرزە، بەفەرمانی مامۆستاو زۆر بەتەرتیب‌و رێک پێیان ئەدا بەزەویداو ئەوخاکەیان ئەلەرزاندو هەموان پێکەوە ئەیانوت:

"ئەی وەتەن بۆ ئەگریت؟

کاتێ زیندانیەکانت

بەهێزو چاپووک بون"

هەر بەڕاستی منداڵەکانی نێو زیندان، رۆژ لەدوای رۆژ باشترو بەهێزترو چالاکتر ئەبون، بەڵام بەداخەوە، روت‌و پێ پەتی بوون، لەهەمووی خراپتر ئەوە بوو پێڵاویان نەبوو، ئەوشتەی کەبەقاچەکانیانەوە نوساندبوویان، بەبێ شاهیدی سێ کەس نەدەکرا پێی بڵێی پێڵاو، پانتۆڵەکانیشیان دڕابوو، زۆربەی قاچ‌و لاقیان بەدەرەوە بوو، زۆربەشیان دەرپێی ژێرەوەیان لەپێدا نەبوو، سینەو ئێسقانە لاوازەکانیان لەژێر کراسەوە دیاربوو.

سەرۆکی زیندان ئەیتوانی چیبیان بۆ بکات، ئەو بوودجەیەی لەبەر دەستیدا بوو بۆ دابین کردنی بەرگو پێڵاو نەبوو، ئەم لاوە دڵ نەرمە، رۆژی دووجار بەیانیو ئێوارە لەپشتی پەنجەرەی ژوورەکەی خۆیەوە تەماشای ریزی رێکو پێکی ئەکردن، بەبیستنی سرودی ئەوان هەستی بەخۆشی ئەکرد، بەفەرمانی مامۆستا دەنگی منداڵەکان تەواوی زیندانی پڕ ئەکرد:

"ئەی وەتەن بۆ ئەگریت؟

کاتێ زیندانیەکانت

بەهێزو چاپووك بون"

سەرۆکی زیندان زۆری حەز ئەکرد گەورەکانی وڵات بێنو ئەو حاڵە ببینن، ئەویش مرۆڤ بوو مافی خۆی بوو، ئەو کارە باشەی کە کردبووی پیشانی خەڵکی بدات، بەڵام مەبەستی ئەو خۆ هەڵکێشان نەبوو، تەنها ئەیویست سەرنجی کەسە پایە بەرزەکان رابکێشێ، بەڵکو لەو رێگەیەوە بتوانێ پێداویستی زیندانیەکان ئامادەبکات.

داواکاری سەرۆکی زیندان پەسەند کرا، بڕیاربوو سەرۆك وەزیرانو چەندین دەسەڵاتداری دیکە سەرێك لەو زیندانە بدەن، لەبەر ئەوە سەرۆکی زیندان مامۆستای بانگکردو وتی:

"جەنابی سەرۆك وەزیران پەیمانی داوە چوار رۆژی دیکە بێت بۆ ئێرە، ئێستا ئیدی نۆرەی تۆیە خۆت نیشان بدەی، راهێنانی

زیاتر بکەن لەسەر سرودەکان، بەتایبەتی سرودی ئەی وەتەن، پێویستە بەباشی فێربن، هەوڵبدەن کەسێك لەریز دەر نەچێ و بەتەنیا بیخوێنێ، بەتایبەتی سرودی ئەی وەتەن دەبێ بەباشی راهێنانی لەسەر بکەن، لەمڕۆوە تۆ دەبێ بگوێزرێتەوە بۆ ناو منداڵەکان، خێرا بڕۆ تەختی خەوەکەت و هەموو شتەکان بنێرە بۆ ئەوێ.

قیافەی مامۆستا جۆرێکی لێهات و وتی:

"ئەگەر مۆڵەت بدەی من لەهەمان شوێنی خۆم بمێنمەوە، بەیانی هەتا شەو لەگەڵ ئەوان کار ئەکەم، بەڵام مۆڵەت بدە شەوان لەجێگەی خۆم بنوم."

سەرۆك وتی:

-نەخێر... نابێ کات بەفیڕۆ بدەی، تۆ تەختی خەوەکەت ببە ناو زیندانی منداڵەکان بەیانی تا شەو دەبێ بەسەریانەوە بی، گاڵتە نییە سەرۆك وەزیران دێت بۆ ئێرە.

مامۆستا لەژێر لێوەوە وتی:

-ئاخر قوربان قسەمان بۆ ئەکەن، قسەی ناڕەوا بۆ مرۆڤ ساز ئەکەن.

سەرۆکی زیندان بەتوڕەییەوە وتی:

-بەسە.... گویان خوارد.... تۆ نابێ هەرگیز وا بیر بکەیتەوە دەتوانن قسەی وا بەمامۆستایەك بڵێن، تەنانەت ئەو جۆرە

بیرکردنەوە دوورە لەپیشەی مامۆستایی.

کاتێ مامۆستا ڕۆشت، سەرۆکی زیندان کارمەندەکانی بانگکردو وتی:

-لەمرۆوە مامۆستا دەبێ لە"زیندانی منداڵەکان" بمێنێتەوە، تەختی خەوەکەی ببەن بۆ زیندانی منداڵەکان، دەبێ شەوو ڕۆژ لەگەڵ منداڵەکاندا بێت.

ئەو ڕۆژە تەواوی دەرو دیواری زیندان پڕ بوو لەدەنگو هەرای منداڵەکان:

"ئەی وەتەن بۆ ئەگریت؟

کاتێ زیندانیەکانت

بەهێزو چاپووك بون"

ڕۆژی دیاریکراو هات، سەرۆك وەزیران لەگەڵ بەرپرسی تەواوی زیندانیانی وڵاتو سەرۆکی دادگای وڵاتو دووکەس لەخاوەن پایەی بەرزەکان هاتن.

سەرۆکی زیندان فەرمانیدا تەواوی منداڵەکان لەباخ ئامادە بکات، خۆیشی سەرگەرمی نووسینی ڕاپۆتێك بوو: رونی کردەوە حاڵی منداڵەکان بەر لەجیاکردنەوەیانو ئێستایان چۆنە، هەروەها باسی روتو بێ بەرگو پێڵاوی منداڵەکانیشی کرد، ئەوەشی روون کردەوە چۆن مامۆستاکەیان هەوڵی تەواوی لەگەڵ داون، چۆن شەو ڕۆژ خۆی لەگەڵیان ماندو ئەکات،

هەروەها باسی پاك داوێنی مامۆستا كردبوو چۆن بەناڕەوا تۆمەتیان داوەتە پاڵو گوناهباریان كردوە، ئێستا مامۆستا بۆتە قوربانی ئەو تۆمەتەو سزا دراوە، ئەم راپۆرتەی پێشكەش كرد.

سەرۆك وەزیران زۆر بەوردی گوێی لەتەواوی راپۆرتەكەی سەرۆكی زیندان گرت، زۆر خۆشحاڵیش بوو، سەرۆك وەزیر ئامادەی بینینی منداڵەكان بوو، زیندانەوان خۆی گەیاندە پشتی پەنجەرەی سەرۆكی زیندان، بەجۆرێكی وا سەرۆك وەزیرو ئەوانی تر نەیبنن، بەئاماژە سەرۆكی زیندانی بانگكرد، سەرۆك وتی:

–چییە؟

–قوربان منداڵەكان سرود ناخوێنن.

–لەبەر چی؟

–ئەڵێن سرود ناخوێنین.

–ئاخر لەبەر چی؟

–چی بڵێم قوربان؟

زیندانەوان هەموو شتێكی ئەزانی بەڵام بوێری وتنی نەبوو. "چی ئەڵێن؟ ئاخر بۆچی نایخوێنن؟ ئەو هەموو زەحمەتەمان لەبەرچی بوو؟ ئاخر من چی بەجەنابی سەرۆك وەزیران بڵێم؟ من راپۆرتم داوە بەسەرۆك وەزیران، خێرا برۆ مامۆستاكەیان بانگكە. مامۆستا هات.



–چییانە؟ بۆچی سرود ناخوێنن؟

–نایخوێنین قوربان.

سەرسوڕمانی سەرۆکی زیندان دوو بەرامبەر بوو، مامۆستا نەیوت: نایخوێنن، وتی نایخوێنین. کەواتە مامۆستاش یەکێ بوو لەوان.

سەرۆکی زیندان تووڕە بوو وتی:

–ئاخر بۆچی نایخوێنن؟

–نایخوێنین و تەواو.

ئەگەر سەرۆك وەزیران لەزیندان نەبوایە، ئەو ناپیاوەی ئەخستە ژێر شەلاق، ئەوەندەی لێ ئەدا مردنی بەئاوات بخواستایە، بەڵام ئێستا کاتی ئەوقسانە نەبوو. وتی:

–ئاخر بۆچی؟ چی بووە؟

–نامانەوێت بیخوێنین.

–بڕۆ لەبەرچاوم ونبە.

سەرۆك فەرمانیدا گەورەترین زیندانی ناو زیندانی منداڵان بهێنن، لاوێکی درێژو لاوازبوو، بیست و یەك بیست و دوو ساڵ ئەبوو، هینایان. ئەویشت وتی:

–نایخوێنین.

قسەیەکی دیکەی نەکرد، سەرۆك وەکو بێ ئەڵەرزی، فەرمانیدا بچوکترین زیندانی نێو زیندانەکە بهێنن، ئەو یەکەیان

منداڵێکی یازدە ساڵە بوو، هەروەك مریشکە مەکینە، تاوانی ئەو منداڵە ئەوەبوو، لەکاتی بێ ئاگایی شۆفێری کامیۆنی خەڵوز کیش، دەستکاری کردبوو خەڵوزکێش ڕۆشتبوو، لەبەر کەمی تەمەنەکەی بەمانگێك زیندانی کرابوو، پێی پەتی بوو، قولو قاچی لەدڕاوی پانتۆڵەکەیەوە ئەبینران، ژێر دەرپێشی لەپێدا نەبوو، کراسە پیس و دڕاوەکەشی بەدژواری شانەکانی دا ئەپۆشی، ئەویش تەنها شانێکی بەباشی دا ئەپۆشی. سەرۆك لێپرسی:

-کوڕی جوان بۆچی سرود ناخوێنن؟

منداڵەکە وەکو جاشەکەر سەری شوڕ کردەوەو چاوەکانی بڕییە زەوی‌و وتی:

-نایخوێنین.

سەرۆك ئاهێکی ماناداری کێشاو وتی:

-بڵێ بزانم بۆچی ناوخوێنن؟

منداڵەکە دەستی کردە گریان، لەکاتێکدا بەدەستە چڵکنەکانی چاوەکانی ئەسڕی، گریان قوڕگی گرتبوو، هەنسکە هەنسك وەڵامی داوە:

-باشە ناتوانین بیخوێنین، هەموومان خومارین، مرۆڤ کاتێ خومار بێ کەی تاقەتی خوێندنی هەیە، تۆ چوار ڕۆژە مامۆستات لەگەڵ ئێمەدا زیندانی کردووە، چوار ڕۆژە

نەیتوانیوە تریاکمان بۆ بهێنێ، هەموومان خومارین، ناتوانین بەڕێگەدا بڕۆین، ئێستە تۆ ئەتەوێ بخوێنین، ئەگەر سەریشمان ببڕیت ناخوێنین. سەرۆک وتی:

-تف لەچارەتان باوك سەگەکان، خودا لەناوتان ببات.

سەرۆك وەزیر کاتی ئەوەندە بەدەستەوە نەمابوو وتی:

-بابڕۆین سەر بدەین لەزیندانیەکان.

هاوڕێیانی سەرۆك وەزیر بەخزمەتکارەکەیان وت:

-ئەی جەنابی سەرۆك لەکوێیە؟

سەرۆکی بێچارە گیژ بوو بوو، فەرمانی بەزیندانەوان کردبوو بڕوات لەژوورەکانی دیکە بەهەر شێوەیەك بووە تریاك و حەشیش دەست بخات و بیبات بۆ زیندانی منداڵان.

"پاشان خۆم بەخزمەتیان ئەگەم"

سەرۆك خۆیشی رۆشت بۆ لای سەرۆك وەزیران و ئەوانی دیکە.

++++++

یەکەم بەستەی هێرۆین مامۆستا خۆی لەدەستی زیندانەوانی سەند، منداڵەکان لەناو باخی زیندان ریزیان بەست، مامۆستا فەرمانیدا:

"دوو.... یەك... دوو.... سێ.... راست.... چەپ.... یەك .... دوو"

منداڵەکان لەبەردەم سەرۆك وەزیرەوە تێپەڕین، ئەوان ٤٤ کەس بوون، بەجلو بەرگی دڕاوو بەبێ پێڵاو، منداڵانێك کە ئێسقانی سینەو بەرۆكو قاچو قولیان لەژێر کراس و پانتۆڵی دڕاوەوە دەرکەوتبوو.

لاوێکی بیست و یەك ساڵە لەبەر ئەوەی لەهەموویان درێژتر بوو، لەپێش هەمویانەوە بوو، منداڵە یازدە ساڵەکە وەك مریشکە مەکینە بوو، لەدوای هەموویانەوە بوو، رێك کاتێ گەیشتنە بەردەم سەرۆك وەزیر، مامۆستا فەرمانیدا:

-"دەی خێرا دەست پێبکەن" منداڵەکان دەستیان پێکرد:

"ئەی وەتەن بۆ ئەگریت؟

کاتێ زیندانیەکانت

بەهێزو چاپووك بون"

دەرگاو پەنجەرەی زیندان، لەژێر پێی پەتی زیندانیەکاندا ئەلەرزی، دەنگی رێك و پێکی قاچی زیندانیەکانو گەرم و گوڕی سرودەکەیان، سەرۆکی زیندانی هێنایە گریان، ئەشك بەچاوەکانیدا هاتە خوار.

سەرۆك وەزیران وتی:

-بەڕاستی دیمەنێکە مرۆڤ دێنێتە گریان.

دوای کۆتایی هاتنی رێو ڕەسمەکە، سەرۆك وەزیر مامۆستاکەی بانگ کردو وتی:



–من پیرۆزبایت لێدەکەم، زۆر باش بوو، زۆرباشت تەربیەت دادابوون، بەڕاستی لەزینداندا لەوەباشتر ناکرێت، ئێستا فەرمان ئەدەم تۆ بگوێزنەوە بۆ زیندانێکی دیکە، هیوادارم لەشوێنە نوێیەکەت هەر بەم جۆرە خزمەت بکەی، بەم دلگەرمییەوە منداڵەکان پەروەردە بکەیت.

مامۆستا وتی:

–فەرمانتە گەورەم، بەو پەڕی شانازییەوە، بەلاّم ئەگەر ڕێگەم بدەیت منیش داوایەکم هەیە.

–بلێ.

–یەکێ لەمنداڵەکان لەکاتی ڕاهێنانو فێرکردنی منداڵەکان هاوکارێکی باشی منە، داوای من ئەوەیە فەرمان بدەی ئەویش لەگەڵ من بێت، بۆ ئەوەی بتوانم ئەرکەکەم بەتەواوی بەجێ بهێنم..

کۆتایی

## خەڵکی عەقڵیان لەچاویاندایە!!!

ویستم بڕۆم بۆ سەفەر... هاوسەرەکەم وتی:

-ئەگەر بەشەمەندەفەر بڕۆی باشترە..

ماوەیەك بوو بەشەمەندەفەر سەفەرم نەکردبوو، ئاگاداری کاتو وادەی دەرچوونی شەمەندەفەرەکان نەبووم، بۆیە لەکارمەندی بەشی زانیاریم پرسی:

ژنێك بەدەنگێکی ناخۆشەوە وەڵامی دامەوە:

"شەمەندەفەری خێرا کاتژمێر هەشتو نیو، شەمەندەفەری ئاسایی کاتژمێر دەو دە دەقیقە، شەمەندەفەری پۆست کاتژمێر دوازدە دەر ئەچێ".

منیش وەکو هەمیشە لەبەر بێ پارەیی لایەنگری شتی هەرزان بووم، بلیتی هەرزانترین شەمەندەفەرم کڕی.

لەلای خۆمەوە وا بیرم ئەکردەوە شەمەندەفەری ئاسایی لەهەمووی هەرزانترە، بەڵام کاتی سوار بوون تێگەیشتم ئەو شەمەندەفەرەی سواری بووم شەمەندەفەری پۆستییە.

تا ئەو رۆژە سواری شەمەندەفەری پۆست نەبوو بووم،

هیوادارم نەخۆم نەدوژمنەکانم تا کۆتایی تەمەنمان تووشی وەها

بەلایەك نەبین...

شەمەندەفەر لەهەر وێستگەیەك بیست سی خولەك ئەوەستا،

هەتا تەکسیەکان پۆستو نامەکانیان وەر ئەگرت.

لەم شەمەندەفەرەدا هەوالێك لەچێشتخانە نەبوو، ئەگەر مرۆڤ

لەناو ڕاڕەوەکەدا یان لەپێشەوە بیتوانیایە سەرناوێك پەیدا

بکات، ئەوا بەختی هەبووەو زیرەکی کردووە.

هەڵبەت ئەو خۆشبەختیە نابێتە بەشی هەموو کەس، چونکە

بەردەم سەرناوەکان ئەوەندە قەرەباڵغ بوو، ئەگەر کەسێك هەر

لەئەستەنبوڵەوە سەرەی بگرتایە، تا ئەگەیشتە ئەنکەرە

سەرەی بەر نەدەکەوت.

تەواوی ئەو شتانەم دوای ڕێکەوتنی شەمەندەفەر زانی،

ئەوکات کار لەکار ترازا بوو، هیچ چارەیەکم نەبوو جگە لەبەرگە

گرتن.

جگە لەوەش ئەمویست لانیکەم لەپەنجەرەیەکەوە شوێنێکم

دەستکەوێت هەوایەکی پاك هەڵمژم.

بەڵام ئەوەش خەیاڵ بوو، پاڵەپەستۆی خەڵکەکە وەکو تۆپی

فۆتبۆڵ یان بەلەمی شکاو بەملاو ئەولادا ئەیبردی.

بەوەندەش ڕازیبووم لەپڕ شتێکی قورس کەوتە سەرشانم،

نای خوایە لادێییەکی مل ئەستور لەپاڵما بوو خورجینێکی بەدەستەوە بوو خستبویە سەر شانم، کەوتم بەسەر ئەودا ئەگەر خورجینەکە نەبوایە بەدەما ئەکەوتمو دەستو پێم ئەشکا.

لەوکاتەدا کەوتمە بیری سێرك.... ئازاترینیان نەیاندەتوانی وەك هاوسەفەرەکەی من هاوسەنگی خۆیان راگرن، گەرچی شوێنێکمان بۆ وەستان نەبوو.

لەوکاتەدا شەمەندەفەر تەکانێکدا، مرۆڤو شت و مەکەمان چەسپ بوون بەیەکەوە، باوەڕ بکە بەشێوەیەك چەسپ بوو بوون، لێك جوداکردنەوەیان ئەستەم بوو.

بڕوا بکە گەر حاڵ هەر بەو جۆرە بچوایەت پێش، لەوێستگەیش جیاکردنەوەمان لەیەکتر مەحاڵ بوو، یان جیا کردنەوەی مرۆڤەکان لەشەمەندەفەر کارێکی ئەستەم بوو.

خۆشبەختانە بەهۆی تەکانێکی توندترەوە، مرۆڤ و شت و مەکەکان لەیەکتر جیابوونەوە، بەڵام دەمو چاوی من بەر تەختەیەك کەوت، لوتی جوانو ژن پەسەندم تێك چوو.

ئەم تەکانانە لەوێستگەی سواربونو دابەزین روویان ئەدا، وردە وردە نەفەرەکان خویان پێوە گرت.. تەنانەت هەندێکیان لەکاتی دابەزین و سواربوون گاڵتەیان ئەکردو ئەیانوت:

-سەفەرتان بەخێر.

-سەلامەت بن.

-گەشتێکی خۆش بوو.

-لەوەباشتر هەر نابێ.

منیش وەکو ئەوانم لێهاتبوو...لەکاتی تەکانێکی توند کەوتم بەسەر پیرەمێردێکدا کەسێك بەرزی کردمەوە منیش وتم:

-گەشتێکی خۆش بابە..

پیرەمێرد لەبەر قورسایی من هەناسەی گیرا بوو، بەئەستەم وەڵامی دامەوەو وتی:

-سەلامەت بی کوڕەکەم.

دوای تێپەڕ بوونی چەند وێستگەیەك، دەنگێك لەپشتەوە هات، سەرۆکی شەمەندەفەر کەسێکی ناردبوو بۆ پشکنینی بلیتەکان.. بەهەر دژوارییەك بوو بلیتەکەم لەگیرفان دەرهێناو نیشانمدا.

کاتێ تەماشای بلیتی پیرەمێردەکەی کرد وتی:

-مامە... تۆ بلیتی نمرە سێت گرتوە، بۆچی هاتووی بۆ ئێرە؟

پیرەپیاوی بێچارە هیچی نەوت، بەڵام پیاوێکی مل ئەستوری تر وەڵامی کارمەندەکەی دایەوە:

-لەناو پارەوەکەو لەبەردەم سەرناویش واز ناهێنی؟

کابرای لەم بێچاوو روویییەی نەفەرەکە زۆر تووڕە بوو، فەرمانیدا ئەوانەی کە بلیتیان نیە یان بلیتیان هی نمرە سێیە...

بیانکەنە واگۆنی نمرە سێ.

نەفەرەکان لەترسی فەرمانی سەرۆك بێ ورتە فەرمانەکەیان جێ بەجێ کردو بەرەو واگۆنی نمرە سێ بەڕێکەوتن.

سەرۆك هەمان قیافەی بەخۆوە گرت و وتی:

-بەڕاستی هەندێك هەن پیسن، بەبلیتی نمرە سێ دێنە شوێنی نمرە دوو، هێشتا دەمیشیان گەرمە.

منیش قسەکانی ئەوم ڕاستاندو وتم:

-ڕاستەکەیت هەندێك هەن بەڕاستی پیسن.

سەرۆك رۆشت و منیش هەلێکم دەستکەوت هەتا جەستەی لارو لەویر بووم کەمێك رێکبکەمەوە... ڕاڕەوەکە هێشتا قەرەباڵغ بوو، بەلاّم نەك وەك پێشتر، لانیکەم مرۆڤ ئەیتوانێ تیایدا هات و چۆ بکات و لەپەنجەرەوە تەماشای دەرەوە بکات.

کاتێ بینیم ئەتوانم هات و چۆ بکەم، وتم لانیکەم واگۆنێکی خالّی بدۆزمەوە بۆیە کەوتمە رێ... بەلاّم هەولّەکەم بێسود بوو، تەواوی واگۆنەکان لەژمارەی خۆیان زیاتری تیا بوو، تەنها یەك واگۆن خالّی بو ئەویش یەك کەسی تیا دانیشتبوو.... ئەو لەگەلّ تەواوی نەفەرەکانی تر جیاواز بوو، جل و بەرگی ڕەسمی پۆشیبوو، سەر سینەی پڕ بو لەمەدالیای گەورەو بچوك.

لەسەر یەخەکەی وەکو جل و بەرگی سەرۆك وەزیران بەزێڕ نەخشێنرابوو، پانتۆڵەکەیشی زێڕ چن کرابوو.... سەرەتا



وامزانی یەکێکە لە"پاشا" کان بەڵام وتم نا چونکە پاشاکان بەشەمەندەفەر سەفەرناکەن.

ئەفسەری ڕێنماییش نیە... لەکارمەندە پلە بەرزەکانی وڵاتیش نیە، چونکە ئەوان ئەو جۆرە بەرگە ناپۆشن، ڕەنگە بەڕێوەبەری فەرمانگەی ئاگر کوژاندنەوە بێ، یان سەرۆکی گومرگ بێ؟ ڕەنگە سەرۆکی شارەوانی بێ... تەنانەت شێوەی بەسەرۆك وەزیران ناخوات، لەکاتێکدا هەرچی نیشانەی ئەو هەیە پێوەیەتی، دەی کەواتە کێیە؟

لەکۆتایدا وتم نەك سەفیری یەکێ لەوڵاتە عەرەبیەکان بێ؟ ئەی بۆ بەرگی ئەفسەری پۆشیوە... یان چۆن بەشەمەندەفەر هاتو چۆ ئەکات؟

چونکە نەگەیشتم بەهیچ ئەنجامێك، لەنەفەرەکەی پاڵ دەستم پرسی:

—ببورە ئەکرێ بڵێی ئەم پیاوە کێیە؟

—نازانم، بەڵام وابزانم مرۆڤێکی گەورەیە، ڕەنگە سەفیر بێ یان وەزیر بێ، هەر وەك مەدالیاکانی سەر سینگی نابینی؟

کەسێکی دیکە کە گوێی لەقسەکانی ئێمە بوو وتی:

—وابزانم ژەنڕاڵی وڵاتە خاریجیەکانە.

وتم:

—ڕەنگە پلەی لەژەنڕاڵ بەرزتر بێ؟



-هەر ئەوەی واگۆنێکیان پێداوە کەسێکی گرنگە.

لەچەند کەسێکی دیکەم پرسی بەڵام هیچکەس وەڵامەکەی نەدەزانی... بڕیارمدا هەرکەس بێ بەهەر شێوەیەك بێ، بچم لەسەر کورسییەك لەبەرامبەری دانیشم... خۆ نامکوژێ، ئەگەر زۆر تورە ببێ ئەمکاتە دەرەوە.

یەکێ لەنەفەرەکان رێی لێگرتم:

-باش نییە بڕۆی.. توشی شتێك ئەبی.

یەکێکی تر قسەکانی ئەوی پەسەند کرد:

-خراپ ئەقەومێ... مەڕۆ.

بەڵام من خۆم دا بەدەست قەدەرەوە.. دەرگام کردەوە چوومە ژوورەوە، لەکاتێکدا لەسەر کورسیەك دا ئەنیشتم، لەژێرەوە تەماشای کابرام ئەکرد زۆر بەهێمنی وتم:

-بەیارمەتیت..

بەڵام کابرا شانەکانی بەرزکردەوەو هیچی نەوت.... نیو کاتژمێر بەبێ دەنگی بەم شێوەیە تێپەڕی، وتم نەك بیانی بێت زمانی ئێمە تێ نەگات بەزمانی ئینگلیزی پرسیم:

-پایە بەرز بەتەنها سەفەر ئەکەیت؟

کابرای تەماشەیەکی کردمو وەڵامی داوە:

-بەئینگلزی نە.

ماوەیەك تێپەڕی من ئیتر بوێری پرسیارکردنم نەبوو، ئەو

پرسی:

-بۆ کوێ تەشریف ئەبەن؟

-ئەڕۆم بۆ شاری ئەسکی" بەڕێزتان بۆ کوێ تەشریف ئەبەن؟

-سوپاستەکەم من ئەچم بۆ "قەرەنیە"

-ببورە.. بەجلو بەرگەکانتا وا دەر ئەکەوێ کەسێکی پایە بەرزو لەچینی نەجیب زادەکانی وڵات بی.. داوای لێبووردن دەکەم باش ناتوانم بەڕێزتان بناسم، ئەکرێ خۆتان بفەرموون؟

-من لەچینی نەجیبزادە نیم.

-ئەی ئەو بەرگو تەرتیباتە چییە؟

کابرا پێکەنی:

-ئەو جلو بەرگی منە.. هەرکات بمەوێ بەشەمەندەفەر گەشت بکەم، ئەو جلو بەرگانە ئەپۆشم....ئەی نابینی چەندە قەرەباڵغە، پێشتر کاتێ بەشەمەندەفەر گەشتم ئەکرد ئەمردم، ماوەیەك لەمەوبەر ئەم رێگە جارەیەم دۆزییەوە.

-کام رێگە جارە؟ ئەکرێ روونی بکەنەوە؟

-بەڵێ بەخۆشحاڵیەوە، چەند ساڵ لەمەو بەر دەرگاوانی یەکێ لەمیوانخانەکان بووم، ئەمویست بڕۆمەوە بۆ دێهاتەکەی خۆمان، لەبەر ئەوەی درەنگ کەوتبووم نەمدەتوانی جلو بەرگەکانم بگۆڕم هەر بەجلو بەرگی دەرگاوانییەوە کە ئێستا

ئەبینی ڕۆشتم بۆ وێستگەی شەمەندەفەر، خەریکبووم لەقادرمەکان سەر ئەکەوتم دوو پۆلیس سلاوی سەربازییان لێکردم، کارمەندانی شەمەندەفەر هەرکە منیان بینی خێرا جانتاو شتو مەکیان لەدەست سەندمو بردمیانە واگۆنی نمرە یەك... هەرچەند وتم:

-کاکە ئەزیەت مەکێشن شەرمەزارم مەکەن.

بەگوێچکەیاندا نەچوو، وتیان:

-قوربان ئەوە ئەرکی ئێمەیە... ئێمە هەمیشە چاوەڕوانی فەرمانو خزمەتی بەڕێزتانین.

لەپەنجەرەکەوە تەماشام کرد بینیم نزیکەی دووسەد سێ سەد کەس وەستاون تەماشای من ئەکەن، تەنانەت کاتی بەڕێکەوتنی شەمەندەفەریش هەموویان چەپلەیان بۆ لێ ئەدام سلاویان لێ ئەکردم، منیش بەدەست سلاوەکەم بۆ سەندنەوە زەردەخەنەم بۆ ئەکردن، ئەوە ڕۆژە لەگەڵ ئەوە لەناو شەمەندەفەرەکەدا جێگای دەرزی نەبوو، من تا شوێنی مەبەست لەناو واگۆنێکدا تاكو تەنها دانیشتبووم.

تەنانەت کارمەندەکانی شەمەندەفەر هەرکات بەهەڵە دەرگای واگۆنیان بکردایەتەوە داوای لێبووردنیان ئەکردو دەرگاکەیان پێوە ئەدایەوە.

ئەوە ماوەیەکە لەمیوانخانە دەریانکردووم بەلام جلو



بەرگەکەم نەداونەتەوە، لەکاتی سەفەرکردن سودیان لێ ئەبینم، لەبەر ئەوەی پانتۆڵەکەی تەسکەو بەهۆی قەڵەو بوونەوە سکم ئازار ئەدات، پاشان دەستی برد بۆ دوگمەی پانتۆڵەکەی‌و وتی:

—داوای لێبوردن ئەکەم پانتۆڵەکە ئازارم ئەدات.

—تکا دەکەم فەرموو ئارام بن.

کابرا دوای کردنەوەی دوگمەی پانتۆڵەکەی بەردەوام بوو:

—تا ئێستا سەفەرم زۆر کردوە، لەم ماوەیەدا تۆ یەکەم کەسی لەو جل‌و بەرگەی مەن نەترسابی و هاتبیتە ناو واگۆنی من.

لەمکاتەدا سەرۆکی شەمەندەفەر هاتە ژوورەوە بەبینینی ئەو سڵاوێکی کردو وتی:

—قوربان فەرمانێکتان نییە؟

کاکی دەرگاوان هەناسەیەکی قوڵی دەرکردو وتی:

—نا سوپاس.

دوای رۆشتنی سەرۆکی شەمەندەفەر روویکردە من‌و وتی:

—ئەگەر ئەتەوێ لەناو شەمەندەفەر جێگای تایبەت‌و خۆشت هەبێ، ئەوا پێویستە هەر لەسبەینێوە دەستێك جل‌و بەرگی دەرگاوانی بدەی بەدوورین چونکە ئەوە بزانە خەڵکی: "عەقڵیان لەچاویاندایە".

کۆتایی

# جەژن لەماڵی خۆت

هیچ دەردێ خراپتر لەکرێچێتی نییە، بەتایبەتی بۆ ئەو مرۆڤانەی وەك من خاوەنی کوێرو کەچەڵن، ئەبێ هەموو سەری مانگێك نیوەی موچەکەیان پێشکەشی خاوەن خانوو بکەن، پازدە ڕۆژی کۆتایی مانگ بەڕۆژو بن.

ڕۆژێك ئێوارە کاتێ گەڕامەوە ژنەکەم بەرەو ڕووم هات هەر وەك مژدەیەکی خۆشی پێبێ، هاتە پێشەوەو وتی:

-مژدەم بەرێ، ئیدی رزگارمان بوو.

-لەچی رزگارمان بوو؟

-لەدەست کرێ خانو!

-بۆ یانسیبمان بۆ دەرچوو؟

-نە... وەرە چاوە داخراوەکانت بکەرەوەو بیخوێنەرەوە،



بزانە لەناو ئەو ڕۆژنامەدا چی نووسراوە.

لەناو ڕۆژنامەکەدا ئاگادارییەك بڵاوکرابوەوە" پارەی خۆتان بەهەدەر مەدەن، شوقەیەك بکڕن، هەرچەندە کەم دەرامەتیش بن دەتوانن چونکە کارئاسانی تەواو کراوە لەفرۆشتن، بەهەر جۆرێك تۆ بتەوێ بەقیست پێت ئەدرێ، بۆیە دەتوانی ببیتە خاوەنی خانوو".

-باشە ئەمە چیە؟

-چۆن چیە؟ هیمەتێ بنوێنەو یەکێ لەو شوقانە بکڕە.

-ئاخر بەچی؟ ئاخر خانو کڕین هەروا ئاسانە؟

-ئەوە خۆ کێشە نیە، ئێمە مانگی ٢٥٠ لیرە کرێ خانوو نادەین؟

-بەڵی راستە.

-هەر ئەوەندە ئەدەینو خانوەکە ئەکڕین، ئەوەتا خۆیان نوسیویانە بەهەر شێوەیەك بتەوێ ئەیفرۆشن، ئەگەر ئەوکارە بکەی شەوی جەژن لەماڵی خۆمان ئەبین.

پاشان تەلەفۆنی سەر ئاگادارییەکەی وەرگرتو تەلەفۆنەکەی دایە دەستمو وتی:

-دەی بگرە قسەی لەگەڵ بکە، دەبێ کارەکە تەواو بکەیت.

لەوکەسەی لەسەر خەت بوو پرسیم:

-نرخی شوقەکانتان چەندە؟

-٧٥ هەزار لیرە.

وەکو مرۆڤێکی لەرزۆتا دار لەرزیم، پرسیم:

-ئەی ئاسانکارییەکان چۆنن؟

-لەپێشەوە هەندێکی وەر ئەگرین ئەوی دیکەیشی دە پازدە ساڵ بەشێوەی قیست وەری ئەگرین.

ژنەکەم تەلەفۆنەکەی لەدەست سەندم پرسی:

-پێشەکیەکەی چەندە؟

-ئەوەش بەستراوەتە بەشێوازی رێککەوتن.

-کەی بێین بۆ بینینی ماڵەکان؟

-هەرچی زوتر بێت باشترە، لەبەر ئەوەی نزیکەو جەژنە خەڵکی حەزدەکەن لەخانوی خۆیاندا بن.

-سبەی دێینە خزمەتتان.

ژنەکەم خەریك بوو لەخۆشیدا باڵی ئەگرت، بۆیە وتی:

-بینیت... ترسنۆك... خەڵکی هەر بەو جۆرە ئەبنە خاوەنی خانوو.

ئەگەر تۆ لەجێگەی من بوتایە چیت وەڵام ئەدایەوە؟ مامەڵە لەوە باشتر مرۆڤ ئەوەی ئەیدات بەکرێ خانوو بیدا بەقیستەکانی و ببێت بەخاوەنی ماڵی خۆی.

خاوەنی کۆمپانیاکە رێزێکی زۆری لێگرتین، کاغەزی قەرارنامەکانیان خستە بەردەممان تا ئێمە واژۆیان بکەین.



ژنەکەم کە هەمیشە ئەچووە پێشەوە، ئەمجارەش خۆی تێ هەڵقورتاندو وتی:

–ئێمە ئێستا هاتووین تا لەمەرجەکان بکۆڵینەوە، بەتایبەتی پێشەکیەکەی، دەبێ زۆر کەممان لێ وەرگرن.

–ئەتوانن چەندە بدەن؟

ژنەکەم لاڵ بوو، چاوەکانی لێ زیت کردمەوەو بڕۆی لێك نا، ئاماژەی بۆ ئەکردم شتێك بڵێم، خاوەنی کۆمپانیا کاتێ بێدەنگی ئێمەی بینی پرسیارەکەی دووبارە کردەوە:

–بڵێن ئەتوانن چەندە بدەن؟

–کێ... ئێمە...من..؟ راستت بوێی هیچ.... هەڵبەت ئەیدەین.. بەڵام چۆنت پێ بڵێم... ئێوە داوای چەند ئەکەن؟

–کاکی بەڕێز ئێمە ئەمانەوێت بەهەر جۆرێك بێت ئاسانکاری بۆ خەڵك بکەین؛ ئێوە بفەرموون چەند ئەتوانن بدەن، تا منیش ئاسانکاریتان بۆ بکەم؟

رووم نەبوو بڵێم ناتوانم هیچ لەپێشەوە بدەم بەناچاری وتم:

–پێنج هەزار لیرە پێشەکی ئەدەین.

ژنەکەم لەتەریقیدا سوور هەڵگەڕا، چڕنوکێکی لەلاڕانم گرتو وتی:

–نەخێر قوربان دوازدە هەزار لیرە ئەدەین.

خاوەنی کۆمپانیا سەرێکی باداو وتی:



–ئەوە بوو بەقسە ئاوا باشە... باقیەکەشی دە ساڵە وەری ئەگرین.

پاشان کابرا هەستاو نەخشەیەکی گەورەی نیشانداین و دەستی کردە پیا هەڵدانی:

–تەماشاکەن دوولای ئەو خانوانە دەریایە، هەوای پاك، شوێنێکی ئارام، ئاو، کارەبا، تەلەفۆن، هەمووشتێ بۆ ئەو خانوانە لەبەرچاو گیراوە.

ژنەکەم خەریکبوو لەخۆشیدا ئەفڕی، پرسیم:

–ماڵەکان چەند نهۆمن؟

–دوو جۆرن، هەمانەبەشێوەی شوقەو هەشمانە ڤێلا، هەرکامیانت پێ خۆش بێ.

راستت بوێ من ڤێلام حەز لێ بوو، لەژیانی ناو شوقە بێزار بووم، بەڵام ژنەکەم ئەیویست یەکێ لەشوقەکان مامەڵە بکەین.

بڕیاردرا پارەکەمان ئامادەکەین‌و بڕیاری خۆمان بدەین، سبەی دوو سبەی بڕۆین خانوەکان ببینین.

منداڵەکان بەبیستنی ئەو هەواڵە خۆشە، دەستیان کردە هەڵپەڕکێ، خەسویشم هەرچەندە حەفتا ساڵ لەتەمەنی رۆشتوە، نەیتوانی پێش بەخۆی بگرێ، بەبیانوی ئەوەی ئەیەوێت لەژوورەکە بێتە دەرەوە بەدەم رێوە هەڵئەپەڕی، راستت بوێ منیش زۆر دڵم خۆش بوو، بەڵام دوازدە هەزار لیرە

لەکویٚ بێنم.. ئەم بابەتە منی تەواو نیگەران کردبوو، بەژنەکەم وت:

–ئەو دووسەت لیرەییانە کە رۆژی چوار شەممە دام پێت بیانهێنە.

ژنەکەم پێکەنینێکی گاڵتەجارانەی کردو وتی:

–چی... دووسەد لیرەییەکان بێنم؟ لەکویٚ؟ یەك لیرەشی نەماوە.

–ئەو جۆرەی کە ئێوە خەرج ئەکەن ئەستەمە لەدەست کریٚ نشینی رزگارمان بێت.

–بەو دووسەد لیرەییانە ئەتویست خانو بکڕیت؟

–باشە بەڵێ، دووسەد لەویٚو پێنسە لیرە... هەزار لەلایەکی دیکە، پێویستە بیخەینە سەر یەك و پێشەکیەکەی بدەین.

خەسووم وتی:

–منداڵەکان من سیٚ سەد لیرەم هەڵگرتووە بۆ خەرجی کفن و دفن، ئەوەم بەخۆشەویسترین کەس نەدەدا بەڵام بۆ کڕینی خانوو ئەیدەم.

بەکوڕە گەورەکەم وت:

–کاغەزو قەڵەم دەر بێنە بینوسە.

ئەویش وەکو عەریزە نوس خێرا دەستی کردە نووسین، سیٚ سەد لیرە، ژنەکەم وتی:

-باشە ئەی باقیەکەی؟

منیش وتم:

- لەژێریا هەزار لیرە بنوسە.

-ئەوە لەکوێ دێنی؟

-چەند رۆژی تر موچەکەم وەر ئەگرم.

-ئەگەر موچەکەت بدەی ئەی چی بخۆین؟

-خواردن پەیدا ئەبێ، بهێڵە با بزانین ئەتوانین شتێك پێکەوە بنێین ئارام تێدا بژین.

وتم:

-پێنسەد لیرە تر بنوسە

ژنەکەم پرسی:

-پارەی چییە؟

-دانیەرتولمەعاریفەکەم ئەفرۆشم.

ژنەکەم وتی:

-سەرەتا وتم مەیکڕە، بەکەڵکی تۆ نایەت بەگوێت نەکردم.

وەڵامم دایەوە:

-زیانم نەکردوە، ئێستا ئەیفرۆشم، پارەی خانووی پێ تەواو ئەکەم... دووسەدی تر بنوسە.

-ئەوە لەکوێ دێنی؟

-لەمامە حسێنی قەرز ئەکەم، باشە بوو بەچەند؟



–تا ئێستا بوو بەدووهەزار.

لەپڕ ژنەکەم وتی:

–سێ سەدو پەنجا لیرەی تر بنوسە.

–خۆ تۆ وتت پارەت نیە؟

–ئەوەم بۆ ڕۆژی تەنگانە هەڵگرتبوو.

–باشە کەل‌و پەلی ناوماڵیش ئەفرۆشین.

–بۆ ئێمە چیمان هەیە بەکەڵکی فرۆشتن بێت؟ بەخۆڕایی بیدە بەخەڵك نایەوێت.

–قسەی وا مەکە، ئەگەر بتەوێ ببیتە خاوەن ماڵ دەبێ هاوکاریم بکەی.

سەر ئەنجام هەرچیمان هەبوو فرۆشتمان، هەندێ ئەساسی ماڵ‌و دوو تاك فەرش‌و، باقیەکەیشم لەسندوقی فەرمانگە وەرگرت و دوازدە هەزار لیرە ئامادە بوو.

لەخۆشیدا لەپێستی خۆمدا جێم نەدەبوەوە، پارەم خستە گیرفانم بەگەورەو بچوکەوە بەرەو کۆمپانیای خانوو دروستکردن کەوتینە ڕێ.

لەسەر وادەی خۆمان ڕێك کاتژمێر دە لەکۆمپانیا ئامادە بووین.. چەند ئۆتۆمبیل وەستابوو سوار بوین و کەوتینە ڕێ.

ئۆتۆمبیلەکان لەشار چونە دەر، پاش ئەوەی چەند کیلۆمەترێکمان بڕی ئۆتۆمبیلەکان لەجادە لایاندا،

بەرێگەیەکی خۆڵدا ڕۆشتین، چەند کیلۆمەتری تریشمان بڕی گەیشتینە دامێنی کێوێک، لێرە بەداوە ئۆتۆمبیل نەیدەتوانی بڕوات، هەمووان دابەزین و پێکەوە کەوتینە ڕێ بەرەو سەر کێوەکە، لەناو ڕێگە کابرا هەر خەریکی پیا هەڵدانی خانوەکان بو، یەکێ لەمشتەریەکان مرۆڤێکی قەڵەو بوو وەستاو وتی:

-ئەرێ دیارە بۆ کوێ ئەڕۆین؟

خاوەنی کۆمپانیاکە بەتوڕەییەوە تەماشایەکی کرد، کاتێ بینیم کارەکە خەریکە خراپ ئەبێ وتم:

-تکاتان لێدەکەم نیگەران مەبن.

کوڕە بچوکەکەم کەم کەم خەریکبوو ناڕەزایی دەر ئەبڕی، کوڕە گەورەکەم خەریك بوو ئەیکرد بەشەڕ لەگەڵیدا، خۆیشم بەئەندازەیەك تونیم بوو خەریك بوو زمان لەقوڕگم ئەهاتە دەر.

هەر چۆن بوو گەیشتینە سەر کێوەکە، خاوەنی کۆمپانیا لەکاتێکدا دەستی بەکەمەریەوە گرتبوو دامێنی ئەو دیوی کێوەکەی نیشان ئەداو ئەیوت:

-لەوێیە ئەوە خانوەکانە.

ئێمە خانوومان نەدەبینی، پرسیمان:

-کوا؟

ئەمجارە خاوەن کۆمپانیا ڕۆشتە خوارەوەو بەقاچ شوێنەکانی نیشان ئەدا، هێشتا خەنەك لێدرابوو:



—ئێره دەرگای چونه ژوورەوەیه، ئێره حەوشەیه، ئێره گەرماوە، ئێره سەرئاوە، پاشان دەستی بەهەوا سوڕاندو وتی:

—ژووری پێشوازی لێرەدا دروست ئەکەین، راڕەو ئەکەوێتە پشتەوە.

ئێمەش تەماشای ئاسمانمان ئەکرد، هەر وەک تەماشای بینایەکی چەند نهۆمی بکەین، هەر وەک چۆن کەسێك تەماشای مێشێك بکات بەئاسماندا بفرێت سەرمان بەملاو بەولادا ئەسوڕاند، خاوەنی کۆمپانیا هەروا بەردەوام قسەی ئەکرد:

—تەواوی پێداویستیەکان لەمارکەی باش و پەسەندو هەڵبژێردراون، دڵنیا بن بچوکترین عەیبیان تیا نادۆزنەوە.

هەندێ لەمشتەریەکان زۆر بەزەوق و لەزەتەوە گوێیان بۆ قسەکانی گرتبوو، منیش وتم:

—ئێمە وامانزانی خانوەکان تەواو بوون.

کابرا قاقایەکی لێداو وتی:

—ئیشتیاتان سافە.

هەندێك لەترسی ئەوەی نەوەکو خانوەکانیان لەدەست بچێ سەرزەنشتی ئێمەیان کرد:

—دەستو دڵکراوەیی ببینن.

—خراپ نەبوو شوقەیەکی ئامادەیان بدایتایەتێ.

—ئیدی چیت ئەوێ؟

ژنە قەڵەوەکە وتی:

-تۆ لەئاگاداریەکەدا نووسیوتە لەهێڵی شەمەندەفەرەوە دوو خولەك دوورە.

خاوەن کۆمپانیا دیسان پێکەنی و وتی:

-ئەوە ئیتر بەستراوەتەوە بەتوانای خۆت، ئەگەر خێرا تر بڕۆیت رەنگە دوو خولەك کەمتریش بخایەنێت، هێڵی شەمەندەفەر هەر لەم نزیکانەیە.

کوڕە بچوکەکەم داوای ئاوی کرد، کابرا فەرمانی بەکرێکارێك کردو وتی:

-کوڕە بڕۆ ئاو بێنە، ئێرە باشترین ئاوی لێیە، جا چ ئاوێك... هەر وەك شەربەت، رەنگە لەئاوی کەوسەر شیرینتر بێت.

کرێکارەکە رایکرد، بۆ سەر بیرەکە کە بەجەنجەڕی دارین ئاویان هەڵ ئەکێشا، پاش نیو کاتژمێر گەیشتە ئەوێ و ئاوەکەی هەڵکێشاو هێنای ئاوێك تامی گەرچەکی ئەدا.

ژنە قەڵەوەکە وتی:

-ئێوە نوسیبوتان نزیك ناوچەی نیشتە جێ بوونە.

خاوەنی کۆمپانیا خەیمەی کرێکارەکانی نیشانداو وتی:

-باشە، ئەوە شوێنی نیشتەجێ بوون.

-رێگەی قیرتاو لەکوێیە؟



–لێرەوە بڕۆینە خوارەوە ئەگەین بەڕێگەی قیرتاو، هەڵبەت وا بڕیارە ساڵی داهاتوو ڕێگەیەکی قیرتاوی تر لەم نزیکانە بکەن، ئاو کارەباو تەلەفۆنیشمان بۆ بهێنن.

–قوتابخانە لەکوێیە؟

–هەر لەو پشتەوە خەریکن دروستی ئەکەن، مزگەوتێکیش دروست ئەکەین.

کوڕە گەورەکەم پرسی:

–دەریا لەکوێیە؟

خاوەن کۆمپانیا دیسان پێکەنی و وتی:

–دەریا شێی هەیە توشی ڕۆماتیزمەتان ئەکات، ئەم ڕۆژانە هەموان بەدوای ماڵێکدا ئەگەڕێن لەسەر کێو دروستکرابێ.

مشتەرییەکی عەینەک لەچاو وتی:

–ماڵەکان کەی تەواو ئەبێ؟

–ئێمە خەنەکمان لێداوە، هەرکە گرێبەستەکان واژۆ کران دەست ئەکەین بەدروستکردنی بیناکان، ئێوەش شەوی جەژن لەماڵێ خۆتانا ئەبن.

ئەم رستەی ئەوەندە بەشیرینی ئەدا کرد، دڵی هەموانی خۆشکرد، کاتێ گەڕاینەوە بۆ کۆمپانیا هەموو گرێبەستەکان ئامادەبوون، زۆر بەدڵنیاییەوە پێشەکیەکەماندا تا بەڵکو هەرچی زوترە دەست بەکار بکەن.

بەلام لەگەڵ ئەوەی ئێستا حەوت مانگ بەسەر واژۆکردنی گرێبەستەکەدا تێ ئەپەڕێ، نەک تەنها نەبوینە خاوەنی ماڵی خۆمان، بەڵکو پارەیەکی زۆریشمان لەڕێگەی دادگادا خەرج کرد، ناچاریش بووین شەوی جەژن بەبێ ئەساسی ناوماڵ خۆمان لەژوورەوە بەند بکەین، لەکاتێکدا خاوەنی کۆمپانیا ئێستا لەباشترین و ڤێلای ئەوروپادا بەپارەکەی ئێمە خەریکە ژیانی خۆی ئەگوزەرێنێ، تا بەڵکو کەمێک بیرو هۆشی ئارام بێتو نەخشەیەکی شەیتانی دیکە بۆ ئەم میللەتە قوڕ بەسەرە بکێشێ.

کۆتای

# کڕیاری هونەر

مرۆڤانێك هەن لەم دونیایەدا لەسەری هەر پەنجەیەکیان سەد هونەر ئەبارێ، بەڵام سەری پەنجەکانی من جگە لەنینۆك هیچی دیکەیان نییە.

بۆچی درۆ بکەم، ئەم پەنجانە کارێکی باش ئەزانن، ئەویش کاتێ چڕنوك لەقاچی خانمێك ئەگرن‌و ناڵەی ئەگاتە ئاسمان، ئەگەر ئەویش بیەوێت چڕنوك لەمن بگرێت دەستی ناگاتە شوێنێکی باش.

تەنها جارێك پەنجەکانم خیانەتیان لێم کرد، ئەویش خەتای بەرامبەرەکەم بوو، لەبەر قەڵەوی‌و نەرمی پەنجەکانم گیری کرد، هەرچیم کرد دەستم نەهاتەوە دواوە، مەچەکەم گیری کرد، دیسانیش خودا لەو خانمە خۆش بێت کە بەدوو سێ زللەو مشت



رازی بوو.

وا نەزانی منیش لەو بوورەدا کەسێکی بێ دەستو پێو بێ هونەرم، نەخێر، تەواوی هونەرەکەی من لەلوتو سەری زمانمدایە، من بەلوت دەنگی شەیپور دەر دێنم، بەزمانم ساز لێ ئەدەم، بەدەستەکانم تەپڵ لێ ئەدەم، بەبۆچوونی تۆ ئەو هونەرانە کەمن؟

بەڵام بەو هەموو هونەرەشەوە، ماوەیەکی زۆر برسی بووم، لەبەر ئەوەی ئەو رۆژانە هیچ کەسێك تاقەتی گوێگرتن لەمۆزیکی نییە، لەهەر شوێنێکدا کارم ئەکرد لەباتی پارە جنێوو قسەی ناشیرینیان ڕەوانەی رۆحی دایكو باوکم ئەکرد.

لەبەیانیەوە تا ئێوارە هەموو کونو قوژبنێك ئەگەڕام بۆ کار، بەڵام کوا کار لەکوێ دەست ئەکەوێ، هەمووان ئەیانپرسی:

–چ کارێك ئەزانی؟

منیش نەمدەتوانی بڵێم هەموو کارێك ئەزانم، ناچار بووم راستی بڵێم، هەرکە گوێیان لەهونەرەکانی من ئەبوو، پێئەکەنینو گاڵتەیان پێ ئەکردمو ئەیانوت:

–ئەوەش بوو بەکار؟ پیاوی باش، "بیر لەنان بکەرەوە کاڵەك هەمووی ئاوە."

منیش ئەموت:

–سەرەتا مۆڵەت بدەن هونەری خۆمتان نیشان بدەم پاشان

رەخنە بگرن.

بەڵام هیچکەس رازی نەبوو تەنانەت بەخۆڕایش تەماشای هونەرەکانی مـن بکـات، بـەجنێوو قـسەی ناشـیرین دەریـان ئەکردم:

-یاڵلا لەبەرچاوم ونبە.

منیش هەرکە ئەهاتمە دەرەوە دەستم ئەکرد بەکۆنسێرت گێـران، ئیـدی دەنگـی پێکـەنین بـەرز ئـەبوەوە، هەنـدێك ئەوەندەیان پێ خۆش بوو باوەشیان پێدا ئەکردمو ئەیانوت:

-بەردەوامبە.

هیچکەس باوەڕی نەدەکرد ئەو دەنگانە لـەلوتو دەمـم دێنـە دەرەوە، کـەم کـەم بەشـێوەیەك ئاوازەکـانم کـاری لێ ئـەکردن، تەنانـەت مرۆڤـە بەتەمەنـەکانیش لـەدەورم کۆ ئەبونـەوە، هـەر ئەوانەی سەرەتا منیان ئەکردە دەرەوە، بەداخەوە ئەیانوت:

-حەیف تۆ لەم وڵاتەدا هاتویتە دونیاوە، گەر لەئەوروپا یـان ئەمریکا بویتایە ئێستا ملیۆنەر بویت.

کەواتـە شـوێنی مـن لـەوڵاتی خۆمانـدا نـەبوو، دەبوایـە بڕۆشتمایە بۆ ئەوروپاو ئەمریکا، دەرکەوت خوداوەند مرۆڤەکانی بەدووجۆر دروستکردوە، جۆرێکیان بۆ ئاسیاو ئەفریقا، جـۆرێکی دیکەشیان بۆ ئەمریکاو ئەوروپا، لەبەر ئەوەی ئێمـە لەدەستەی ڕووتو ڕەجاڵەکانین، گەر هەزاران هونەریشمان هـەبێ بەکـەڵکی



هیچ نایەت، دەبێ بەردەوام سکمان هەڵگوشین.

ئەگەر بەرێکەوت لەگەڵ ئەو پیاوە هونەر دۆستەی لای خۆمان یەکمان نەدیایە، رەنگە تا ئێستا لەبەرسا بمردمایە.

ئاشنایی ئێمە بەمجۆرە بوو، من لەشانۆیەکی بچوکدا بەرنامەم دەست پێکرد، سەرت سوڕ نەمێنی!! ناوی هێن بوو "بەرنامەی هونەر" مۆسیقام لێ ئەدا، گۆرانیم ئەوت، بەجلو بەرگی ژنانەوە سەمام ئەکرد، بلیتم ئەفرۆشت، دیکۆرم رێك ئەخست، ئەگەر یەکێك لەشانۆکاران نەخۆش بوایە لەباتی ئەویش رۆڵم ئەبینی.

جارێك کە شانۆگەریەکەی شەکسپیر هاملێتمان پێشکەش ئەکرد، ئەوکەسەی رۆڵی هاملێتی ئەگێڕا نەخۆشکەوت، بڕیاردرا من رۆڵەکەی ئەو بگێڕم، بەڵام هیچکەس پێی نەوتم شانۆگەریەکە باسی چی ئەکات، لەوانەیە وتبێتیان من لەبیرم نەمابێ.

بەکورتی لەبەر ئەوەی نمایشی هەفتەی پێشومان شانۆگەری "نۆکاو فرۆش" بوو، من هەر لەبیری ئەو بەرنامەیەدا بووم.

کاتێ سەرەم هات جلو بەرگی نۆکاو فرۆشم لەبەر کرد، لەکاتێکدا بەدەم شەیپورم لێ ئەداو تەپڵم لێ ئەدا، چوومە ناو شانۆگەرییەکە.

بیربکەرەوە دەبوایە رۆڵی شازادەی دانیمارکم بگێڕایە، بەو



سەرو سەکوت‌و جل‌و بەرگەوە چومە ناو کۆشکی شاهانە.

دەنگی قاقای تەماشاکەران ناو هۆڵەکەی پڕکرد، ئەوکات تەماشای خۆم کردو تێکەیشتم، سەرەتا دەست‌و پێی خۆم ونکرد، نەمدەزانی ئەبێ چیبکەم، ئایا رۆڵی هەمان نۆکاو فرۆش ببینم؟ یان لەشانۆ بێمە دەرو بەرگی هاملیت بپۆشم‌و بێمەوە رۆڵەکە ببینم؟

دوو سێ خولەك بێدەنگ بووم، هەروا لەسەر تەختی شانۆ بەبێدەنگی وەستابووم، لەکۆتایدا بڕیارمدا بەهەمان جل‌و بەرگەوە رۆڵی هاملێت ببینم.

ئەو ژنەی لەبەرامبەرمدا رۆڵی ئەبینی، لەمن کەمتر نەبوو، هەرچەندە سی‌و پێنج ساڵ تەمەنی بوو، جل‌و بەرگی سوری پۆشیبوو، قژی کۆکردبوەوەو لەسەرەوە بەستبووی، زۆر جوان خۆی رازاندبوەوە، ژێرکراسە ڕەشەکەی بەئەندازەی دوو سێ سانت لەژێر کراسەکەیەوە دەرچوو بوو، کاتێ بەپێڵاوە بەرزەکانیەوە بەرێدا ئەڕۆشت دڵی مرۆڤی دا ئەچڵەکاند.

بەهەرحاڵ رۆڵی هاملێتم دەست پێکرد:

"تۆڵەی باوکم لەوانە ئەکەمەوە ئەو تاوانەیان ئەنجامدا، من شازادە هاملێتم ناهێڵم ئەوانەی دەستیان بەخوێنی باوکم سووره، ئاسودە بن‌و تاوانەکە پەردە پۆش بکرێت، پێویستە تاوانباران لەدەستی یاسا دەرباز نەبن"

بێـدەنگ بـووم تـا هەناسـەیەك هەڵکێـشم، لـەپڕ یـەکێ لەبینـەرەکان، کـە کەسـێکی قۆشمـە بـوو، تـوانجێکی ئـاودارای هاویشت، دەنگی قاقای تەماشـاکەران بـەرز بـوەوە، سـەیرمکرد ئەگەر زۆر بۆشـایی دروسـتکەم کارەکـە خـراپ دەردێـت، لەبـەر ئـەوەی چارەسـەری کێشەکە بکـەمو دەست بەسـەر هۆڵەکـەدا بگرم توندتر دەستم پێکرد:

"من تاوانباران بەدەستەکانی خۆم ئـەخنکێنم، بەنینۆکـەکانم پارچە پارچەیان ئەکەم."

دەنگـی هوهـای کەسـێکی دیکـە، لەناوەڕاسـتی هۆڵەکـەوە بەرزبوەوە، تەواوی هۆڵەکەی بەیەکدادا، بەشێویەك دەستەپاچە بووم، هەرچیم ئەزانی لەبیرم چوەوە.

ئەوەشم ئەزانی نابێ لەسەر شانۆ بێدەنگ بم، ڕێگە بـەئاژاوە چـییان بـدەم، لەبـەر ئـەوە تـەواوی توانـای خـۆم کـۆکردەوەو هاوارمکرد:

"لەدادگا سکاڵا تۆمار ئەکەم، داوای یارمەتی لەیاسـا ئەکـەم، لەپزیـشکی یاسـایی داوا ئەکـەم لەسـەر جەسـتەی بـاوکم کـاری یاسایی بکەن، هەتا ئەو تاوانە پیسە دەرخەن."

ئەمجارە دەنگی خاوەنی شانۆکەم بیست لەپـشتی پـەردەوە بانگی ئەکردم:

—بێمێشك ئەو شلتیو پلتیانـە چییە ئـەیلێ؟ وەرە دەرەوە،



بەڵام من لەسەر رۆڵەکەم بەردەوام بووم.

"خۆم تاوانباران ئەناسم، بکوژی باوکم مامەی خۆمە، ئەیدەم بەدەست پۆلیسەوە"

لەژێرەوە تەماشای "ئۆلفیا"م کرد، قورەبەسەرە حاڵی لەمن خراپتر بوو، لەبەرامبەرم وەستابوو پڕاو پڕ تەماشای ئەکردم.

بەرەو ڕووی ڕۆشتم بەشێوەیەکی عاشقانە چاوەکانم خومار کرد، بەدەنگێکی هێواش وتم:

-ئای ئۆلفیای ئازیز، لەم دونیا گەورەیەدا تەنها تۆ یارو یاوەرمی.

پاشان خۆم هاویشتە باوەشی، ئۆلفیا ئامادەی گرتنی من نەبوو، نەیتوانی قورسایی من راگرێ، وەکو دارێك دوو چاری رەشەبای بەهێز بووی، لەبێخ هەڵکنرام و لەسەر تەختی شانۆکە کەوتم.

دەنگی نارەزایی و پێکەنینی تەماشاکەران بەرز بوەوەو بەڕێوەبەریش فەرمانیدا پەردە دابدەنەوە.

بەتورەییەوە هاتە ژوورەوەو وتی:

-شێتە ئەوە چ گاڵتەجاڕییەکە ئەینوێنی؟ ئێرە شانۆیە یان مەیدانی کا فرۆشان هەرچیت پێ خۆشبێ بیلێی؟

پاشان دەستی گرتم بەزۆر لەشانۆکە کردمیە دەرەوەو وتی:

-برۆ بەدوای شێتی خۆتدا.



هەڵبەت دەرکردنم زۆر گرنگ نەبوو، چونکە بەخێرایی کارم بۆ ئەکردن، عەیبەکە لەوەدا بوو یەکەم هەر بەبەرگی نۆکاو فرۆشییەوە دەری کردم، نەیهێشت لانیکەم چاکەتو پانتۆڵەکەم لەبەرکەم، دووەمیش مزەی کاتێ لەسەر کاربێ ئەتوانێ لانیکەم پارە لەمو لەو بەقەرز وەربگرێ، بەڵام ئێستا ئیدی هیچکەس پارەم ناداتێ.

خەفەتبارو نارەحەت لەبەردەم شانۆکەدا وەستابووم، کاتێ ئەو برادەرە هونەر دۆستە هاتە پێش و وتی:

—ئەمەوێت سەبارەت بەمەسەلەیەکی گرنگ قسەت لەگەڵ بکەم.

بەبێ ئەوەی تەماشای بکەم وەڵامم داوە:

—ئێستا کاتم نییە رۆژێکی دیکە وەرەوە.

—من کارێکی زۆر گرنگم بەتۆ هەیە.

—کەواتە جگەرەیەکم بدەرێ با کەمێك بێمەوە سەرخۆ.

خێرا جگەرەیەکی خاریجی پێدام، پاشان ئۆتۆمبیلی ئاخر مۆدێلەکەی، کە لەو نزیکە راگرتبوو نیشان دامو وتی:

—وەرە برۆین لەشوێنێکی باش دانیشینو قسە بکەین.

منی برد بۆ شوێنی کارەکەی خۆی، هەرکە چوینە نوسینگەکەی وتی:

—مانگی چەندت بدەمێ ئامادەی لەگەڵ مندا کاربکەی؟

سەرەتا وامزانی ئەم پیاوە، تەماشاخانە یان چێشتخانەی هەیە، دەیەوێ من لەسەر تەختی شانۆ بەرنامەی هونەری پێشکەش بکەم!، لەبەر ئەوەی خۆم بەکەم نەگرم وەڵامم داوە:

-بڕیارم نەداوە شوێنی کارەکەم بگۆڕم، خاوەن کارەکەم مرۆڤێکی زۆر باشەو پارەشم پێ ئەدا.

زۆر بەتامەزرۆییەوە وتی:

-شەوی پەنجا لیرەت ئەدەمێ.

-هم. داچڵەکام، ئەو هەموو پارەیە، پارە چەند لای ئەم پیاوە بێ نرخە، بۆیە وتم:

-ئەوەش بزانە کارەکەی من لەوێ قورس نییە.

کابرا تاقەتی چەندو چونی نەبوو، خێرا پارەکەی زیادکردو وتی:

-بەکورتی من ئامادەم ڕۆژی سەد لیرەت بدەمێ.

سەرەتا باوەڕم نەکرد، بەڵام بۆ ئەوەی بەباشی تێبگەمو خۆم ون نەکەم وتم:

-یەکەم ئەبێ بزانم کارەکەت چییە، دووەم پێویستە بڕێکم وەکو پێشەکی بدەیتێ، تا دڵنیابم بەهەڵە کەڵکم لێ وەرناگری.

بەبێ کەمترین ناڕەزایی چەکێکی بیست هەزار لیرەیی بۆ نووسیمو وتی:

-کاری تۆ تەنها دۆزینەوەی مشتەرییە بۆ کاڵاکان.



مامەڵەکە زۆر خێراو بێ دەردەسەر جێ بەجێ کرا، بەیانی زوو بەهەمان بەرگی نۆکاو فرۆشییەوە لەبەردەم فرۆشگایەکی گەورەدا وەستام، بەشێوازی هونەریو جۆراو جۆر مشتەریم کۆ ئەکردەوە.

بینیت لەکۆتایدا هونەر لەوڵاتی خۆشمان کڕیاری هەیە.

# ئایا من ئەناسی

تەلەفۆن زەنگی لێدا، هەڵمگرت دەنگێکی تورە وتی:

-لەکوێ؟ هەفتەیەکە بەدواتا ئەگەڕێم.

دەنگی بەلامەوە ئاشنا بوو، بەڵام زۆر خۆمانە قسەی ئەکرد،

پرسیم:

-بەڕێزتان کێ بوو؟

-ئەکرەمم.

پێم عەیب و بپرسم کام "ئەکرەم" کەسێك بەوجۆرە

نسەبکات دیارە زۆر ناسراوە بۆیە وتم:

-سڵاو تۆ چۆنی حاڵت باشە؟

-خراپ نیم، زۆر حەزدەکەم بتبینم، ئەمڕۆ تەلەفۆنەکەتم

لەمەحمود وەرگرت.

بەگومانەوە پرسیم:

-کارێکت هەبوو؟

-بەڵێ زۆر بەپەلەیە، ئەبێ بتبینم.

-فەرموو گوێم لێتە.

-بەتەلەفۆن ناکرێ، ماڵت لەکوێیە؟ دێم بۆلات.

ماڵی منی بۆ چییە؟ دووبارە بەگوناوە پرسیم:

-داوای لێبوردن ئەکەم، بەجوانی نایەتەوە بیرم.

-سەیرە، چۆن من ناناسی؟ من ئەکرەمم.

-ئاخر کام ئەکرەم؟

-کاکە شەش ساڵ پێکەوە لەپۆلێکدا بوین.

دیسان نەمناسی، ئاخر بیستو پێنج بیستو شەش ساڵە من قوتابخانەم تەواو کردوە، چۆن ئەمتوانی هەموو ئەوانەی پێکەوە وانەمان خوێندوە بیناسمەوە؟ چارەم نەبوو پرسیم:

-راستەکەی، ئێستا بیرم هاتەوە، فەرموو هەرکارێکت هەیە بیلێی؟

-بەو جۆرە نابێ، پێویستە بێم بۆ لات.

ناونیشانی ماڵەوەم پێدا، پاش نیوەڕۆ هات، هەرکە لەدەرگا هاتە ژوورەوە لەئامێزی گرتم، تا ئەوکاتە ئەو جۆرە ماچانەم نەدیبوو، هەر وەك گامێش روخسارمی لێسابێتەوە، روومەتم خوسا، باڵای دوو مەتر ئەبوو، بەدژواری دەستم ئەگەیشتەوە بەکەمەریا، هەرچیمکردو قاچم بەرزکردەوە نەمتوانی ماچی بکەم، لەبەر ئەوە لێوەکانم لەهەوادا ئەجولاندو دەنگی ماچم لێ



دەر نەهێنان.

لەسەر کورسی بەرامبەر یەکتر دانیشتین، هەرچیم کرد نەمانەوە بیرم، واز لەوەش بێنە لەڕابردودا لەقوتابخانە کەسێکی وا درێژمان نەبووە.

کاتیٚ چاومان تێك گیرا وتی:

-وا گومان ئەبەم نەمناسی؟

بیرم کردەوە، ئەگەر بڵێم ناتناسم جوان نییە، مرۆڤ شەرمەزار ئەبیٚ، هاوڕێی سەردەمی قوتابخانەی نەناسێتەوە، بۆیە وتم:

-رێزت هەیە چۆنت ناتناسمەوە؟

پێکەنیو وتی:

-باشە پێم بڵێی ناوی من چی بوو؟

-ئەکرەم.

کام ئەکرەم؟

خودا چی بڵێم؟ ئەمە هەمان پرسیار بوو ئەبوایە من لەوم بکردایە. پێکەنیو وتی:

-من هەمان ئەکرەمە کولەکەم..

دیسان نەمناسی، بەڵام لەبەر ئەوەی هەست بەشتیٚ نەکات، دەنگم بەرزکردەوەو وتم:

-ئەها... ئێستا بیرم هاتەوە، بەڵیٚ، ئەکرەمە کولەکە.

-ئافــەرین، ئەگــەر نەتناســیمایەتەوە تفــێکم ئــەکردە روخسارتو ئەپۆشتم.

بۆ دڵنیا کردنەوەی وتم:

-باشت ئەناسم، هاوڕێی خەریکی چییت؟

ئاهێکی کێشاو وتی:

-چیرۆکەکەی مـن درێـژە، نـازانی چ بەدبەختیـەکم بەسـەر هاتوە، تەنها تۆ ئەتوانی هاوکاریم بکەی.

-چی بوە ئەکرەم گیان؟

-بیـستم تـۆ حاڵـت زۆر باشـە، بـەو هـەموو دۆسـتایەتیەوە پێویستە برایانە یارمەتیم بدەی.

منیش وەڵامم دایەوە:

-کارەکەت بڵێ، هەرچیم لەدەست بێت، بۆت ئەکەم.

-ئەزانی چەند سـاڵ لەمەبەر بـۆ تـەواوکردنی خوێنـدنی بـاڵا لەرشتەی کیمیا چووم بۆ ئەمریکا؟

گەرچی هیچم نەدەزانی بەڵام وتم:

-بەڵێ ئەکرەم گیان لەبیرمە.

-رەنگـە بیـستبێتو لـەوێ لەگـەڵ کـچێکی ئـەمریکی بومـە ئاشنا؟

-بەڵێ بیستومە.

-بـاوکی کـچەکە بەڕێوەبـەری میوانخانەیـەکی گەورەیـە،

کاروباری زۆر باشە. منیش سەرم جولاندو سوپاس بۆ خوام بۆ کرد، ئەکردەم درێژەی پێدا:

-هەواڵی ئەوەشت هەیە لەگەڵ کچەکەی هاوسەرگیریمان کرد؟

-بەڵێ ئەوەشم بیستوە.

ئەکرەم ماوەیەک بێدەنگ بوو، تەماشای چاوەکانی منی ئەکرد، لەپڕ پرسی:

-نەکا منت نەناسی بێ؟

-ناسیمیت هاوڕێ... بەخودا ئەتناسم.

-کەواتە بۆچی جوان سەیرم ناکەی؟

-بۆ هیچ، تەنها گوێم لەقسەکانت گرتوە.

-لەوانەیە بوبیتە مرۆڤێکی گەورەو پێت عەیب بێ هاوڕێی کۆنەکانت بناسی؟

-نە بەگیانی تۆ، سەرتا پام کردوە بەگوێ.

ئەکرەم دیسان بێدەنگ بوو، هەر وەک باوەڕی کردبێ کە ناسیومە، پاشان وتی:

-نازانم بیستوتە یان نا؟ دوو مانگ دوای هاوسەرگیری لەگەڵ کچەکە نەخۆشکەوتم.

-بەڵێ بیستم.

-درۆ ئەکەی؟

–بۆچی درۆ بکەم! بەخودا بیستم.

–ئەگەر بیستوتە پێم بڵێ نەخۆشیەکەم چی بوو؟

–وا بزانم ریخۆڵە کوێرەت بوو.

–ئەها هەڵەت کرد؟

–باشە خۆت بیڵێ، بزانەم نەخۆشیەکەت چی بوو؟

–نازانم هیچ پزیشکێ نەیدەتوانی بیدۆزێتەوە.

–کەواتە نەخۆشییەکی خراپت هەبوە؟

–زۆریش خراپ، مێشکمیان نەشتەرگەری کرد.

–ئاخ زۆر بەداخەوەم، ئەو هەواڵەم نەبیستوە.

–ئاخ هاورێ نایبیستی! ئەگەر لەو غوربەتە بیشمردمایە هەر نەت ئەبیست.

–سوپاس بۆ خوا، ئێستا باشی.

–خودا نەیکاتە بەشی دوژمنانیشت.

خەریکبوو لەبەر چەنەبازییەکانی بێتاقەت ئەبووم، ئەو هەمووە کاتی منی گرتبوو، هێشتا خەریکی پێشەکی بوو، نەگەیشتبوە مەبەستی سەرەکی.

بۆیە وتم:

–باشە مەبەستە سەرەکیەکە بڵێ هاورێی خۆشەویست.

–مەبەستی سەرەکی پەیوەندی بەو رووداوەوە هەیە.

–باشە بفەرموو.



-پاش نەشتەرگەری نەمتوانی بڕۆمە زانکۆ، باوکی ژنەکەم وتی: "خۆ هەمووان نابنە پزیشك و ئەندازیار، بڕۆ دەورەیەکی میوانخانە ببینە، تا بەتەواوی شێوازی کارکردن لەمیوانخانە فێر بی."

ئەکرەم زۆر بەگەرمی قسەی ئەکرد، منیش هێشتا خەریك بووم بیرم ئەکردەوە تا بیناسم.... لەپڕ قسەکانی بڕی و وتی:

-هەر ئەڵێی من ناناسیتەوە؟ ئەگەر منت ناسیوەتەوە بۆچی وەکو بزن هەر سەر با ئەدەی؟

-هەستم بۆت وروژاوە، بەجوانی گوێ بۆ قسەکانت ئەگرم.

-سوپاست ئەکەم وا بەوردی گوێت بۆ قسەکانم گرتوە، بەڵێ دەبوایە کارکردن لەمیوانخانە هەر "لەبەڕێوەبەرییەوە بگرە تا دەرگاوانی" فێر بم، لەبەر ئەوە بڕیاردرا لەهەر بەشێك بۆ ماوەی یازدە رۆژ کاربکەم، هێشتا هەفتەیەك نەرۆیشتبوو، سکاڵایان لێکردم، زانیم ئێرەیی ئەبەن، ئەترسن نانیان ببڕێت، چونکە لەسکاڵاکەدا نوسیبوویان:

"من تەواوی کارەکانی دەرگاوانی ئەزانم، ئەوان شتێکیان نییە بەمنی بڵێن، پلەیەك بەرز بومەوە، ئەمجارە منیان دانا لەیارمەتیدەری پێشخزمەت، لەم بەشەدا چواردە کەس کاریان ئەکرد، هیشتا سێ رۆژ نەڕۆیشتبوو، خزمەتچەیەکان سکاڵایان لێ کردم: "ئەگەر ئەم کەسە لێرە بێ، ئێمە واز لەکار دێنین؟

دیسان پلەم بەرزکرایەوەو، نێردرام بۆ بەشی گارسۆنەکان، دوای دوو رۆژ تەواوی گارسۆنەکان دەستیان لەکار کێشایەوە، وتیان:

"یا دەبێ ئەو لێرە بێ یان ئێمە"

ئەبینی ئێرەیی لەهەموو شوێنێك هەیە، چاوبرسیەکان لەهەموو جێگایەك ناتوانن ببینن یەکێك لەخۆیان باشترە.

هێشتا تێنەگەیشتبووم مەبەستی لەم پێشەکیە چییە، چاوەڕوانی بابەتی سەرەکی بووم.

ئەکرەم وازی لەقسەکردن هێناو تەماشای چاوەکانی منی کردو وتی:

—بەڕاستی منت ناسی یان نا؟

—بەخودا تۆم ناسییەوە ئەکرەم گیان.

—کەواتە بۆچی ئەوەندە بەسەر سوڕمانەوە تەماشام ئەکەیت؟

—بەوردی گوێم داوەتە قسەکانت.

—بەڵێ..... پاشان کارمەندی پێشوازی لەمیوانەکان، تا گەیشتمە جێگری بەڕێوەبەری میوانخانە، هەر ئەو رۆژە جێگری بەڕێوەبەر وتی:" یان ئەو یان من؟" بەڕێوەبەری میوانخانە بانگی کردمو وتی:

—سوپاسی ماندوبونەکانت ئەکەین، تۆ ئێستا بویتە پسپۆڕ



نەتوانیت میوانخانەیەك بەڕێوە ببەیت.

حەزەم نەدەکرد بەو زووییە دەست لەکار هەلگرم، وەلامم داوە:

-مۆڵەت بدەن ماوەیەکی دیکەش لێرە بم.

-نا هەر ئەوەندە بەسە، تۆ خزمەتێکی گەورت بەئێمە پێشکەش کرد، بەهاتنی تۆ ئێمە نرخو بەهای کارمەندەکانی پێشترمان بۆ دەرکەوت.

گەوجیم کردو وتم: "باشە ئەڕۆم" ئەگەر پێداگریم بکردایە بەڕێوەبەر پارەیەکی باشی پێ ئەدام.

خەزورم لەماوەی سێ چوار رۆژدا گوزەرنامەو پێداویستی سەفەری بۆ رێکخستم وتی:

-برۆ بۆ ئەستەنبوڵ شوێنێکی باش بدۆزەرەوە، هەتا منیش بێمو لەوێ سەرمایەگوزاری بکەم.

-ئێستا چوارساڵە من لێرە سەرگەردانم، بۆ لای هەرکەس رۆشتمو پاڕامەوە، سەردانی هەر جێگایەکم کرد، هەموان بەجولاندنەوەی سەر وەلامی نەخێریان دامەوە، هەرچەندە ولاتی ئێمە پێویستی زۆری بەمیوانخانەی گەشتیارییە، بەلام نەمتوانیوە مۆڵەتی کردنەوەی میوانخانە وەرگرم.

چەند رۆژ لەمەوبەر صادقم بینی پرسیارم لێکرد ئەویش منی نارده لای تۆ...

ئەو پێی وتم واز لەمیوانخانە بێنم، هەر ئەوەی کە زمانی ئینگلیزی باش ئەزانم تۆ ئەتوانی لەوەزارەتخانەیەك کارێکی باشم بۆ پەیدا بکەی.

پرسیم:

–کام صادق؟

–ئەوەی لەقوتابخانەی "گالاداستەرا" پێکەوە بووین.

–من هەر گیز لەقوتابخانەی "گالاداستەرا" نەبوم.

جگە لەوەش دوای ئەو قسانە چی روویدا، هەر ئەوکاتە ئەگەر دراوسێکان رزگاریان نەکردمایە ئێستا زیندو نەبووم، کاتێ ئەکرەم لەماڵ ئەچوە دەر وتی:

–وادەزانی ئەتوانی کڵاو بنێیتە سەرم، زانیم منت نەناسیوەو درۆ ئەکەی... خەجاڵەت نابی ئەچیتە نێو ژیانی تایبەتی کەسانی ترەوە؟

کۆتایی



# پێڕست


ئەکسی پێنج قروشی ------------------------------- ٧

زاوای... ماڵی ------------------------------- ٢١

ئەمە هی کێیە؟ ------------------------------- ٣٣

قڕپی ------------------------------- ٤٣

نەخۆشی ساری ------------------------------- ٥٣

خوێندنی شارستانی ------------------------------- ٦٥

مرۆڤی واقیع بین ------------------------------- ٧٧

ئەی وەتەن ------------------------------- ٨١

خەڵکی عەقڵیان لەچاویاندایە !!! ------------------------------- ٩٧

جەژن لەماڵی خۆت ------------------------------- ١٠٧

کڕیاری هونەر ------------------------------- ١٢١

ئایا من ئەناسی ------------------------------- ١٣١

# aziz nesin

کاتێ هاوڕێی کۆنەکانی باوکم ئەوانەی لەقوتابخان پێکەوە بوون، کۆ دەبونەوە هەمووان باسی بیرەوەریەکانی خۆیان ئەکردو قسەو باسیان دەربارەی رۆژانی قوتابخانەیان بوو.

شەوێك دوای نانخواردنی ئێوارە، دیسان هاتن بۆ ماڵی ئێمە، بابەگەورەیشم لەماڵی ئێمە بوو. باوکی "نورتن" کە پیاوێکی قەڵەو کەچەڵ بوو وتی:

-ئەرێ لەبیرتانە، وەرەقەی قۆپیەکەیان بەدەرزی نابوو بەپشتی "سەبریە کەچەڵ"ەوە؟

یەکێ پرسی: -سەبریە کەچەڵ کێ بوو؟

-لەقوتابخانەکەمان وانەی جەبری ئەوتەوە، خوا لێی خۆشبێ لەو مامۆستا توندرەوانە بوو، لەترسی ئەو کەس زاتی ئەوەی نەبوو لەکاتی تاقیکردنەوە بجوڵێتەوە، هەمیشە ئەیوت:

-هەرکەس قۆپی بکات باوکی دێنمە بەرچاوی.

کاتێ پرسیاری تاقیکردنەوەی دابەش ئەکرد، تا ناوەڕاستی ژوورەکە ئەهات، چوارچاوی تەماشای قوتابیەکانی ئەکرد.

باوکم کە تازە بەبیری هاتبوە بەدەنگی بەرز پێکەنی و وتی:

-ها...ها...ها... ئێستە بیرم کەوتەوە "نەجدەت خەڵوزی" کە ئێستا سەفیرە بەدەرزی وەرەقەی وەڵامەکانی بەپشتیەوە نوسادبوو.



نرخی سێ هەزار دینارە


خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی
چوارچرا
chapxanai chwarchra

ناونیشان: سلێمانی سەرەتای شەقامی مەولەوی- فەرعی سەعید تەها کۆیی
07701575060-07501128388